ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری‌و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فته‌نه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا

● پیاوه ئاینی‌یه‌ به‌ڕێزه‌کانی وڵات ڕژێمی گومڕاکانی ئێران ڕسوا ده‌که‌ن ل٢ .

پێنج شه‌ممه ١٩٨٥/٦/٢٧ ژماره ٧٩٥ | ١٢ لاپه‌ڕه | به ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٥/٦/٢٧ العدد ٧٩٥

به‌ڕێز سه‌رۆك صدام حسین پێشوازی بالوێزی سوفیه‌ت ده‌كا

پێری ئێواره به‌ڕێز سه‌رۆك صدام حسین پێشوازی به‌ڕێز فیكتۆرمنین بالوێزی‌یه‌كێتی سۆفیه‌تی له به‌غداد كرد .

له‌م چاوپێكه‌وتنه‌دا به‌ڕێز طارق عزیز جێگری سه‌رۆك وه‌زیران وه‌زیری ده‌ره‌وه‌و سكرتێری سه‌رۆك كۆمار ئاماده‌بوون .

ده‌ست وه‌شاندنی به‌رده‌وام له بنكه‌و مولگاكانی دوژمنی گومڕا

له پێناوی سه‌ربه‌رزی عیراق‌و پاراستنی ئیستایی‌و زامن‌كردنی ئاسایش‌و پاشه‌ڕۆژی ڕۆله‌كانی، جه‌نگاوه‌ره دلێره‌كانی سوپای ئازامان به‌رده‌وامن له ده‌ست وه‌شاندنی باله‌وانانه دژی هێزه‌كانی ده‌سته گومڕاكه‌ی تاران .

به پێی به‌یاننامه‌كانی سه‌ركرداید‌ه‌تی گشتی هێزه چه‌كداره‌كان له ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا فرۆكه هیلیوكۆپته‌ره‌كانمان به‌تایبه‌تی له به‌ره‌كانی ناوه‌راست‌و ڕۆژهه‌ڵاتی دیجله مه‌ردانه دروێنه‌ی بنكه‌و مولگاكانی دوژمنیان كردوه‌و زیانی سه‌رو ماڵی زۆری لێداون .

بنكه توپه‌كانمان به‌رده‌وام بوون له توپ باران كردنی بنكه‌و سه‌نگه‌ره‌كانی دوژمن‌و له زۆر شوێندا چه‌ندان سه‌نگه‌ریان به‌سه‌ر هێزه گومڕاكانداروخانده‌وه‌و ترس‌و له‌زریان خستۆته ناویان .

له‌م هه‌فته‌یه‌دا له چه‌ند قۆلێكه‌وه هه‌ندێ ده‌وریه‌ی گومڕاكان نیازی هاتنه پێشه‌وه‌یان هه‌بوو ، به‌ڵام جه‌نگاوه‌ره نه‌به‌زه‌كانمان هه‌موو جار مه‌ردانه لێیان هاتوونه‌ته ده‌ست‌و راویان ناون دوای ئه‌وه‌ی چه‌ندانیان لێ كوشتون .

له‌م هه‌فته‌یه‌شدا دیارده‌ی راكردنی سه‌ربازه‌كانی ڕژێمی گومڕای ئێران به‌رده‌وام بووه‌و ژماره‌یه‌كیان په‌نایان هێناوه‌ته به‌ر هێزه‌كانی ئێمه‌و خۆیان له دۆزه‌خی خومه‌ینی جادووگه‌ر ڕزگار كردوه .

په‌ره‌سه‌ندنی ناكۆكی‌و زۆرانبازی نێوان داروده‌سته‌ی ڕژێمی گومڕاكان له ئێران

گۆڤاری « داناس »ی یۆگسلافی دووپاتی كرده‌وه كه تا دێ ناكۆكی‌و زۆرانبازی نێوان دارو ده‌سته‌كه‌ی ڕژێمی گومڕاكاندا له ئێران په‌ره ده‌ستێنێ‌و له‌ئه‌ڵ نزیك بوونه‌وه‌ی ته‌واو بوونی ماوه‌ی سه‌ره‌كایه‌تی خامنئی زیاتر ده‌كه‌وێته ڕوو .

ئه‌م گۆڤاره له باسێكدا ده‌ربا‌ره‌ی بارو دۆخی ناوه‌وه‌ی ئێران ڕوونی كردۆته‌وه كه خومه‌ینی خۆی له‌م دوایه‌دا باسی كه‌ڕت بوونی ناو ڕژێمه كه‌یی كرده‌وه‌و ده‌ستی بۆ دیارده‌ی ناكۆكی‌و زۆرانبازی نێوان ئاخونده حوكمڕاكانی ئێران ڕاكێشاوه .

هه‌روه‌ها ده‌ڵێ : ڕه‌فسنجانیش باسی ئه‌مه‌ی كرده‌و دانی به‌وه داناوه كه گیانی داروخان‌و ترس له ناو حوكمڕاكانی ئێراندا بڵاوه ، میر حسین موسه‌وی ئه‌ویش باسی مه‌ترسی زیادبوونی چالاكی موجاهیدی خه‌ڵك‌و بزوتنه‌وه‌ی سه‌ربه‌ستی خوازی ئێرانی به سه‌ره‌كایه‌تی مهدی بازرگان كرده‌وه .

گۆڤاری « داناس » ده‌ڵێ : گه‌وره‌ترین ناكۆكی كه ئێستا له ناو سه‌ركرده‌كانی ئێراندا هه‌یه به هوی جیاوازی بیرو ڕاوه‌یه له ناو ئه‌و ئاخونده نه‌فامانه‌دا كه كاروباری ئێرانیان گرتۆته ده‌ست‌و ئه‌م ناكۆكیانه‌ش وای كرده كێشه‌كانی ئابوری‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و نه‌بوونی پێداویسته‌كانی ژیان بێ چاره‌سه‌ركردن بمێننه‌وه سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی تا دێ ڕوو له زیادبوونن‌و تا دێ گیانی قین‌بوونه‌وه له حوكمڕاكانی ئێران له ناو خه‌ڵكدا په‌ره ده‌ستێنێ .

له لایه‌كی تره‌وه سه‌رچاوه ئاگاداره‌كان له تارانه‌وه ڕایان گه‌یاند كه زۆرانبازی‌و ناكۆكیه‌كی نهێنی هه‌بوو له نێوان خامنئی‌و ڕه‌فسنجانی‌دا ئێستا په‌رده‌ی له ڕوو دراوه‌و كه‌وتۆته ڕوو بۆته قسه‌و باسی خه‌ڵكی ئاسایی ئێران‌و به‌یه‌كدا هه‌ڵپژانی چه‌كداری له نێوان پشتیوانه‌كانی هه‌ردوو لایاندا ڕووی داوه‌و له‌م دوایه‌دا ده‌سته‌كه‌ی ڕه‌فسنجانی ژماره‌یه‌كی له تاقمه‌كه‌ی خامنئی كوشتوه .

□ منتظری هێرش ده‌باته سه‌ر حكومه‌تی مووسه‌وی

□ گلپایگانی ! هه‌موو ڕژێمه‌كه بۆگه‌نه

تاران : گوێگرتنی تایبه‌تی : له‌كۆڕی ئه‌و ململانێیه‌ی كه له‌نێوان سه‌رانی ده‌سته گومڕاكه‌ی ئێراندا په‌ره‌ی سه‌ندووه‌و له‌ئه‌ڵ نزیكبوونه‌وه‌ی كاته‌جاڕی هه‌ڵبژاردندا زیاده‌كا ، منتظری هێرشێكی توندی برده سه‌ر حكومه‌تی میر مووسه‌وی‌و ده‌زگاكانی ده‌وڵه‌تی به بۆگه‌ن‌و ڕۆتینی دایه قه‌ڵه‌م . منتظری دای به‌وه‌دانا كه زۆربه‌ی كاربه‌ده‌ستان نوقمی زه‌ڵكاوی هه‌ڵه‌ن .

له‌لایه‌كی تریشه‌وه ئه‌و هه‌واڵانه له‌ئێرانه‌وه گه‌یشتوونه‌ته ده‌ره‌وه وا ده‌گه‌یه‌نن كه پیاوی به‌ناوبانگی ئاینیی گولپایگانی كه نیشته‌جێی قوم‌ه ڕازی له‌بوو پێشوازی خامنه‌ئی بكا كه هاتبوو بۆلای بۆ داوای پشتگرتنی بۆ هه‌ڵبژاردنه‌وه‌ی

گولپایگانی وتی ڕژێمه‌كه هه‌مووی بۆگه‌نه هه‌رچه‌نده ده‌م‌و چاوه‌كانی بگۆڕێ .

جه‌رده‌یی‌یه‌كه‌ی ئێران به‌رامبه‌ر به‌كه‌شتی‌یه‌كوه‌یتی‌یه‌كه به‌رده‌وامه .

كوه‌یت : له‌كوه‌یتدا بڵاوكرایه‌وه كه كه‌شتی‌یه‌ بازرگانی‌یه كوه‌یتی‌یه‌كه كه ناوی (المحرق)ه هێشتا هه‌ر ده‌ست به‌سه‌ره له‌یه‌كێ له به‌نده‌ره‌كانی ئێرانا .

ئه‌و به‌یاننامه‌یه‌ی كه كۆمپانیا خاوه‌ن كه‌شتی‌یه‌كه بڵاوی كرده‌وه وتی چه‌ند به‌له‌مێكی جه‌نگی‌ی ئێرانی ئێواره‌ی پێنج شه‌ممه‌ی ڕابوردوو له‌دووری ٤٠ كیلۆمه‌تره‌وه له ته‌نگه‌ی هورمز واته له ناوی نێو ده‌وڵه‌تانا ئه‌م كه‌شتی‌یه‌یان ناچار كرد ڕێی خۆی بگۆڕێ له‌و كاته‌دا كه له ئه‌وروپا ده‌كه‌ڕایه‌وه .

ئه‌م كه‌شتی‌یه بڕیاروابوو باره‌كه‌ی له‌به‌نده‌ره‌كانی دبی‌و ابوظبی‌و دوحه‌و دمام‌و كوه‌یتدا خاڵی بكاو باره‌كه‌ی ده هه‌زارو پێنجه‌د ته‌ن شت‌ومه‌ك بوو .

له‌ناوبردنی شۆڕشی فه‌له‌ستین گه‌وره‌ترین ئامانجی حافظ ئه‌سه‌ده

پاریس : به‌رهه‌ڵستكاراني‌نیشته‌ماني‌ی سووریا له‌پاریس‌نو به‌یاننامه‌یه‌یان بڵاوكرده‌وه به‌سه‌ر ڕۆشنبیرو ڕۆژنامه‌نووس‌و مه‌نبه‌نده سیاسی‌یه‌عه‌ره‌بی‌و فه‌ره‌نسایی‌یه‌كانا كه ماموستا اكرم الحورانی‌له‌باره‌ی شه‌ڕی خێوه‌نگاكان‌و هه‌ڵوێستی ڕژێمه عه‌ره‌بی‌یه‌كانه‌وه ده‌ری‌كردبوو .

له به‌یاننامه‌كه‌دا ئه‌وه نووسراوبو : ئه‌و لایانه‌ی كه نه‌خشه‌كه‌یان داناوه‌و جێبه‌جێی ده‌كه‌ن لای هه‌موو كه‌سێ ئاشكران‌و له‌جیاتی ئه‌وه‌ی هه‌موو شتێ ده‌سنیشان بكرێ سه‌یر ده‌كه‌ین هۆیه‌كانی ڕاگه‌یاندن هه‌وڵی ئه‌وه ده‌ده‌ن كه ڕای گشتی‌ی عه‌ره‌بی سه‌رگه‌ردان كه‌ن‌و ئه‌و هه‌وڵانه واپیشان ده‌ده‌ن كه حافظ ئه‌سه‌د ده‌یان‌دا بۆ له‌ناوبردنی كه‌ڵی فه‌له‌ستینی وه‌ك ناكۆكی‌یه‌ك بێ له‌نێو موسوڵمانانی لوبناندا ، كه‌چی هیچ كه‌سێ نیه نه‌زانێ كه نیه‌ بڕێ سه‌ره‌كی ئه‌مه‌ل له ئه‌مه‌ریكاوه به‌جنیه‌ی ئه‌مه‌ریكی‌یه‌وه هاتووه بۆ ئه‌وه‌ی ببێ به سه‌ره‌كی ئه‌م ڕێكخراوه‌یه بێ ئه‌وه‌ی هیچ ڕابوردوویه‌كی هه‌بێ له تێكۆشان‌و سیاسه‌تداو ڕای گشتی له‌لوبنان ئه‌م قه‌ساخانه‌یه به‌لادان دادێنێ له‌سه‌ر هه‌موو بیروباوه‌ڕی ئیسلام‌و زیانێكی گه‌وره ده‌گه‌یه‌نێ به یه‌كێتی‌ی نیشتمانی‌و خزمه‌تێكه پیشكه‌ش ده‌كرێ به زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزم .

له‌وتنه خواره‌وه‌ی فرۆكه‌یه‌كی هیندی‌و مردنی ٣٢٥ كه‌س

بڕێ به‌یانی فرۆكه‌یه‌كی بۆئینگ ٧٤٧ی كۆمپانیای فرۆكه‌وانی هیندستان [ئایراندیا] كه‌وتۆته ئۆقیانووسی ئه‌تله‌سی‌یه‌وه ٣٢٥ كه‌سی تیابووه هه‌موویان مردن .

ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین كاره‌ساتی ڕێگای ئاسمانی‌یه له‌م چه‌رخه‌دا ڕووی داوه . فرۆكه‌كه له گه‌شتێكدا بوو له نێوان مونتریال‌و بۆمبای‌دا ، كاربه‌ده‌ستانی ڕۆژئاوا‌ی ئێرله‌نده ڕایان‌گه‌یاند كه فرۆكه‌كه له دووری نه‌وه‌د میل په‌یوه‌ندی به مه‌له‌ندی چاودێری‌یه‌وه ڕاوه . ئه‌مه‌و دوای قه‌وماني كاره‌ساته‌كه چه‌ند باپۆڕێك گه‌یشتونه‌ته شوێنی ڕووداوه‌كه بۆ ده‌رهێنانه‌وه‌ی ئه‌و لاشانه‌ی سه‌ر ئاو كه‌وتبوون . له لایه‌كی تره‌وه ڕاجیف گاندی سه‌رۆك وه‌زیرانی هیندستان لێژنه‌یه‌كی باڵای پێك‌هێناوه بۆ لێكۆڵینه‌وه له‌ئه‌نجامی ئه‌م ڕووداوه .

ئه‌وه‌بوو حكومه‌تی هیندستان ڕای‌گه‌یاند كه له‌و باوه‌ڕه‌دایه كه فرۆكه‌كه به هۆی ڕووداني ته‌قینه‌وه‌یه‌ك له ناویدا كه‌وتوه‌ته خواره‌وه .

له‌ لایه‌ن به‌یاننامه‌یه‌كی به‌رهه‌ڵستكارانی سووریاداله‌پاریس :

له‌ناوبردنی شۆڕشی فه‌له‌ستین گه‌وره‌ترین ئامانجی حافظ ئه‌سه‌ده

پاریس : به‌رهه‌ڵستكارانی‌نیشته‌ماني‌ی سووریا له‌پاریس‌نو به‌یاننامه‌یه‌یان بڵاوكرده‌وه به‌سه‌ر ڕۆشنبیرو ڕۆژنامه‌نووس‌و مه‌نبه‌نده سیاسی‌یه‌عه‌ره‌بی‌و فه‌ره‌نسایی‌یه‌كانا كه ماموستا اكرم الحورانی‌له‌باره‌ی شه‌ڕی خێوه‌نگاكان‌و هه‌ڵوێستی ڕژێمه عه‌ره‌بی‌یه‌كانه‌وه ده‌ری‌كردبوو .

له به‌یاننامه‌كه‌دا ئه‌وه نووسراوبو : ئه‌و لایانه‌ی كه نه‌خشه‌كه‌یان داناوه‌و جێبه‌جێی ده‌كه‌ن لای هه‌موو كه‌سێ ئاشكران‌و له‌جیاتی ئه‌وه‌ی هه‌موو شتێ ده‌سنیشان بكرێ سه‌یر ده‌كه‌ین هۆیه‌كانی ڕاگه‌یاندن هه‌وڵی ئه‌وه ده‌ده‌ن كه ڕای گشتی‌ی عه‌ره‌بی سه‌رگه‌ردان كه‌ن‌و ئه‌و هه‌وڵانه واپیشان ده‌ده‌ن كه حافظ ئه‌سه‌د ده‌یان‌دا بۆ له‌ناوبردنی كه‌ڵی فه‌له‌ستینی وه‌ك ناكۆكی‌یه‌ك بێ له‌نێو موسوڵمانانی لوبناندا ، كه‌چی هیچ كه‌سێ نیه نه‌زانێ كه نیه‌ بڕێ سه‌ره‌كی ئه‌مه‌ل له ئه‌مه‌ریكاوه به‌جنیه‌ی ئه‌مه‌ریكی‌یه‌وه هاتووه بۆ ئه‌وه‌ی ببێ به سه‌ره‌كی ئه‌م ڕێكخراوه‌یه بێ ئه‌وه‌ی هیچ ڕابوردوویه‌كی هه‌بێ له تێكۆشان‌و سیاسه‌تداو ڕای گشتی له‌لوبنان ئه‌م قه‌ساخانه‌یه به‌لادان دادێنێ له‌سه‌ر هه‌موو بیروباوه‌ڕی ئیسلام‌و زیانێكی گه‌وره ده‌گه‌یه‌نێ به یه‌كێتی‌ی نیشتمانی‌و خزمه‌تێكه پیشكه‌ش ده‌كرێ به زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزم .

له ڕۆژنامه عه‌ره‌بی‌یه‌كاندا :

تاوانباركردنی ڕێككه‌وتنه‌كه‌ی لیبیاو ئێران

ڕۆژنامه عه‌ره‌بی‌یه‌كان هێرشیان بردۆته سه‌ر ڕێككه‌وتنه گومانلێكراوه‌كه‌ی نێوان هه‌ردوو ڕژێمی لیبیاو ئێران چونكه ڕژێمی گومڕاكانی ئێران هێشتا به‌رده‌وامه له دوژمنایه‌تی كردنیدا دژی عیراق‌و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب .

ڕۆژنامه‌كان ئه‌وه‌یان دووپاتكردۆته‌وه كه ئه‌م ڕێككه‌وتنه گومانلێكراوه زیانی گه‌وره به مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ده‌گه‌یه‌نێت‌و ناكۆكه له‌گه‌ڵ به‌های ره‌سه‌نایه‌تی .

ڕۆژنامه‌ی «الرای» ئه‌رده‌نی ده‌ڵێ : هه‌ر چه‌نده ڕێككه‌وتنه‌كه به‌لامانه‌وه سه‌یر نه‌بوو چونكه ئه‌و دوو ڕژێمه وه‌ك یه‌كن‌و وه‌ك یه‌ك دوژمنایه‌تی به‌رامبه‌ر خواستی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ده‌كه‌ن‌و ڕێكه‌وتنی‌و له‌كاتی خۆ ئاماده‌كردندا بۆ به‌ستنی كونگره‌ی به‌رزی عه‌ره‌بی له‌خۆیدا پیلانه دژی هه‌نگاوی هاوكاری عه‌ره‌بی .

هه‌ر له‌وێ ڕۆژنامه‌ی «صوت الشعب» نووسیویه‌تی ده‌ڵێ : ڕێككه‌وتن له‌گه‌ڵ ڕژێمی ئێراندا ئاڵه‌م كاته‌دا كه ئه‌و دوژمنایه‌تی ڕێبازی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ده‌كا بێشك به‌شداربوونه له‌و دوژمنایه‌تیه‌دا .

ڕۆژنامه‌ی «الجمهوریه‌ی قاهیره‌یش ده‌ڵی ئه‌م هه‌نگاوه‌ی ڕژێمی لیبیا دیارترین به‌ڵگه‌ی گومانلێكراوی‌و ناره‌سه‌نی ئه‌و ڕژێمه ده‌ر ده‌خات .

ده‌یلی ته‌له‌گراف . .

نبیه بری هاوولاتی‌یه‌كی ئه‌مه‌ریكایی‌یه

له‌ندەن : ئادع : ڕۆژنامه‌ی‌ده‌یلی ته‌له‌گرافی له‌ندەنی بڵاوی كرده‌وه كه‌وا سه‌ره‌كی‌بزووتنه‌وه به‌كرێگیراوه‌كه‌ی ئه‌مل كه به‌ده‌سته‌ی خومه‌ینی‌له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێ هاوولاتی‌یه‌كی ئه‌مه‌ریكایی‌یه چونكه هێشتا بیچگه له جنسیه لوبنانی‌یه‌كه‌ی جنسیه‌ی ئه‌مه‌ریكیشی‌هه‌یه .

ئه‌م ڕۆژنامه‌یه وتی له‌باره‌ی قانوونیشه‌وه نبیه بری به خه‌ڵكی وڵاته یه‌كگرتووه‌كان داده‌نرێ‌و خانوویه‌كی له دیربورن هه‌یه له ویلایه‌تی میشیگن‌داو ژنه‌كه‌ی له ئه‌مه‌ریكا له‌دایك بووه‌و تائیسته هه‌رشه‌ش منا‌له‌كه‌ی له ئه‌مه‌ریكان .

ڕۆژنامه‌ی ده‌یلی ته‌له‌گراف ئه‌وه‌یش ڕوون كرده‌وه كه ئه‌و (كارته سه‌وزه)ی كه نبیه بری له دائیره‌ی كۆچه‌وه وه‌ری گرتووه مافی ئه‌وه‌ی ده‌داتێ كه هه‌ر كاتێ بیه‌وێ بتوانێ بگه‌ڕێته‌وه بۆ وڵاته یه‌كگرتووه‌كان له‌كۆتاییدا ڕۆژنامه‌كه ئه‌وه‌یشی ئاشكرا كرد كه نبیه بری كوڕی كه‌وره‌ی پیاوێكه كه له سیرالیۆن له‌دایك بووه‌و له‌فری تاوندا ژیاوه‌و له‌پاشا خێزانه‌كه‌ی كۆچی كردووه بۆ شاوڵكه‌ی تینین له خواروی لوبناندا .

به‌كورتی

فه‌له‌ستین :

كرێكارانی باله‌وته‌ی نه‌وت له حه‌یفاو ئاشدۆد له فه‌له‌ستینی زه‌وتكراو مانیان له كارگرتوه‌و داوای زیادكردنی كرێ‌و چاككردنی باری ژیانیان ده‌كه‌ن .

ڕۆما :

چین‌و فاتیكان ڕێكه‌وتنی هاوكاری‌یان له‌نێوانیدا مورگردوه بۆ ماوه‌ی ده ساڵ له ڕووی لێكۆڵینه‌وه‌ی گه‌ردوونیه‌وه .

قاهیره :

وه‌زیری نه‌خشه‌ی میسر به‌سه‌ردانێكی ره‌سمی چووه بۆ ڕۆمانیا بۆ باسكردنی هاوكاری نێوان هه‌ردوو وڵاتیان .

تایف :

وه‌زیری پیشه‌سازی سعودی‌یه به سه‌ردانێكی ره‌سمی ده‌چێ بۆ فه‌ره‌نسا بۆ ماوه‌ی چوار ڕۆژو سه‌بارەت ڕێكخستنی هاوكاری بازرگانی‌و پیشه‌سازی نێوان هه‌ردوولایان گفتوگو ده‌كا .

تایوان :

له ئه‌نجامی به‌رپابوونی گه‌رده‌لولیكی به‌هێزدا له خواروی تایوان شه‌ش كه‌س مردوون‌و ژماره‌یه‌كی تریش بێ سه‌روو شوێنن سه‌ره‌ڕای زیان دانی تری ماددی له ناوچه‌كه .

ڕۆما :

پێشه‌واكانی حزبی دیموكراتی مه‌سیحی له ئیتالیا سه‌رۆك وه‌زیرانی پێشوو فرانشیسكو گوسیكای دیاری كرده پاڵیوراوی‌یێ بۆ سه‌ره‌كایه‌تی كۆمار .

نامه‌یه‌ك له سه‌ره‌كی ده‌سته‌ی ئه‌مه‌له‌وه بۆ قه‌واره‌ی زایۆنی

بێروت : ئاژانسه‌كان . له وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی سویسراوه زانراوه كه وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی سویسرا پیێر ئۆبێر نامه‌یه‌كی له سه‌ره‌كی ده‌سته‌ی به‌كری گیراوی ئه‌مه‌له‌وه پێگه‌یبوه‌و گه‌یاندوویه‌تی به باڵیۆزی قه‌واره‌ی زایۆنی له سویسرا .

هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی ڕۆژنامه‌گه‌ری‌یش وایان ڕاگه‌یاند كه ڕه‌نگه تاقمه‌كه‌ی ئه‌مه‌ل‌و وڵاته یه‌كگرتووه‌كان بگه‌نه ڕێكه‌وتنێك له‌باره‌ی مه‌سه‌له‌ی گیراوه بارمته‌كانه‌وه .

ئه‌م هه‌واڵانه ئه‌وه‌یان ئاشكراكردووه كه پرۆژه‌ی ڕێكه‌وتنه‌كه نێرراوه بۆ واشه‌نتۆن‌و له‌چوار نوخته پێكهاتووه وه‌ك به‌ردانی بارمته‌كانی فرۆكه فرێنراوه‌كه به‌رامبه‌ر به گفت‌و گۆكردن له‌نێوان بزووتنه‌وه‌ی به‌كرێ‌گیراوی ئه‌مه‌ل‌و قه‌واره‌ی زایۆنیدا به‌و مه‌رجه‌ی لیژنه‌ی جیهانی‌و خاچی سوور ئه‌م ئه‌ركه بگرێته ئه‌ستۆی . به‌ڵام باڵیۆزخانه‌ی ئه‌مه‌ریكا له بێروت هیچ قسه‌یه‌كی له‌م باره‌یه‌وه نه‌كرد .

Institut kurde de Paris

لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە

یاسایەك بۆ سەنەدی پشگرتنی قادسیەی صدام

لەبەر ئەوەی کە سەنەدەکانی پشتگرتنی قادسیەی صدام لەبازاڕدا نەماونو داوایەکی زۆر هەیە بۆ کڕینیان لەلایەن هاوولاتیانەوە ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای سەنەداتی پشتگرتنی قادسیەی صدام ژمارە « ٤٢ » ی ساڵی ١٩٨٥ی داناو ئەمە دەقەکەیەتی :

بڕیاری ژمارە ٦١٥

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

پاش ئەوەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری لەسەرداوەو بەپێی ئەوەی کە لە بڕگەی (أ)ی مادەی چلودووی دەستوردا هاتووە ..

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢\٥\١٩٨٥دا بڕیاری دەرکردنی ئەم قانوونەی خوارەوەی دا : ـ

ژمارە (٤٢)ی ساڵی ١٩٨٥

یاسای سەنەداتی (پشتگرتنی قادسیەی صدام) .

مادەی یەك : وەزیری دارایی مافی ئەوەی هەیە لەساڵی ١٩٨٥دا بایی (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار سەنەدات دەرکا بەناوی سەنەداتی پشتگرتنی قادسیەی صدامەوە بۆ هەڵگرەکەی .

مادەی دوو : یەکەم ـ ئەم سەنەداتە بەنرخی (٥٠) دیناری و (١٠٠) دیناری دەردەکرێن .

دووهەم : ماوەی ئەم سەنەدانە (١٠) دە ساڵ دەبێو بە سوودی (٥ر١٠٪) لە ساڵێکا .

مادەی سێ : وەزیری دارایی مافی ئەوەی هەیە سەنەدەکان بسڕێتەوە پێش کاتی خۆی بەجاری یا بە چەند جار بە بەیاننامەیە کە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودکرێتەوە پێش سێ مانگ لە ڕۆژی سڕینەوە .

مادەی چوار : بانکی ناوەندی نرخی فرۆشتنو کڕینی ئەو سەنەدانە بڵاو دەکاتەوە کە بەپێی ئەم قانوونە بڵاودەکرێتەوە ، پاش تەواوبوونی کاتی بڵاوکردنەوەیان .

مادەی پێنج : دەستکەوتی فرۆشتنی ئەم سەنەدانە بۆ بۆجەی گشتیی دەوڵەت دادەنرێ .

مادەی شەش : یەکەم : ئەوەی خەرج دەکرێ بۆ دەرکردنو خزمەتکردن لە بەشێکی تایبەتیدا تۆمار دەکرێ لەبۆجەی گشتیی دەوڵەتدا .

دووهەم : لەبۆجەی گشتیی دەوڵەتدا پارەی پێویست تەرخان دەکرێ بۆ سڕینەوەی سەنەدەکان لەکاتی تەواو بوونیانا یا سڕینەوەی پێش کاتدا .

مادەی حەوت : سوودو قازانجی سەنەدەکان لە هەموو جۆرە باجێکی ئێستاو لەمەودوا ئەبەخشرێو سەنەدەکانو قەسیمەکانیان (کۆپۆنەکانیان) لە ڕەسمی پوول دەبەخشرێن .

مادەی هەشت : وەزیری دارایی مافی ئەوەی هەیە فەرمان دەرکا بۆ پێڕەوی‌تر بۆ ڕووتکردنەوەو سووکردنی جێبەجێکردنی ئەم یا سایە .

مادەی نۆ : ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ .

صدام حسین

سەرەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئاهەنگەکانی ڕۆژی

ڕۆژنامەنووسی عێراق

ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی هەموو ساڵێك . ڕۆژنامەنووسانی عیراق ، لە جەژنی خۆشەویستی ووشەی جوان ، ئاهەنگ دەگێڕن ... ئەمساڵیش ، لە شاری مێژوویی موسڵ کرا بە کەرنەفاڵی خۆشەویستیو بەیەك گەیشتنی قەڵەمە خێرخوازەکان کە لە هەموو لاوە میوانداری شاری مووسڵ بوون، ئاهەنگیان بە جەژنی ڕۆژنامەوە گێڕا ... بەپانی ڕۆژی ١٥ی حوزەیران ، هۆڵەکەی موزەخانە لە مووسڵ یەکەم چالاکی جەژنی ڕۆژنامەنووسی بەخۆیەوە بینی ، کە تیایدا بەڕێز پارێزگاری نەینەواو مامۆستا سعد قاسم حمودیو کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی عیراق بەشداربوون ... ئەوە بو . دوای وەستانی دەقیقەیەك لەسەر گیانی پاکی شەهیدان ، دەست کرا بە چالاکیەکانو لە پێشەوەش بەڕێز پارێزگاری نەینەوا انور سعید ووتەیەکی داو تیایدا دەست نیشانی بایەخی کەورەی جەژنی ١١٦ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی عیراقو جەژنی سەد ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی « موسڵ »ی کردو بە درێژی بایەخی کاری ڕۆژنامەنووسی روون کردەوە لە پاراستنی ڕاستیو دەربڕینی هەموو مانایەکی خۆشەویستی بۆ خاکو بەرکری‌کردن لە مێژووو شارستانیەت کە قەڵەمە خێرخوازەکان دەتوانن بۆ پاشەڕۆژ تۆماری بکەن .

ئەنجا مامۆستا سعد قاسم حمودی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراق ووتەیەکی خۆیندەوە کە تیایدا خۆشەویستی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی بەرامبەر بەم یادەو شوێنی لەمێژووی ژیانی ڕۆژنامەنووسانیی عیراق دەربڕی . کە ئەمڕۆ دەوری دیار لە ژیاندا دەبینیو بە قەڵەم پارێزگاری لە نیشتمان دەکەنو چیرۆکی پاڵەوانیەتی تۆمار دەکەن ..

دوای ئەوە . دەست کرا بە پێش‌کەش‌کردنی خەڵاتی ڕێزکرنن بەسەر ڕۆژنامەنووسە رابەرەکانی عیراق ، ئەوانەی کە دەوری ڕووناکیان لە ڕۆژنامەنووسیدا بینیوەو پاشان ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ساڵی ١٩٨٥دا بەرهەمی چالاکی تایبەتیو دیاریان هەبووە .

لە نێوان چالاکیەکانی تردا ، لە پێشانگایەکی وێنەی فوتۆگرافیدا کە بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی وێنەگراندا سازی کرد ، کۆمەڵێك وێنە نیشان درا کە لە بەرەکانی جەنگدا گیرا بوونو لە هەمان ڕۆژدا پێشانگای کاریکاتێر کرایەوە کە هونەرمەندانی نەقابە بە خامەی ڕەنگینیان تۆماریان کرد بوو . لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی لە مووسڵ پێشانگایەکی تایبەتی بە ژمارەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە کرایەوە کە لە مووسڵ دەرچوون ، بەتایبەتی گۆڤاری قوتابخانەکان کە بەرهەمی چەند ساڵێك لەمەوبەری باری ڕۆشنبیری دەنواند ... شایانی باسە کە بە درێژایی بەردەوامبوونی ئەم چالاکیانە چەندان بروسکەو چەپکە گوڵی پیرۆزبایی تایبەتی گەیشتە لێژنەی ڕێکخستنی ئاهەنگەکەو بەم شێوەیە کۆتایی بە جەژنی ١١٦ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی عیراقی هات .

نوێنەری « هاوکاری »
ـ شێرزاد عبدالرحمن ـ

دووزانای ئایینی لە وڵاتەکەمان :

ئەوانەی لە ئێران حوکم دەکەن گومڕان و ئیسلام لەوانە بێ بەری یە

لە دوا سەردانماندا بۆ شاری (نجف)ی پیرۆز چاومان بە زانای ئایینی علی الکفائی کەوت کە بە یەکێ لەو پیاوە ئاینیانە دائەنرێ ، بەشداری دووەمین کۆنگرەی موسلمانانی میللی کردوە کە لەم دواییەدا لە بەغدادا بەسترا ..

ئەم پرسیارەمان دەربارەی حاکمە گومڕاکانی ئێران لێپرسی .

ـ ڕاتان چی‌یە بەرامبەر هەڵوێستی پڕ لە کینی خومەینیو دەستو پێوەندەکەی بەرامبەر ، بەردەوامبوونی جەنگ لە نێوان دوو دەوڵەتی موسلمان ؟

فەرمووی ..

حاکمەکانی ئێران دان بە موسڵماندا نانێنو ڕژێمی ئێرانیش موسڵمان نییە ، ئەگەر موسڵمان بوایە لەسەر ڕێبازی قورئانی پیرۆز ئەڕویشت (انما المؤمنین اخوة فاصلحوا بین اخویکم) .

ئەم کوشتارەی لە نێوان ئەم دوو وڵاتە هاوسێیەدا هەیە هیچ کاتێ مەبەست‌و ئاواتی ویژدانو قورئان نەبوە .

بەڵکو حاکمەکانی ئێران نەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم لە نێوان ئەم دو دەوڵەتە موسڵمانەدا جێبەجێ ئەکەنو ڕەو ڕەوەی پێشکەوتنو بناکاری عیراق دوا ئەخەن کە لە ساڵی ١٩٦٨ وە دەستی پێ کردوە .

زانایانو پیاوە ئاینیەکان هەموو کاتێ ئەوەیان دووپات کردوەتەوە کە خومەینیو تاقمە گومڕاکەی موسڵمان نینو دورن لە ئایین ، ئەو پیرۆپاگاندانەی کە بە ناوی موسڵمانان ئەیکەن هەمووی درۆیە .

خومەینی تاقە لێپرسراوە بەرامبەر بە یەزدان ، بەو کوشتارەی کە لە نێوان هەردو وڵاتدا ڕوئەداتو خوێنی لاوان بە فیڕۆ ئەدا ، بگرە لەم مانگە پیرۆزەشدا ، بە ڕاگرتنی شەڕو بوردومان نەکردنی شارو دێهاتەکان ڕازی نیە .

ـ دەربارەی بڕیارەکانی کۆنگرەی موسڵمانانان .. فەرمووی ..

بڕیارو ڕێنماییەکانی کۆنگرە بەم ئایەتەی سورەتی الحجرات لە قورئانی پیرۆز کە خوای گەورە ئەفەرموێ : (وان طائفتان من المؤمنین اقتتلوا فاصلحوا بینهما فان بغت احداهما علی الاخری فقاتلوا التی تبغی حتی تفیء الی امر الله) کۆتایی پێهات .

هەموو زانایانی موسڵمانو پیاوە ئاینیەکان بە کۆمەل بڕیاری ئەوەیان دا کە تاقمە حاکمەکەی ئێران گومڕاوونو هۆی بەردەوامبوونی جەنگنو بڕوایان بە ڕێبازی ئیسلام نییە بەڵکو لەگەڵ شەڕو کوشتارن هیچ کاتێ ڕێگای ئاشتیان ناوێو بە پێ ویژدانی ، خۆیان سەپاندوەتە سەر گەلانی ئێرانو ئەیانەوێ لە ناویان ببەن ، هەروەك ئەو کردارە نا مرۆڤایەتیەی بەرامبەر بە دیلە عیراقیەکان پێی هەڵسان . چونکە کوشتنی دیلە عیراقیەکان کارێك بوو دژی پەیامی ئاسمانو موسڵمانانان .

دەربارەی هەڵوێستەکانی سەرەکی فەرمانده صدام حسین بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا .

فەرمووی : ئەم هەڵوێستانەی سەرەکی فەرمانده لەبیروباوەڕێکی تەواوە هەڵقولاوە بەرامبەر یەزدانی مەزن لەم مانگە پیرۆزەدا ، بەڵام ئەم تاقمە گومڕایە هەر وەك جاران ئەم خواستەشیان ڕەفزکردو ڕازی نەبوون ، بەڵکو سوربون لە سەر خوێن ڕشتنو ڕسواکردنی خۆیان بەرامبەر هەموو موسڵمانانانی جیهان .

ـ وە لە هەمان سەردانماندا چاومان بە بەڕێز عبدالکریم حسین حمادي الساعدي ئیمامی مزگەوتی الحیدریو ، سەرەکی لیژنەی هوشیاری ئایینی لە نەجەف کەوت ـ یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی یەکەمین کۆنگرەی موسڵمانانی ساڵی ١٩٨٣و کۆنگرەی موسڵمانانی میللی ساڵی ١٩٨٥ .

باسی هەڵوێستی موسڵمانانو بڕیارەکانی کۆنگرەو سوربونی حاکمە گومڕاکانی ئێرانی بۆ کردینو فەرمووی ئەگەر سەیری موسڵمانو ڕوداوو یاساکانی موسڵمان بکەین موسڵمانیەتی مرۆڤایەتی‌یە ڕاستی‌یە بەکسانی‌یە سەرەڕای سەربەخۆیی ، جا ئەگەر بە کردەوبێ یان بە قسە بێ‌یان بە نوسین بەڵام خومەینی بەرگی درۆو فێڵبازی بە ناوی موسڵمانان کردوەو هیچ یاسایەکی موسڵمانو موسڵمانان جێبەجێ ناکات .

بروانە ل ١٠

بەرەو ڕووناکی

ئەوانەی هێشتاوا دەزانن تیشکی ڕۆژ بە بیژنگ دەگیرێ

گەلی کورد ، لە کوردستانی عیراق ، بەر لەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەمووزی نەمر شادی کات بەمافە ڕەواکانی خۆی ، بزوتنەوە سەربەستی خوازە ڕەواکەی بەدەست تاقمێکی کۆنەپەرستو خۆفروش بە بێگانەوە خرابووە بازاری سەواو مامەلەی لایەنە گومانلێکراوەکانو لەو ناوەدا گەلی کورد بو بو بە سوتەمەنی ، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشو بەرابەری ڕاستەوخۆی سەرەکی هەڵکەوتووی گشت گەلی عیراق صدام حسین بە بەدەنگەوە هاتنی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردمان ئەو بەڕەیەی لەژێر پێی ئەو تاقمە خۆ فرۆشەدا دەرهێناو گەلی کوردیش کە بوو بەخاوەنی مافی ڕەوای خۆی زانی چۆن ڕێگا لەو خۆفرۆشانە دەگرێو نایەڵێت جاریکی تر بیکەنە داردەستی بەجێهێنانی خواستە گومانلێکراوەکانی خۆیانو ئاغاکانیان ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٧٤دا ئەوتاقمە خۆفرۆشە بەتەواوی پەردەیان لەرووڵا دراو خۆیان فرێدایە باوەشی شا گۆڕبە گۆڕبوەکەی ئێران .

وەنەبێت ئەو تاقمەو ئاغاکانیان وازیان هێنابێ ، چونکە نوکەرایەتی ئەو تاقمە بۆ بێگانە لە خوێنباندا دەژی ، کە شا روخاو شای مێژەر بەسەر خومەینی هاتە مەیدان ، دیار بوو یەکێك لە ئامانجەکانی دروستکردنی [شورشەکەی خومەینی !] چوونە بەگژ عیراقی سەربەستدا ، ڕێگاش بۆ تەنگ هەڵچنین بە عیراق ، یاری‌یە کۆنەکەیە « کوردو مافی کورد » ، لێرەوە هەتیوەکانی بارزانی سەریان دەرهێنایەوە ، بەڵام ئەمجارەیان نەك هەر گەلی کوردیان پێ نەخەڵەتاو ناخەڵەتێ بەڵکو گەلی کورد خۆی کەوتە ڕسواکردنی ئەو نوکەرانەو پەردە دراندن لە ڕوویانو ئاشکراکردنی نیەتی چەوتیان ، تاقمە ئەڵقە لەگوێکەی کورەکانی بارزانی ئەمجارە هەر بە « دروشمی کوردو کوردایەتی » خۆیان دانەپۆشیوە ، بەڵکو « شیوعیە ئەڵقە لەگوێکانی لیژنەی مەرکەزی » ڕاکردو لەدەست قینی گەلی عیراق فێری وشەی « شورشگیری » و « پێشکەوتنخوازی » یشی کردوون گوایە بۆ بارزگانی کردن بە « مەسەلەی کورد »ەوە باشتر کار مەیسەر دەکا ، ئەو دوو دەستە تاوانبارە ، زۆر بەپێ شەرمانە لەو شەرەدا کە ڕژیمی ئاخوندەکانی ئێران بەسەر گەلی عیراقی‌یانا سەپاندوە زۆر بێ‌شەرمانە لەریزی خومەینی جادووگەر وەستاونو بۆنەتە داردەستی زەلیلو چڵکاو خۆری ئەوان .

میژوو چی بگێڕیتەوە بەرامبەر ناپەسەندیو خەتاو تاوانی « شیوعی » یەکانی ئاخر زەمانو « پۆخڵەواتی تاقمەکەی کورانی بارزانی » .. هەتا میژوو شەرم دەکا کردەوەی ئەو خۆفرۆشانە بنووسێ ، ئەوەی نوێ کوردو عەرەب لە عیراقی سەرفرازدا چی بەوانە دەڵی کە بوونەتە ئەڵقە لە گوێی ئەوانەی دەیانەوێ عیراق داگیر بکەن ئەو بێ‌شەرمانە تا ئیستاش دەیانەوێ تیشکی ڕۆژ بە بیژنگ بگرن . لە بیریان چۆتەوە گەلی کورد ئەمڕۆ گەلی کوردی دوێنی نیە ، گەلی عیراق وەك جاران نیە ، گەلی کوردو عەرەب لە عیراقدا ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە . مەحاڵە جاریکی تر ئەو نەفرەت لێکراوانە بتوانن زەفەر بەڕەوتی هەمیشە سەرکەوتووی بەرنو تیشکی ڕۆژی عیراق بەوان ناگیرێ بەڵکو دەیانسوتێنێ .

ت : سلیمان

Institut Kurde de Paris

لە ناحیەی سەنگەسەر چ یاسە؟

ئەم سەنگەسەرەی ئێستا هەروەکو لەدەمی چەند گەورە پیاوێکی بەسالاچووی ناوچەکەوە بیستم .. لەگەڵ میرزا روستەمو سنگەسەری خوارو پێکەوە بەستراون ئەم سەنگەسەرەی لێ دروستبوە.

لەگەشتێکا بەناو شەقامو کۆڵانو بازارو دوکانی ناحیەی سەنگەسەردا ، رەچاوی هەندێ شتمان کرد ، کە بەڕاستی پێویستی بەبیرلێ کردنەوەو ئاوڕلێدانەوە هەیە. نەك تەنها بەلالی کردنەوە بەنکو بە جێبەجێ کردنی ئەو پێویستیانە ... لەبەرئەوە ئەو شتانەی کەزۆر بەخێرایی ئەیخینە بەرچاو هیوامانە لەئاسۆی پرشنگداری بەسەرکردنەوەی کاربەدەستاندا جێبەجێ بکرێت.. ئاوی ناوچەکە تائێستا لەبیرەکانەوەیە ، شەقامە گشتیەکانی سەنگەسەر چاڵوچۆڵی زۆری تیدایە ، پێویستی بەقیرتاوە ، خستەخانەی سەنگەسەر پێویستی بە پزیشکی تایبەتە. لەسەنگەسەر بەرێوەبەرایەتی بروسکەو تەلەگرافو تەلەفون هەیە ، بەڵام کەس خەتی تەلەفونی نیە ؟! بەتەنها قەڵادزی هەیە .. بۆ پەیوەندی نێوان چوارقورنەو سلێمانی ئەبێ پەیوەندی بەقەڵادزێوە بکرێت ..

لەبازاری سەنگەسەردا گەلێك دوکانو بازاڕی جۆراوجۆری تیدایە ، پیشەگەری لەناوچەکەدا وەك خۆی ماوە .. ناحیەی سەنگەسەر کتێبخانەی خەلکی تیدایە کتێبخانەی گشتی تیدایە .. جگەلەوەش پێویستی بەگۆڕەپانێکی وەرزشی هەیە ...

لەهەمووی سەیرتر ئەو سەردانە خێرایەی کە بەگەشتی بەر چاوی ناونەبەم لەسەنگەسەردا .. ئەو قوتابخانە سانەوەیە بوو کەتەنها مامۆستایەك چی یە نیەتی ؟! واتە ملاکی تیدایە. بەرێوەبەری قوتابخانەکەش مامۆستایەکی قوتابخانەی سەرەتایە . لەوەش هەر سەرتر مامۆستایەك کە دانەمەزراوە تەنها دەرچووە.. بەتەنها ٦٨ وانە بەمحازرە ئەڵێتەوە ..، ئێمە لەکاتێکا سوپاسی ئەرکی ئەو مامۆستاو بەرێوەبەری قوتابخانەی سانەوی سەنگەسەر ئەکەین ، کە نایەڵن قوتابیەکان پەکیان بکەوێت ، لەهەمان کاتدا داوای چارەسەری ئەم کێشەیە ئەکەین .

– ئازاد –

داوایەك لە گەرەکی « شورش »ەوە لەهەولێر

ئێمە دانیشتوانی پشت مزگەوتی سپین . کە دەگەڕێینەوە گەڕەکی شۆڕش ، واتە خانوەکانی ئیشغاڵو بەرژەوەندی ، ناوچەکەی ئێمە قیرتاو نیەو تەنانەت هەر بەچەگل خۆش نەکراوە ، لەبەر ئەمە لەزستان دەبێ بەقوڕو چڵپاوو لەهاوین خراپتر لەبەر بوونی ئەوکەندەی لەسەرەتای ، گەڕەکەکەمانە ، بوەتە سەرچاوەی جۆرەها میکرۆبو نەخۆشی ، لەگەل ئەمەشدا کراوە بەزبڵخانەش ، چەند جارێك خەلکەکە چونەتە لای لێپرسراوانی شارەوانی بۆ ، چاك کردنی ڕێگاوبانەکەو پڕ کردنەوەی ئەم کەندە ، بەڵام بێ سود بوو . لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە :ـ

شارەوانی لەزستان ! لەدوای ئێمەی دەنارد بە ئاگاداری یەك ، تاوەکو ئامادەبین لەدادگا بۆ سزادان لەبەر دەرچونی ئاوی پیس .. بێگومان ئاوەکە دەگەڕایەوە نێو کەندەکە ، کەندەکەش ملکی یەکێك بوو .

بیستمان خاوەنەکەی شکایەتی کردوەو ، دەبێ شارەوانیش ئێمە سزا بدات لەبەر سەرپێچی کردنمان . بەڵام خەلکەکە ، بەتایبەت ئەوانەی بەرژەوەندی ! تەنها بیرێکیان هەیە بۆ هەموو شتێك کەواتە ! ناچارن ئاو دەرکەنە جۆگاکانو لەوێش بۆ کەندەکە . ئینجا ئێستا واهاوبنە قوڕو چلپاو نەما ، ئەی مەسەلەی کەندەکە ! لەبەر ئەوە دانیشتوان بەگشتی داوا دەکەن بەهانایان بێنو لەهەمان کان ئامادەن بۆ جێبەجێ کردنی هەموو فەرمانێك ئیتر خۆشیتان .

لەبرێتی هەموان :ـ
کامەران حوسێن ڕەزابەرزنجی
هەولێرو شورشی خانوەکانی ئیشغاڵو بەرژەوەندی .

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

لە دەزگای ئاگر کوژاندنەوەی شۆڕشەوە

لەسلێمانی

دەربارەی ئەو سکاڵانامەیەی هاوولاتی کاك محمد عبدالکریم قادر لەژمارەی ٧٩١دا بڵاومان کردەوە کە دەربارەی گوایە کەمتەرخەمی دەزگای ئاگر کوژاندنەوەی شۆڕش بوە لەسلێمانی لە بەدەنگەوە هاتنی ئەم هاوولاتیەدا کە ـماڵەکەی سووتاوە لە بەرێوەبەرایەتی دەزگای ئاوبراوەوە ڕوونکردنەوەـ بەکەمان بۆ هاتووە :

ـ بەلگەی ڕەسمی کە نووسراوی ژمارە ١٠٢ لە ١٨ـ٤ـ١٩٨٥دا ڕوونی دەکاتەوە کە هاوولاتی ناوبراو خۆی هوی کۆسپ خستنە ڕێگای ئاگر کوژینەوەکان بوو

ـ ئاگر کوژینەوەکان بەنووسراوی ١٢٥٧ لە ٢١ـ٤ـ١٩٨٥ سکاڵایان لەدەست ئەو هاوولاتیە داوەو مەسەلەکە گەیشتۆتە دادگا .

هاوکاری :

یەکەم ئێمە بڵاوکردنەوەی سکاڵای هاوولاتی ناوبراومان لەبەر ڕووناکی بەتەنکەوەهاتنی گەیشتن بە ڕاستیدا بڵاوـ کردەوە . چونکە ئەو هاوولاتیەش بەلگەو شاهیدی لایە کە کەمتەرخەمی کراوە لەبەدەنگەوە هاتنیا .

هەرچۆنێك بێ ، ئێمە لەکاتێکدا سوپاسی تەواوی بەرێوەبەرایەتی دەزگای ئاگر کوژاندنەوەی شۆڕش دەکەین کە بەنووسراوی ڕەسمی وەڵامی دابینەوەو ئەمە لە خۆیدا بەلگەی بایەخدانی ئەو برایانەیە بە کاروباریان بەڵام ئەوەندە هەیە : یەکێك مالی سوتابێ .. دەبێ برایانی ئاگر کوژاندنەوە تەقدیری وەرعی نەفسی هاوولاتیەکی وابکەن ، ئەو برایانە کە لەو دەزگایە کار دەکەن دڵسۆزانە ڕووبەڕووی ئاگرو مەترسی دەبن لە پێناوی سوودی گشتیدا ئەمە ئەرکێکی پیرۆزی مرۆڤایەتیە کە زۆر شایانی ڕێزە ، جا لەحالەتی ئامادەبوون بۆ ئەرکیوا پیرۆز دەبێ وەرعی نەفسی ئەو هاوولاتیانەش لیکبدرێتەوە کە ڕووبەڕووی مەترسیوا دەبن و سوپاس .

بۆ بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز

لەجارێ زیاتر رامان گەیاندنم لاپەڕەیە لەخزمەتی خوێنەراندایەو بۆ سوودی گشتیو زیادبوونی هاوکاری جەماوەر لەگەڵ ئەودامودەزگایانەی پەیوەندیان بە کاروباریانەوە هەیە ،ئامادەین هەر باری سەرنجو سکاڵایەك سوودی گشتی تیابە بڵاوی بکەینەوە لەبەر ئەوە لەجارێ زیاتر رامان گەیاند کە نامەو داواکاری نووسین دەبێت بە ناوونیشانی تەواوە بێتو ئەگەر وانەبوو ببورن خواستەکانیان ناکرێ بڵاوـ بکرێتەوە .

● بەم بۆنەیەوە کاك حسین کوردی ناوێ لەکەناروێ باری سەرنجی خۆی دەربارەی هەندێ خزمەتگوزاری لەچوارتانووسیوە ، جابرا داوای حەقیوا بۆ دەبێ بێ ناونیشانی تەواوبێ ..ببورە.

داوایەك

تکا.. لە بەرێوەبەرایەتی شارەوانی رانیە دەکەین . شوێنێکی تایبەتی بۆ دوکانەکانی گۆشت فرۆشەکان تەرخان بکەن .

لەبەر ئەوەی دوکانەکان گشتیان لەجێگا هەرە گشتیەکانو بونەتە هۆی کۆبونەوەی مێش و مەگەزێکی یەکجار زۆر .

بەختیار – رانیە

دوو زانای – پاشماوە

دژی هەموو ئەو هەولدانانە بو کە بۆ ڕاگرتنی شەڕ کرا لە لایەن وڵاتە موسڵمانەکان .

زاناو پیاوە ئایینیەکانی بە شەیتان لە قەڵەمدا چونکە داوای ئاشتیو ڕاگرتنی شەڕو خوێن ڕشتنیان لە خومەینی کرد .

ئایا ئەم زاناو پیاوە ئایینیانەی لەم کۆنگرە مەزنەدا بەشداریان کرد شەیتانن ؟ نەخێر خێرخوازن ئاشتی خوازن ، بەڵکو خۆی بەرگی شەیتانی لەبەرکردوەو وا ئەزانێ خاوەنی ئایینی ئیسلامو موسڵمانانە .

پێویستە دەوڵەتە عەرەبیەکانیش یەکبگرنو بەرامبەر ئەو هێرشە درندانەی خومەینی چەپەڵ بوەستن وە ئەگەر هەر لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە هەڵوێستی عەرەب یەك بوایە خومەینی نەی ئەتوانی تا وەکو ئەمڕو بەردەوام بێو سوربێ لە سەر بەردەوامی جەنگ ، وە ئەبێ وولاتە عەرەبیەکان ئەوە باش بزانن لاواز بونی عیراق لاوازبونی ئەوانە بە تایبەتی وڵاتە هاوسێکان .

لە کۆتاییدا ئەڵێم خومەینی بەرگی ئایینی بە درۆ لەبەرکردوەو عیراقیش بەرگری لە خاكو نیشتمانی خۆی ئەکا جا ئەم بەرگری کردنە بە هەر شێوەیەك بێ عیراق سەربەستە لە سەر وڵاتە عەرەبیەکانو موسڵمانەکان بە شێوەیەکی تایبەتیو هەموو وڵاتانی جیهان بە گشتی هەڵوێستێکی دیار بەرامبەر ئەم جەنگە وێرانکەرە پیشانبدەن .

چالاکی – پاشماوە

ئەزموونی هۆنەریان کەمبوو ، تاکە سەرمایەیان لەمڕووەوە تاسەو خۆماندوو کردنیانبوو .توانیان لەجاری پێشوو سەرکەوتوانەتر بێنەوە بەردەم جەماوەری دڵسۆزو هۆنەردۆستی چوارقورنە .

شانۆنامەکە لەنواندنی ئەم بەهرەمەندە لاوانەبوو : محمدی ملا اسعد ،عبد الرحمن بنی ، محەمەد خدر، خیرالله رسول زەوقە ، خدر بلباس ، عبدالله مصطفی ، جلال عبدالله تەنکە ، اسماعیل حمد ، مجید ابراهیم ، سواره زاهیر ، حسین ملا حسن ، صلاح محمد ، علی طه .

دەرهێنەر سەبارەت بەکارە هۆنەریەکەی ووتی : شانۆ ناوێنەی جەماوەرە ، هەموو کەسێك دەتوانێ ڕووی ماهیەتە چینایەتی یەکەی خۆی تیابیبینێ ، چونکە ڕووی حەقیقەتو ئینسانیەت پیشاندەداو بارمەتی خۆـ دۆزینەوەی هەموو کەسێك دەدات لەکەسایەتی یەکی سەربەخۆی پابەند بەڕەوتە مرۆڤایەتی یەکەوە .

ئێمەش لەگەڵ جوانترین پیرۆزبای بۆ تیپی نواندنو سلاوو ڕێزیشمان بۆخەڵکی هۆنەردۆستی شارە خنجیلانەکەی چوارقورنە .

گازی – پاشماوە

زانایان دەڵێن کاری ئۆزۆن لەسەر ڕووەکەکان دەگەڕێتەـ وە سەر ئەم ٣ هۆیانەی خوارەوە :

١ – ئۆزۆن بەردە گوزەرەکانو کۆمەڵەی سلفاهایدرایل لە ناو دەبات لە ئەنجامی کارلێکردنی لەگەڵ بەندە دوانیەکانی لبیداتی تێر نەبوو ناهێڵێ لبیداتی تازە دروست بێت .

٢ – ئۆزۆن مالی ووزە (مایتوکندیا) دەشێوێنیو ناهێڵێ ئەرکەکانی بە تەواوی بەجێ بهێنێو ڕێگای ئۆکسجینی لێ دەکرێو بێ وزەی دەکا .

٣ – ئۆزۆن ڕێگای کاری ڕووناکی پێك هاتن (الترکیب الضوئی) لە ڕووەکەکان دەگرێو بێ هەناسەدان دەمێننەوەو دەمرن . .

1- Scientific Reaserch in Space, Massey. 1964.
2- Source Book on the Space Sciences, Glasstone, 1965.
3- The Upper Atmosphere : Meteorology and physics. craig, 1965.
4- Atmospheric Science, 1977.
5- 1984 - 10 - 1

جریدە الجمهوریە – ملحق طب وعلوم

مردنی قۆناغ بە قۆناغ لە ئێراندا

رەبابە بۆداغی نووسیویەتی

ب. شەپۆل کردوویەتی بە کوردی

بەش یەکەم

مێردەکەم بۆ چەندین ساڵدەورێکی دیارو گرنگی لە مەیدانی سیاسیی ئێراندا هەبوو ، ئێرانی یەکانیش باشی دەناسن ، کە دەستوپێوەندەکانی خومەینی دەستیان بە سەرکوت کردنو چەوساندنەوە کرد لە یەکەمین کۆمەڵەی گیراوەکان بوو ، ئەوەبوو لەگەڵ ڕۆحانیی ئەندازیاردا لە هەمان شەوداگیران .

هەموو ڕۆژێك بۆ بەندیخانەی ئیفین دەڕۆیشتین تا چەندین سەعات لە بەردەرگای بەندیخانەکەدا چاوەڕوان بین و هەریەك لە ئێمە تەخنەیەکی بەدەستەوە بوو ناوی بەندی یەکی لێـ نووسرابوو پاشان بە ئائومێدی دەگەڕاینەوەو پاسەوانەکانی خومەینی جنێویان پێدەداین .. دەمانویست پارێزەر بکرین پاشان زانیمان هیچ سوودێکی تێدا نیە چونکە دادگاکانی خومەینی دادگای بەناو دادگان پیاوکوژانی وەك (صادق خەلخالی) سەربەرشتیان دەکەن ، کە لە ماوەی چەند دەقیقەدا فەرمانی کوشتنی سەد بەندی بە یەك جار دەرکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا تروسکەیەك هیوام هەبوو بۆ ڕزگارکردنی مێردەکەم لەبەر ئەوەی بەساڵدا چووبوو ، خۆیشم چەندین دۆستو کەسانم دەناسی یەکێك لەوانە لە خزمانی شەریعەتمەداری بوو چووم بۆ لای کرنووشم بۆ ژێر پێی برد .. تکام لێکرد یارمەتیم بدات پاش سێ ڕۆژ هاتو پێی ووتم «بچۆ بو لای پارێزەرێك بۆ ئەوەی بە دووی مەسەلەی مێردەکەتدا بچێت ،وەك بەڵێنانیش پێداوین نایکوژن».

منیش چووم بۆ لای پارێزەرێك بۆ بەدوداچوونی ئەم مەسەلەیە ئەویش دڵنیای کردم و گوتی «مێردەکەم ناکوژرێت» ، ئێوارەیەکیان ئاگاداریان کردم کە مێردەکەم بە دادگا دەدرێت ئەو شەوە پێڵووم لێك نەنا چاوەڕێی بەیانیم دەکرد بۆ ئەوەی بچم ئامادەی دادگاکردنەکە بیم ؛لە نیوەشەودا خوشکەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم بە گریانەوە پێی ووتم «ڕەبابە بۆداغی» سبەینێ مەڕۆ بۆ دادگا مێردەکەت (جەهانگیر بەنەفشی) لەسیدارەیان داوەو هەواڵەکەشیان لە ئێرگەوە بڵاوکردەوە ، کەواتە پیاوکوژەکان مێردەکەـیان کوشتم ؟!

بە ڕۆژی دوایی دا کەس و کارو خزمانم بۆ سەرخۆشی لێکردن هاتنە ماڵمان .. لە ناکاودا گوێمان لێبوو لە دەرگا درا کە کردمانەوە هەشت کەسی چەکبەدەست هاتنە ژوورەوە ، خوشکەکەم پرسیاری لێکردن چی یان دەوێت یەکێکیان بە قۆناغە تفەنگەکەی کێشای بە دەمو چاویدا ئەویش کەوتە زەویو خوێنی لە لەش دەچۆڕا پاشان هەرچی یان دەبینی تێکیان دەشکاند بۆیە بە سەریانمدا قیژاند دوێنێ مێردەکەمتان کوشت دەتانەوێت ئەمڕۆیش کەسانی تری خێزانم بکوژن یەکێکیان وەڵامی دامەوەو ووتی : ئەی ڕووخاو ووس بە !!

ئەوەبوو مێردەکەیان کوشتمو ژیانیان لێشێواندم ،ئەدی چی بەدبەختی یەکەو من چی ئافرەتێکی بەدبەختم ؛ پاش ئەوەی هەموو شتێکی گرانبەهایان لەگەڵ خودا برد لە شتو مەکی ناومالە ، یەکێکیان ڕووی قسەی کردە کەسانی خێزانەکەمو کوتی : بڕۆن بە دەستی خۆتان گۆڕی خۆتان خێرا هەڵبکەنن !! پاشان ناووڕی لێدامەوەو پێی ووتم : ئەی .. ئەم ماڵە بەجێبهێڵە ئیتر مالی تۆ نیە پاشان بە شەقو شەپازلەو تێهەڵدان کەوتە وێزەم تا بێهۆش کەوتم کە چاووم هەڵهێنایەوە خۆمم بینی لە سەرە ڕێگایەك فڕێدراوەمو ئەنیا کراسێکی تەنك گیانی داپۆشیوەو خوێناویمو کەس ناوێرێت لێم نزیك ببێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات تا پاسدارەکان لە شوێنەکە دوور کەوتنەوە ئەنجا دراوسێیەك لێم نزیك بووەوە و بردمی بۆ ماڵەوەی خۆیان لەوێ یەك هەفتە لە نێو جێدا مامەوە پاشان کە تەندروستیم چاك بووەوە زانیم کە لەم جیهانەدا هیچ شتێکم نیە پاش ئەوەی مێردەکەیان لە سێدارە دامو ماڵەکەشیان بردو تاڵانیان کرد هەروەها کەوتنە ڕاونانی ئەندامانی خێزانەکەم .

بیرم لەوە دەکردە دەرباز بم و ئێران بەجێ بهێڵم بەڵام دەبێت جێی بێڵم پێش ئەوەی تۆڵە لەو فاشیستانە نەکەمەوە ؟ ڕێگای خۆم بەرەو ڕیزی بەرهەڵستکاران گرتەبەر تا ئەو کاتەیش هیچ واتایەکم لە سیاسەت نەدەزانی ..

چوومە ڕیزی بەرهەڵستکاـرانەوە بۆ ئەوەی درێژە بە خەبات بدەم دژ بەم ڕژێمە ستەمگەرە بۆ ڕووخاندنیو تۆڵە سەندنەوەی هەزاران بێتاوانی وەك مێردەکەم .

نامەوێت دەربارەی ماوەی نێوان چوونم بۆ ڕیزی بەرهەڵستکاران و گرتنم بکەم ئەوە ووتارێکی تایبەتی دەوێت لە بۆنەیەکی دیکەدا بڵاوی دەکەمەوە بەڵکو دەربارەی ماوەی پاش گرتنم دەکەم ، لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٨١دا گرتمیان ، کە براکەم لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢دا لەسێدارە درا هێشتاکە هەر لە بەندیخانەدا بووم ، لە ١٧ی ئابی ١٩٨٤دا لە بەندیخانە هەڵاتم یادداشتەکانم لەگەڵ بوون کە لە ماوەی مانەوەمدا لە بەندیخانەکانی خومەینیدا بە ناونیشانی (گولەگەنمەکانی تووڕەیی)یەوە نووسیبوومن !

کە لە جێگادا کەوتبووم نەیانگرتم بەلکوو ڕوو بە ڕوویان بە تفەنگەکەم دەجەنگام کاتێك کرتمیان ئەویش پاش جەنگێك پتر لە دوو سەعاتی خایاند لە نێوان کۆمەڵەکەمانو پاسدارانی خومەینیدا ئەوانەی لەناکاو هێرشیان هێنایە سەر بنکەی ڕێکخراوەکەمان پێش ئەوەی هێرش بهێننە سەر بنکەکەمان هەموو بەلگەنامەو وێنەکانمان سووتاند .. هەندێکمان خۆی ئامادەکرد گوللە بە خۆیەوە بنێت پێش ئەوەی دڵڕەقەکان بگەن ، هەندێکی کەبش خۆی بۆ قووتدانی حەبی (سیانۆر) ئامادەکرد . ئەوەبوو (شەهلا) خێرا حەبەکەی قووت داو لە ئازارو ئەشکەنجەدا هاواری دەکردو بە دەنگێکی لاواز دەیگوت کوڕینە ئەوە بۆ تا ئێستا گیانم دەرنەچووە ؟ (ئازەر)یش دەیفیراند چەقۆکەم بدەنێ خۆم بکوژم حەبی سیانۆر کارێکی ئەونۆ ناکات ، (مەعسوومە)یش لەگەڵ (شیوا)دا پاش ئەوەی هەر دوو شابەتمانیان هێنا گیانیان سپارد، هاوەڵەکانی ترم واتە محسن ئەصفەهانیو حەمیدو محەمەد عەلی لە ڕووبەڕووی دیکەدا بوونو هەر یەکەو گوللەیەکیان بە مێشکی خۆیانەوە ناو کەوتنە سەر زەوی پێش ئەوەی ستەمگەـرەکان بگەنەجێ ..

● ماویەتی ●

Institut kurde de Paris

تۆقاندن و تۆقینەران لە سێبەری بیرو باوەڕی ڕۆنالد ریگەندا

● حیلمی عەلی شەریف ●

لەبەر ئەوەی جیاوازیەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان ئەم دوو ڕووداوەدا هەیە ، هیچ نەبێت سەبارەت بەوەی کە شەش شارەزا عەسکەریی ئەمەریکاییە کۆژراوەکانی سان سلفادۆر کە بە شارەزایی و مامۆستایی بۆ مەشق بە بەشێك لە شکری کۆنەپەرستی سلفادور دژی گەل و شۆڕشگیرانی سلفادۆری نیراون ، لەگەل فرینراوەکانی ناو فڕۆکە ئەمەریکاییەکەدا ئەو جیاوازیەیان هەیە کە ئەمانەی دوایی چ کارەو چ باوەڕبن هەر ئەوەندە تاوانباری شانیان ئەگرێتەوە کە هاووڵاتیەکی ئەمەریکاین و دەوڵەتەکەیان هاوکار و هاوشان و هاوتاوانە لەگەل ئیسرائیلی دوژمن بە گەلانی عەرەب و داگیرکەری بەشیك لە وڵاتانی عەرەب لە فەلەستین و سوریاو لوبنان و میسردا .

ئنجا لەبەر ئەوە لێرەدا تەنیا تۆقاندن و تۆقێنەران و بیروباوەڕی ڕۆنالد ریگن لەبەر سێبەری ڕووداوەکەی سان سلفادۆردا ئەخەینە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە وشەی تۆقاندن وشەیەکە زۆرتر دیموکراتی خوازان و شۆڕشگیرانی جیهان دژی زۆرداران و داگیرکەران بەکاریان هێناوە . کە لە کۆڕی تیژبوونی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان زۆرداران و زۆر لێکراواندا ، هیزی شۆڕشگیران وردە وردە کەوتوونەتە خۆ کۆکردنەوە و جموجول ، خێرا کاربەدەستانی چینە چەوسێنەرەوەکان سیاسەتی تۆقاندنیان لە دژ بەکارهێناون و ڕێبازی هەرەشە لێکردن و ئازاردان و گرتن و دوورخستنەوە لەماڵ و هەندێ جار لەوڵاتیان لە دژ گرتوتە بەر تا بزوتنەوەکەیان خاموش بکەن و لە ئەنجامدا لەناوی بەرن .

مێژووی پێوەندیەکانی چینە دوژمن بەیەکەکان و مێژووی نێوان داگیرکەران و داگیرکراوان ئەو ڕاستیەیە تیا ڕەنگ ئەداتەوە کە چەوسینەران دوای مایە پوچی لە هەڵخەڵەتان و فریودان دا گورج و گوڵ پەنایان بردۆتە بەر سیاسەتی تۆقاندن و بەکارهێنانی ئاگروئاسن وە هەربەم جۆرەش لەگەل هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادی خوازانەدا ڕەفتاریان کردووە .

کەچی وا ئێستا سەرەکی گەورەترین و دڕترین دەوڵەتی ئیمپریالی ئەم تۆمەتە لە شانی خۆیان دائەماڵێت و زۆر بەئاسانی ئەیکات بەبەری گەل و نۆینەرە شۆڕشگێرەکانی سلفادۆری دا !

بەبۆنەی فراندنی فڕۆکەکەی ئەمەریکا لە یۆنانەوە بۆ بیروت و کوشتنی شەش شارەزای عەسکەری ئەمەریکایی کە بۆ یاریدەدان و مەشق پێکردنی بەشێکی لەشکری دەوڵەتی سلفادۆر چووبوونە سان سلفادۆری پایتەختی ئەم وڵاتە ، ڕۆنالد ریگنی سەرەك کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کونگرەیەکدا بە ڕۆژنامەنووسەکانی وت : « تاوانی کوشتنی عەسکەریەکانی ئەمەریکا لە سان سلفادۆر هەروەکو تاوانی دژ فرینراوەکانی ناو فڕۆکەکە وایە وە ئەم جۆرە تۆقاندنە تۆقاندنێکە دژی شارستانێتی ڕۆژئاوا ! » .

هەواڵەکانی ئێران زۆرن ، گشت لایەنەکانی ژیان دەگرنەوە ، ڕاستە ئەوەی بەسەر هەموویانا زاڵە پێشێل کردنی مافی مرۆڤە .. بەڵام هەندێکی کەشیان لەمە کەمترنین و پێویستیان بە ڕامان و وەستان هەیە .. بۆچی ڕۆشنبیران و پیاوانی خاوەن بیرو نووسەرو هونەرمەندان بە چەشنێکی خراپو نالەبار مامەڵە بکرێن .. نیگارکێشی بەناوبانگ « حسن فاغی » پێش چەند هەفتەیەك لەژێر سزاو لێدان لە یەکێ لە بەندیخانەکانی مەلاکاندا کۆژراوە .. بۆچی .. ؟

چونکە دژی ڕژێمەکە وەستاوەو بەرگری لەمافی گەلانی ئێران کردووە .. چونکە لە بەرهەڵستکارانەو ئاکاری مەلاکانی بەدل نییەو هەر ڕۆژ بەدەیان تاوان بەچاوی خۆی دەبینێت .. جا چۆن نامەی هونەریەکەی نەگەیەنێتە خەڵکو بەرگری لە مافی ڕەوایان نەکات .. !!

بۆچی « بەهمان یەزدی » سەرەکی دانیشگای تاران پێش چەند مانگێك ئیستقالەی کردووە .. پێش ئەمیش دوکتۆر « شیبانی » کە دیسان ئیستقالەی کردووە .. نووسەری بەناوبانگی ئێرانی « سیادش بشیری » پێش ماوەیەك لە ئێران هەڵاتووەو ئێستا خەریکە بە دوورودرێژیو بە بەڵکە لەسەر بارودۆخی ئێران دەنووسێت .. لەبەرچی .. ؟

دیسان گەلێ هەوڵی تر هەن .. گرتنی هونەرمەندانی شانۆو سینەما .. سزادانی مامۆستایانی دانشگاو قوتابیانو پیاوانی ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆست .. بگرە پیاوانی وەرزشیش لێیان ڕزگار نەبوون .. لەم ئارەزووە سادیانەی مەلاکان کە هەرگیز ڕەحمو بەزەییان بەخەڵکی بێتاوانی ئێران نایەتەوە ..

بابزانین کام لابان ڕێبازی تۆقاندنیان گرتۆتەبەرو تۆقینەرن ؟!

ئاشکرایە کەوڵاتی سلفادۆر وڵاتێکی هەژاری بچوکە کەوتۆتە ئەمەریکای لاتینیەوەو گەلەکەشی گەلێکی بچوکی کەم ژمارەی لێقەوماوی دەستکورتی زۆر لێکراوی ماف زەوتکراوی لە دیموکراتیەت و ئازادی لێبەشکراوە .

وە سەبارەت بەم بارە نالەبارە ئەم گەلە دلیرە دەستی داوەتە چەك و ریگایەکی شۆڕشگیرانەی ئاسایی گرتۆتە بەر لە پێناوی خۆ ڕزگارکردن لە ڕژێمە دەستە ڕاستە عەسکەریە بە زۆر خۆ سەپێنەکەی سان سلفادۆردا .

وە ئەم خەباتە ڕەوایەی نەك هەرلای گەلی سلفادۆرو هاوکارەکانی تەنانەت لای کاربەدەستانی هەندێ وڵاتە سەرمایەداریەکانی ئەوروپاش بە خەباتێکی ڕەواو هەق خواز ناسراوەو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانا ڕەنگی داوەتەوە .

ئنجا ڕونالد ریگنی بەناو مرۆڤ دۆست و ناحەز بە تۆقاندن لە بریتی ئەوەی گیانی مرۆڤ دوستی ڕاستەقینەو لە تۆقاندن و تۆقێنەران بیزاربوون بێخستبایە سەر شەقامی دۆستایەتیو کۆمەك کردن بەم گەلە هەژارە لێقەوماوە ، ئەدەبو بەم دەستو بەو دەست کۆمەکی عەسکەریو ئابوری بە دیکتاتورەکانی سان سلفادۆر بکاتو بەشداری ڕاستەوخۆی تاوانی خوینڕێژیو ویران کاری ئەم وڵاتە بێت .

ئایا شارستانێتی بەوە بەرەوپیش ئەرواتو گەشە ئەکات ، ڕونالد ریگن کۆسپ بخاتە بەردەمی ڕەورەوەی بەرەو پیشچووی ڕزگاری هینەری شۆڕشگیرانی سلفادۆری یان بەوەی دەستی یارمەتییان بۆ درێژبکاتو ڕۆژێك زووتر بە مافی ڕەوای خۆیانو ئازادیو دیموکراتیو کامەرانی بگەن ؟

بەوە ئەوتریت تۆقاندن کە چەکدارانی سلفادۆری لولەی تفەنگەکانیان بکەنە پیس ترینو درندەترین داگیرکەری ئەم سەردەمە کە ئەم شەش ئەمەریکاییە نموونەی هەڵبژاردەیانیان بەو کۆمەڵە عەسکەرە چاوبرسیە نوکەرە خوینڕێژەی بێپەروا لە پێناوی مشتیك خاوەن سامانی سلفادۆریو ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا بەناهەق خوینی لاوانو ژنانو کریکارانو جوتیارانو زەحمەت کیشانو بێ تاوانانی سلفادۆری ئەریژنو خانە ویرانیان ئەکەن ؟!

ئەگەر ڕونالد ریگن لە بریتی ئەو عەسکەریانە دوکتۆرو دەرمانو نانو خواردەمەنیو پۆشاکی بو بناردنایەو پیاوانی ئەمەریکایی تیا بکوژرایە ئەوسا ملیۆنان کەس ئەچوونە پال ڕونالد ریگنو لەو بەکوڵتر فرمێسکی داخو خەمیان بو ئەمەریکاییە کوژراوەکان هەڵئەڕشت .

بەڵام وادیارە واتای شارستانێتی ڕۆژئاواییانە هەر ئەمەیە کە ڕونالد ریگن پرۆپاگەندەی بۆ ئەکات ، هەر لەبەر ئەمەشە کەهێڵی ئیمپریالیستەکانو کۆنەپەرستان لەگەل هێڵی گەلانو شۆڕشگیرانی جیهان هەرگیزاو هەرگیز سەریان بەیەك ناگات .

هەر بەپێی ئەم لێکدانەوەو بۆ چوونەش مرۆڤ بە ئاسانی ئەتوانێت بوختانەکانی تریشی شیبکاتەوەو ڕەشو سپی هەریەکە بخاتە ڕەفەی ڕاستی خۆیەوە .

● فؤاد حسین ●

بەڵام ئێمە دەڵێین یەکگرتنی گەلانی ئێرانو کۆششی بەردەوامیانو جوڵانی ڕۆشنبیرانو هوشیارکردنەوەی ئەم گەلانەو ڕێکخستنی ڕەورەوەی شۆڕشیان دژ بە ڕژێمی کۆنەپەرستو خوێنڕێژ .. یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی ڕماندنی ڕژێمە ڕزیوەکەی خومەینی ..

بۆ ڕزگارکردنی گەلانی ئێران لە چنگ ئەم دەستە نەفامو گەوجە کە ئێرانیان بۆ سەدان ساڵ خستۆتە پاشەوە کە هەرگیز لەگەل سەدەی ئێستاماندا ناگونجێت .. بۆ ئەوەی لەسەرەتادا بناغەی زمانێکی نوێ دابنێت کە ماف مرۆڤی تیایدا پێشێل نەکرێتو نیەتی خراپو ئارەزووی نابەجێو دوژمنکاری بنەبڕ بکرێت .. بۆ ئەوەی گەلانی ئێران هەست بە بوونی خۆیان بکەن .. !!

کوردایەتی نەفوویە .. نە .. !

شۆڕەشا ١٧ـ٣٠ تیرمەها بیرۆز مەسەلا چارەسەرکرنا مەسەلا کوردی لپێشیا گەلەك مەسەلێن دی دانابۆ پێش چاڤێ خۆو گەلەك هەول داو پێتەکێ زۆر دا ڤێ چەندێ .. هەتاکو ئەو پێنگاڤا مەزن هاڤێتیو یاسایێ ئۆتۆنۆمی دەرکریو مافێن ڕەوایێن مللەتێ کورد دانێو مللەتێ کورد ژی گەلەك ئەڤ چەندە پێ خۆشی بۆو ژهەمی دلێ خۆ کورێن مللەتێ کورد هاتنە مەیدانا کاریو بەشداریەکا ڕاستو ڕەوان کرن ددانانا بەرێ بنیاتی بۆ عیراقا نوی ..

عراقا شۆڕەشێ ..و جوانترینو ئاشکراترین نموونە لسەر ڤێ چەندێ ئەوە دەمێ ئەم دبینین کو کورێن مللەتێ کورد دەست دەگەل دەستیو هەمی خێر خوازو خێر مەندێن عیراقی هەمی پێگڤە دناڤ چەپەرەکیدا و دناڤ سەنگەرەکیدا پێگەمە شەڕی دکەن دژی دژمنەکی نەفامو نەزان دژی دەستەکا زۆردار لئیرانێ .. یاکو تەماعیا خۆ بریە ئەردێ عیراقیو ئاخا پیرۆزا عیراقی .. ئەو ڕژێما ئیرانی یاکو نەڤێت مللەتێ عیراقی بخێرو خۆشی بژیت .. هەروەسا چەند نەفەرێن دی ژی هەر ماینەو لدویف بیرو باوەرێن کەڤنەپەرستیو ئیمپریالیزمێ دچن و بەردەوام دڤێن نەخشەو پیلانێن هۆستایێن خۆ بجە بینو هەول ددەن کۆمکو خرڤەبۆنا ریکبێخن کو ـ یاکو دبێژنێ ـ لیژنا مەلبەندیا پارتا کۆمۆنیست دەستێ خۆ یێ کریە دگەل دەستێ چەپەلێ کورێن بارزانی بوێ هەجەتێ کو دێ کوردایەتیێ کەن و ئەو دێ مافێن مللەتێ کورد دەنێ ..

لێ کورێن مللەتێ مەیێ کوردێ نەمر نە دخشیمن و هند ساویلکەو نەفام نینن کو ئۆف تۆڤێ نەخشەو پیلانان لسەر ببۆریت .. کورێن مللەتێ کوردی قەتو قەت دگەل وان نەبۆینەو نابن .. چنکو مللەتێ کورد ل عیراقی مافێن خۆ بین ڕەوا یێن وەرگرتین .. ئەوەی یاسایێ ئۆتۆنۆمی دەرکەتی ل سالا ١٩٧٤ ..

ئەڤجا چ پێك هاتنەك دڤی دەلیڤەیدا بهێتە کرن ئەو دژی باشیو قەنجیا مللەتێ کورده .. وهەر نەخشەو پیلانەك بهێتە گێڕان دەرباز نابیت لسەر کورێن مللەتێ کورد ..و مللەتێ کورد هەرێ هشیارو هایژخۆ هەیەو هەرگاڤێ ئامادەیە بۆ بەرەڤانیا ئەردو ئاخا پیرۆزا عیراقی ..و جوانترین نموونەژی بۆ ڤێ چەندێ ئەوە چەندەها سەربازو ئەفسەرێن خورتو زیرەکێن کورد خەلاتو نیشانێن خورتیو زیرەکیێ ژسەرەکێ قوماندار صدام حسین وەرگرتن .. ئەوژی ژبەر زیرەکیا وانو خورتیو دلێریا وان .. و بەشداریا وان دجەنگا شەرەڤو کەرامەتیدا .. جەنگا قادسیێ ..

ئێدی بلا باش کورێن بارزانیو یاوەرێن وانو ئەوێن دەستێ خۆ دکەنە دەگەل دەستێ واندا .. بلا باش بزانن .. کو هەر ئەو دێ زیانو زەرەر گەهیتە وانو هەر ئەو دێ پەشیمان بن .. لدەمەکی کو ئێدی بەشیمانی ژی بکێر وان ناهێت ..

ئو سەرکەفتنو سەرفەرازی هەر بۆ مەیە کورێن مللەتێ کوردێ نەبەز و سەبلندی هەر بۆ عیراقیە .. عیراقا شۆڕەشێ .. عیراقا قادسیێ ..

● هاوکار ●

لەبەر ڕۆشنایی بیرو باوەڕی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا

● صبیح عبدالمجید ●

بیروباوەڕی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست واقیعەو دوورە لە ململانێی شۆڤینیو ڕەگەزپەرستی لە ئەنجامی پێداویستی بوژانەوەی نەتەوایەتی نەتەوەی عەرەب هاتەکایەوە بۆ دووپات کردنەوەی ناسنامەی عەرەبیو ڕوانینی مرۆڤایەتیو بەرپاکردنی کودەتایەك لەو بارودۆخەو گۆڕینی بەرەو ئامانجەکانی ڕێبازی سالانی ڕابووردوی خەباتی حزب ئەو ڕاستیەی سەلماندکە ئەم حزبە لە ئەنجامی پێداویستی جەماوەری نەتەوەی عەرەبی لە دایکبووە لە پێناو ڕابەرێتی کردنی جەماوەر بەرەو ئاسۆی خەبات و تێکۆشان ..

بەعس لە قۆناغێکی مێژوویی ناسك دا لەدایکبوو نەتەوەی عەرەبی تووشی جۆرەها شالاوی بیروباوەڕی دژ بەهیواو خواستی نەتەوەی عەرەبی ببوو .. بزوتنەوەی خەباتگێڕی بۆ گۆڕینی بنەڕەتی کۆمەڵ لە ئارادا نەبوو ..

ئەو هەوڵو تەقەلایانەی بۆ چاککردنەوەی باری ئەو سەردەمە ئەدران هاوسەنگ نەبوون چونکە یا لەبەر ڕۆشنایی ڕوانینی هەرێمایەتی یا لە ئاسۆی چینایەتی سەیری مەسەلەی نەتەوایەتیان ئەکرد ، بۆیە تێکەڵاوبونی لەگەل جەماوەر کەم بوو ، سەرەڕای بارودۆخی تا کە کاری لە بزووتنەوەی خەباتی نەتەوایەتی کردبوو لەمانە سەرهەڵدانی بیروباوەڕی نەتەوایەتی کە ڕوانینی زۆر تەسك بوو سەبارەت بە ڕۆڵەکانی نەتەوە غەیرە عەرەبیەکانو هەروەها بیروباوەڕی کە دووربوو لە ڕەسەنایەتیو سیمای مێژوویی بیروباوەری نەتەوەی عەرەبی بۆیە نەتەوەی عەرەبی لە سەرەتای چلەکانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دژواریە سیاسیانەو نزمبونەوەی هوشیاری ، سەرەڕای گیروگرفتەکانی دواکەوتویی کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕۆشنبیری دوچاری بارێکی زۆر ناهەموار ببوو ، بۆیە لەدایکبوونی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ بەرەو ڕووبوونی پاشماوی دواکەوتنو بیروباوەڕی دژوار لە پێناو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بۆ گەیشتنە پڕۆگرامێکی شۆڕشگێڕی لە پێناو گەیشتنە ئامانجەکانی لە یەکێتیو سەربەستیو سۆشیالیستیدا .

لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕو ڕوانینی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەم سەردەمەی ئێستامان سەردەمی نەتەوایەتیەو شارستانیتیە سەردەمی شارستانێتی نەتەوایەتی مرۆڤایەتی ، هەروەها بیروباوەڕی حزب ڕەفزی ڕەگەزپەرستی ئەکاتو لەو باوەڕەدایە بەبەرزبوونەوە دەستپێئەکاتو لەوانەیە بە ژێردەستەیی ئیمپریالیزم کۆتایی پێبێت بۆ هەڵگرتنی پەیامی شارستانێتی دوور ئەکەوێتەوە .. بیروباوەڕی سەرەکی حزب ئەوەیە کە مەسەلەی نەتەوایەتی ڕاستیەکی زیندووەو نابێت پشت گوێ بخرێت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستو دروست لێك درایەوەو لەسەر بنچینەیەك مرۆڤایەتی بنیات نرا ئەوا ڕەگەزپەرستیو لێك جیابونەوە لە ئارادا نامێنێت .

هەروەها بیروباوەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئەوەیە کە نیشتمانی عەرەبی هی ئەو جەماوەرەیە کە تیایدا ئەژیت نەتەوەکانیش هەموویان یەك پارچەن وەك یەکن بەتایبەتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان چونکە حزب ڕوانینێکی نەتەوایەی مرۆڤایەتی هەیەو دژی ڕەگەزپەرستیە لەسەر بنچینەی ڕەگەز یا ڕەنگ یا ئاین یا نەتەوە بەڵکو بەچاوی ڕێزەوە سەیری هەموو نەتەوەکانی نیشتمانی عەرەبی ئەکات . چونکە نەتەوەی عەرەبی بە درێژایی مێژووی نەمری ڕەگەزپەرست یا شۆڤینی نەبووە قەت بەخراپە لەگەل کەمە نەتەوایەتەکان نە جوڵاوەتەوە بەڵکو بەدرێژایی مێژوو هەڵگری پەیامو نیشانەی شارستانێتی بووە بیروباوەڕو ئامانج بنچینەی پەیوەندی نەتەوە بووە بە نەتەوەکانی تر ، بیروباوەڕی بەعسیش لەم ئامانجو مێژووە پرشنگدارەوە هەڵقوڵاوە لەسەر بنچینەی ئاسۆی پەرەپێدانی نەتەوەی عەرەبی نەمر ..

بۆیە ڕوانینی بەعسی بۆ کوردەکان لەسەر بنچینەی پایە بەرزکردنی کوردەکانە لە نیشتمانی

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

لە یادی ٦٥ ساڵەیدا

شۆڕشی بیست شۆڕشی



هەموو عێراقیەکان

● ئامادەکردنی : عبدالرسول حسین

● سەرکردایەتی شۆڕش لە نەجەف و بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی نیشتمانیپەرەرانە لە شارە ئازادکراوەکانی عێراقدا

● شێخ محمودی حەفید داوا لە شارەکانی کوردستان دەکا یارمەتی شۆڕش بدەن

● بیروباوەڕەکانی شۆڕش و هۆیەکانی

● شۆڕشی بیست ئیمپریالیزمی تۆقاندو ئامانجەکانی بەتەواوی نەهێنایەدی

● ڕاگەیاندنی شۆڕش و بەیاننامە شۆڕشگێڕیەکان

● یەکەم پزیسک ●

کە سوپای ئینگلیز هاتە بەغداوەو توانی لە ئاداری ١٩١٧دا عوسمانیەکانی لێ دەرکا سەرکردەی هێرشەکەی بەریتانیا جەنرال مۆد وتی بەریتانیا هاتووە بۆ ئەوەی عیراق ئازادکا نەك داگیری‌کا . پاش ئەمەش بەریتانیاو فەرەنسا پێکەوە بڵاویان کردەوە کەوا مەبەست ئەوەیە بەتەواوی گەلان ئازاد بکرێن و حکومەت و بەڕێوەبەایەتی نیشتمانی وایان بۆ دابنرێ کە دەستەلاتیان لە ئارەزووی هاوولاتی‌یەکانەوە وەرگرتبێ .

ئینگلیزەکان سوودیان لەو بێزاری و ڕقە وەرگرت کە لە سینگی عیراقی‌یەکان جۆشی سەندبوو بەرامبەر بەو عوسمانی‌یە داگیرکەرانەی کە بە سیاسەتی (جەورو ستەمی نەفامانە)و بە زۆر بە تورك‌کردن و ڕێزنەگرتن لە ئازادی‌ی خەڵکی ناسرابوون .. لە ڕاستیشدا ئەم عوسمانی‌یە لە چەند کۆمەڵێ لە دزو جەردەو ڕووتکەرەوەی خەڵکی بەولاوە هیچی‌تر نەبوون و هەر ئەوەیان مەبەست بوو کە سامانی وڵات بڕووتێننەوەو هیچ هەڵێکیان لە دەست خۆیان نەدەدا بۆ هەڵکوتانە سەر خەڵك و ڕووتکردنەوەیان بە جۆرەها شێوەو بیانوو . ئەگەر ئەم کینە پیرۆزەی عیراقی‌یەکان بخەینە سەر ئەو بەڵێنە شیرینانەی کە ئینگلیزەکان بەدەم سەرکردەکایەنەوە - مۆد - ئەباندا و پاش مردنی ئەمیش بە ڕشانەوە بەڵێنەکانی جەنرال مارشال ، هۆی ئەو تاوە بێدەنگبوونەی عیراقی‌یەکان و ڕازی‌بوونیان بوون بەوەی کە داگیرکەرە تورکەکان بگۆڕنەوە بە داگیرکەری ئینگلیزو بە هیوای ئەوەی کە ئەمان بەڵێنەکانیان جێبەجێ‌کەن و لەبەرئەمە دەبێ پشوویان بدرێتێ .. بەڵام با بزانین چی ڕوویدا ؟

شێخ محمد رضا الشبیبی لەبارەی هۆیەکانی ڕاپەڕینی عیراقی‌یەکانەوە لەوەودوا لەو شۆڕشە گەورەیەدا کە سەرەتاکەی لە ڕمیثەوە دەستی‌پێ‌کرد لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠ داو بۆ ئەوەی دواتر هەموو خاکی عیراق بگرێتەوە لە سەرەوە تا خوار دەڵێ :

« بە لای منەوە شۆڕشی گەورەی عیراق لە ئەنجامی دوو هۆی گرنگدا پەیدابوون یەکەمیان وشاردن و چەوساندنەوەی مۆنۆپۆڵی و داچۆڕاندنی ئەو خەڵکەی کە لە مەیدانی کشت‌وکاڵدا ئیشیان دەکردو کە بە تایبەتی عیراق پێش هەموو شتێ وڵاتێکی کشت‌وکاڵی‌یەو دەستگرتن بەسەر دەرامەتیا کە کەرەستە خاوەکانە بە نرخێکی کەم و گێرانەوەی پاش بەکارهێنانی لە پیشەسازی‌ی تازەدا بۆ فرۆشتنی لە بازاڕی ئەم وڵاتانەدا بە نرخێکی گران و ئەمەیە ناوکرۆکی ئیمپریالیزمی تازە .

هەروەها دەڵێ : « هۆی دووهەمیش ئەو وشاردنە سیاسی‌یەو قەدەغەکردنەی بیروباوەڕو ڕێ‌نەدانی ڕۆڵەکانی وڵاتە بۆئەوەی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن و داوای مافی خۆیان بکەن لە بڕیاردانی چارەنووسیانا بە دەستی خۆیان و هەڵبژاردنی حوکمڕانان و حکومەتەکانیان بە ئارەزووی خۆیان و .. پاش ئەمەیش ئەو هەوڵو تەقەلایەی کە داگیرکەرەکان دەیاندا بۆ ئەوەی جۆرە دەستەلاتێکی ڕاستەوخۆ داسەپێنن بەسەر عیراقدا . دانیشتوانی شارەکان زیاتر لە خەڵکی‌تر ئەم هۆیە کاری تێ‌کردن لەبەر ئەمە سەرکردەکانی بیروڕا لە کۆمەڵێ لە شارەگەورەکانا کۆششیان کرد بە یەکو دوا بەدوای جەنگی یەکەمی جیهاندا لەگەڵ یەکدا ڕێککەوتن بۆ بەگژاچوونی ئیمپریالیزمو داواکردنی چارەنووس وەرگرتن .

● شۆڕشی هەمووی گەل ●

هەرچەندە شۆڕشی عیراقی‌یەکان لە ساڵی ١٩٢٠دا نەگەیشت بە ئامانجەکانی ، شۆڕشێك بوو کە هەموو عیراقی‌یەکان بە هەموو چینو ناوچەکانیەوە بەشداری‌یان تیا کردو مۆرکی نیشتمانی دژ بە داگیرکەرە ئینگلیزەکان کەوتبوە سەر هەموو حیساباتێکی ترەوەو ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئاگادار کردەوە لەوەی کە ئیمپریالیزم یەکەو ناگۆڕێ چونکە مەبەست یەك مەبەستە .

ڕۆژەلاتناسی سۆفیەتی کۆتلۆف لە شیکردنەوەی هۆیەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەدا دەڵێ : « شۆڕشی بیست نەگەیشت بە ئامانجەکانی لەبەر دواکەوتنی ئابووری‌و تەکنیکی‌و سوپایی شۆڕشگێڕەکان کە بەرەنگاری هێزەکانی گەورەترین دەوڵەتی ئەوکاتەی ئیمپریالیست دەبوونەوە لەبارەی چەکی پێشکەوتوو و کادیرە سەرکردایەتی‌یە مەشق دراوەکانیانا ، ئەمە لەکاتێکا کە هێزە سەرەکی‌یەکانی شۆڕشگێڕەکان چەکیان خراپ بوو و سەرکردەکانیشی سادەترین ئوسوولی سوپایی تازەیان نەدەزانی » . ئەنجا کۆتلۆف دەڵێ : « ١٣٠ هەزار جووتیارو دەشتەکی‌و دانیشتوانی شار بەشداری‌یان کرد لەو شەڕەدا کە پێنج مانگی خایاندو ئەمە یەکەمجار بوو کە جەماوەری گەلی عیراق خەباتێکی کاریگەر بکا دژی دەستەلاتی ئیمپریالیزم بەجۆریکی‌وا ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی گەورە شوێن پێی ئیمپریالیزمی بەریتانیای لەقاند لە هەمووی ناوچەی ڕۆژەلاتی ناوەڕاستدا » .

بەمجۆرە دەردەکەوێ کە سووتەمەنی‌ی شۆڕشی بیست بڕێتی‌بوو لە جووتیارو وەرزێرو کرێکارو پیاوی ئایینی وا کە ئایینی نەکردووە بە کووتاڵو بازرگانی پێوە بکا .

گەلی عیراق لە سەرەوە تا خوار چەکی هەڵگرتو پاڵەوانانە شەڕی کردو لە تێکۆشانیا دژی داگیرکەران هیوای ئەوەبوو بکاتە حوکومەتێکی نیشتمانی وا کە ویستی دەربڕێ بە هەموو چین نەتەوە دژ بە ئیمپریالیزمەکانیەوە .

● ڕۆژنامەی شۆڕش ●

گرنگی‌ی ڕۆژنامەیش شاراوە نیە لە شۆڕشێکی وەك ئەو شۆڕشەدا کە باسیمان کرد لە یادی شەستوپێنج ساڵەیداو ئەو کارە گەورەیەی لەسەر ڕای گشتی لە هەموو پلەو بوارێکیا . زۆر ئاشکرایە کە سەرکردایەتی‌ی شۆڕشی بیست دەستەیەکی لەو ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەرانە تیابوو کە ئەم ڕاستی‌یەیان دەزانی‌و سەرکردایەتیش ئەوەی دەزانی کە دوژمنیش بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر هەمان چەك بەکاردێنێ لەبەرئەوە بڕیاردرا ڕۆژنامە دەربکرێ بۆ ئەوەی بەناوی شۆڕشەوە قسە بکاو ئاڵاکەی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی باوەڕی گەل بە شۆڕشەکەی پتەو بکاو دەنگوباسیش یەکبەیەك بڵاو بکاتەوەو وەڵامی هێرشەکانی دوژمنیش بداتەوە .

ڕۆژنامەکان دەورێکی سەرەکی‌یان گێرا لە خۆش‌کردنی ئاگری شۆڕش و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیاو گەرمکردنی دەماری شۆڕشگێڕانە لای جەماوەری شۆڕشگێڕو .. لە ڕاستیدا ڕۆژنامەکانی شۆڕشی بیست ڕوویەکی پرشنگداری شۆڕشی بیستی پێشەوا بوو و ئەمەیشمان لەمەی ماوەتەوە لەم وتارەمانا بۆ دەردەکەوێ .

● الفرات ●

یەکەم ڕۆژنامەیەك بوو کە سەرکردایەتی‌ی شۆڕش دەری‌بکاو هەفتانە بوو و سیاسی‌و ئەدەبی‌و مێژوویی بوو ژمارەی یەکەمی لە ٢١ی ذی القعدەی ساڵی ١٣٣٨ی کۆچیدا دەرچوو یانی مانگی ئابی ١٩٢٠ی زایینی‌و لە شاری نەجەفی مەلبەندی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشدا دەردەچوو و علی الخاقانی لە بارەیەوە دەڵێ :

« بە عەرەبی دەردەچوو لە ڕۆژانی شۆڕشی عێراقداو زوبانی حاڵی نووسینگای شۆڕش بوو بە ناوی شێخ محمد باقر الشبیبی‌یەوە دەردەچوو و لە چاپخانەی الحیدریەدا چاپدەکرا لە نەجەفو پاش ، ژمارەی پێنجەمی ڕاوەستا .

ئەوەی سرنج ڕادەکێشێ لە ڕۆژنامەی الفرات دا ئەوەیە کە زۆر گوێ‌ی نەدەدایە دەنگوباسی شۆڕش بەڵکو زۆربەی کەرەستەکەی بڕێتی‌بوو لە وتار کە باسی هۆیەکانی شۆڕش و مەبەستی دەکردو ئاڕووی سیاسەتی ئینگلیزی دەبرد لە عێراقدا . بۆ وێنە لەبارەی شۆڕش و هۆیەکانیەوە لە وتارێکدا کە بە ناونیشانی - شۆڕشی عیراق - بڵاوی کردەوە لە ژمارە دوویدا وتی :

« شۆڕشی عیراق لە جووتە خوشکە ئیرلەندی‌و میسری‌یەکەی دەچێ لە هەموو ڕوویەکەوە چونکە وشاردن بورکانەکەی تەقاندەوەو ستەم ئاگرەکەی خۆش‌کرد سەرکوتکردنی ئازادی‌و دەستدرێژی کردنە سەر ماف تەشەنەی پێداو گوێ کەڕ بوو لە بیستنی هەق‌و ویژدانیش کوێربووبوو لە جیاکردنەوەی بڕیارداو دادگاکانیش دەرگاکانیان داخستو نە دادگا مابوو نە دادیارو ماف کەوتە دەست ئەوەوەزێری هەیەو داخوازی‌یە ڕەواکانی نەتەوە پەرچدرایەوەو تەماع ئاشکرا بوو و



ئارەزووی زۆرو ئاچارکردن دەرکەوتو دەستەلات بوو بە شتێکی بڕاوەو حوکمڕانی سەیرو سەمەرەی بەسەرهاتو گەل ئازادی‌ی نەماو نەتەوەکان سەربەخۆیی‌یان لەدەستچوو و زۆرداری توند بوو تا گەیشتە ئەوپەڕی‌و نەتەوە ئۆقرەی نەما بەهۆی ئەوەوە کە هەموو ڕۆژێ دووچاری دەبێ بەدەست جەورو ستەمی حوکمڕانە داگیرکەرەکانەوە بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە عیراق بێزار بووەو دەنگی بێزاری دەربڕین ئاستمانی پڕکردووە بۆ هێنانەدی - چارەنووس - و بۆ پشتگرتنی سەربەخۆیی تەواو » .

پاش پێنج ژمارە الفرات لە دەرچوون وەستا بێ ئەوەی باسی هیچ هۆیەك بکرێ بەڵام بێگومان هۆیەکە نە دارایی بوو نە هونەری .

● الاستقلالی (نەجەفی) ●

ئەمە دووهەم ڕۆژنامە بوو کە سەرکردایەتی‌ی شۆڕش دەری‌کرد پاش ئەمانی الفراتو یەکەم ژمارەی لە ای تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا دەرچوو و هەر هەفتەیە چوار جار دەردەچوو و ئەمەی کردبوو بە دروشم - ژیان بێ سەربەخۆیی ژیان نیە - و لە ناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمیا بوو و بەڕێوەبەری سیاسی‌و سەرنووسەری سید محمد عبدالحسین بوو و .. زۆر خەریکی باسی ڕووداوەکانی شۆڕشگێڕەکان‌و ناردنی بەیاننامەو ڕاگەیاندن بوو بۆیان .

شایانی باسە ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن قایمقامی نەجەفەوە ڕێگای پێدرابوو کە ناوی نور السید عزیز بوو و شۆڕش دایمەزراندبوو . ڕۆژنامەی الاستقلال هەر لە یەکەم ژمارەیەوە ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ خۆی گرتبوو و لە وتاری سەرەکی‌ی یەکەم ژمارەیەوە شێوەکانی تێکۆشانی خستە ڕوو بەرامبەر بە داگیرکەران‌و باسی ئەوەی کرد کە پێویستی‌یەکانی دەرچوونی لە نەجەف چین‌و لەبارەیەوە وتی :

« پاش سوپاس‌و سڵاو پێمان ناخۆش بوو کە وڵات ڕۆژنامەی نیشتمانپەروەری تیا نەبێ‌و نووسەرو خاوەن قەڵەمەکان گوێ‌ی پێ‌نەدەن لەم ڕۆژە سەختانەدا لەبەرئەوە نیشتمانپەروەری یاڵی پێوە نایین کە ڕۆژنامەی الاستقلال دەرکەین لە نەجەفی پیرۆز پاش ئەوەی وا بڕیاربوو کە لە بەغدا دەربکرێ بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆو دەلەسەی داگیرکەران‌و بوختانەکانیان‌و جەورو ستەمی دڕندایەتی ئاشکرا بکاو پەردەی ڕاستی لەسەریان هەڵماڵی‌و دەنگوباسی ڕەواکانی نەتەوە ئاشکرا بکا بۆ جیهان‌و دەنگوباسی شەڕەکان‌و ڕووداوە ناوخۆیی‌یەکان بڵاوکاتەوەو نەتەوە ئاگادار بکا لەو حاڵەتە سیاسی‌یەی کە زوو زوو دەگۆڕێ‌و پاشەڕۆژی پێشان بدا کە لەناو ئەو ڕووداوانەوە دەردەکەوێ کە ڕوودەدەن‌و ئەو ڕێگایانەی پێشان بدا کە پێویستە پیایانا بڕوا بۆئەوەی بگا بە ئامانجە پیرۆزەکەی‌و ڕەخنەیش لە کردەوەکانی بگرێ بۆئەوەی چاك‌و خراپیانی پێشان‌بدا وەك ڕۆژنامە گەورە ئازادەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان » .

لەو بابەتە باشانەی کە الاستقلال بڵاوی دەکردنەوە ئەوەی کە بە ناونیشانی (خراپەکاری‌یەکانی داگیرکەران)دا بڵاوی دەکردنەوەو کە نووسەرەکەی بە ناوی (م.ع)ەوە ئەبنووسین‌و ئەمە بێجگە لەوەی کە بابەتێکی دەنگوباسانە بوو ڕاستی‌ی کردەوەکانی هێزە داگیرکەرەکانی دەردەخست دژی گەلی عیراق لەو هەولە بێهوودەیەیا کە دەیدا بۆئەوەی شۆڕش سەرکوت‌کاو پشتگیرەکانی لەناوبەرێ‌و لە هەمان کاتیشدا بابەتێکی ناشیش بوو بۆ هاندانی گەل دژی داگیرکەران‌و خەنك کۆکردنەوە بەدەور شۆڕشدا .

لەو وتارانەی کە بڵاوی دەکردنەوە ئەمانەن : « دەرستدرێژی‌کردنە سەر حەرەمی پاك‌و قورئان سووتاندن »و « کوشتاری جانەوەرانە لە دێی لەبلاب‌و « دیلەکان دەدرینە بەر گوللە »و لەژێر دوا ناونیشانا ئەم هەوالەی خوارەوەی بڵاوکردبووەوە :

- ئینگلیزەکان سێ موجاهیدیان بە دیل گرت‌و بردنیان بۆ ئزردوگای سوپا لە حیللەو گوللەبارانیان کردن چونکە داوای مافی خۆیانیان کردبوو و بەرگری‌یان لە نیشتمان کردبوو و شتی سەیر لە

بڕوانە ل ١١

● لە ڕمیثەوە بۆ سلێمانی ●

بەڵام ئەوەی کە ئینگلیزەکان جێبەجێ‌یان کرد لە بەڵێنەکانیان بۆ ئازادکردنی گەلان ئەوەبوو کە دەست‌و دەستەلاتیان گرت بەسەر هەموشتێکدا بەڕادەیە وای لێ‌هات نەهێڵن خەڵکی سەر لە شوێنە پیرۆزەکان بدەن یان مردووەکانیانی تیا بنێژن بێجگە لە لاتکردنی خەڵکی‌و تێڕوانینیان وەك کۆیلە . لەم ماوەیەدا پیاو ماقوڵو سەرکردە عیراقی‌یەکان لە پیاوی سیاسەت‌و ئایین‌و سەرەك هۆزەکان دەستبان‌کرد بە کۆبوونەوەو پارە کۆکردنەوەو بەرهەڵستی‌کردنی هەموو کاروبارەکانی دەستەلاتی داگیرکەرو خۆپیشاندان لە هەموو شارەکانی عیراقدا دەستی‌پێ‌کرد لە بەسرەو سلێمانی‌و پاش هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕش لە ڕمیثە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠دا خێرا شۆڕشگێڕەکان لە نەجەف‌و کەربەلاو بەغداو حیللەو شارەکانی‌ترو سەرەك عەشیرەتەکان‌و پیاوە ئایینی‌یە نیشتمانپەروەرەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ یارمەتیدانی شۆڕش‌و لە نەجەف‌دا حکومەتێکی کاتی دانرا بۆ شۆڕش‌و ئاڵای بەریتانیا هێنرایە خوارەوەو لە جێیدا ئاڵای شۆڕشی عیراق هەڵکراو .. هەروەها لە زۆر شارانی بەشی خوارووو ناوەڕاستدا ئەمە کرا . لە بەشی ژوورووی نیشتمانیشدا شێخ مەحمودی حەفید داوای لە ڕۆڵەکانی ناوچەکە کرد کە یارمەتی شۆڕش بدەن‌و لە بنکەکانی ئینگلیز بدەن‌و دەستەلات بگرنە دەست‌و بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانی دروستبکەن لە شارەسەرەکی‌یەکانی کوردستاندا . بەمجۆرە دەبینین شێخ مەحموود پێشەوایەتی‌ی شۆڕشگێڕەکان دەکا لە سلێمانیداو حکومەتێکی نیشتمانی دروست دەکا تیایا . لە شاری کفری‌یشدا ئەمە ڕوویداو ئیبراهیم خان هێرشی بردە سەر ئەو ئینگلیزانەی لەوێ بوون‌و بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی کاتی‌ی نیشتمانی دامەزراندو کاروباری ئیداری تیادا ڕێکخست بەوشێوەیەی بۆ ئەو کات‌و ساتە دەستبدا . لە پارێزگای دیالەیش شێخ حبیب الخیزران پێشەوایەتی‌ی ڕۆڵەکانی عەشیرەتەکەی کرد بۆ لێدانی ئینگلیزو .. لەو پێنج مانگەی شۆڕشی سەرکەوتووی عیراقدا کە ئامانجەکانی نەهاتنەدی ژمارەیەکی زۆر لە حوکمڕانە سیاسی‌یەکانی ئینگلیز کوژران لە شارەکانا چ لە بەشی خوارووو یا ناوەڕاست یا سەرەوە .

Institut kurde de Paris

گەشتێك بە نافی تەمەندا

جەمال بابان

ساڵی ٩٣٧ باوکم لـــە بەرزنجەوە گوێزرایەوە بـــۆ عەربەت ، من لە پۆلی دووی سەرەتاییەوە دەرچووم بـــۆ (سێ). لەبەر ئـــــەوەی قوتابخانەکەی عەرەب تەنهـا پولی یەکو دووی هەبوو ،من لە سلێمانی توند کرامو لـە ماڵی خزمێکی دایکـــم لای (باجی حەلاو)، کە ماڵەکەیان نزیك شەقامی سابون کەران بوو ،

یاخوا گۆرەکەی پرر لـەروناکی بیت ، باجی حەلاوی خزممان ، هەر تەنهـا ژن نەبوو بەس ،

بەڵکو شاژن بوو .تەمەنی ئەوسا بەنجا ساڵ نەبـوو ؛ رەقەلەیەکی باڵا ناوەندی ؛ سەرو ئەگریجە ســـــــپی میردەکەی (قولچی ـ ساعی) بوو ، مانگانەکەی تەنها (٣) دینار بوو بـە (مخصصات)ی ئەسپە بۆرەوە کـــــەورەی ئەگرت ئەگەیشتە جـــــوار دینارو نیو . ئەم ژنو میردە دو کوررو کچێکیان هەبوو . کورە گەورەکەیان ئیشـــــێکی وەهای نەبوو ، جگە لەوەی هەستی بە ئەرکی سەرشـان نەئەکرد ، بەڵام رەشـــــە خێزانێکی بەسەر ماڵی باوکیا سەپاندبوو کە ژمارەیان لـەم دوایەدا گەیشتە شەشـــ سەر . کورەکەی تریان هەر زوو بەجێی هیشـتن دوای ئەوەی بوو بە مامۆستا ،ژنی هیناو لای لێ نەکردنەوە . خانوەکەیان هەر سەد مەتـر ئەبوو ، ژورێك لـــــــــە سەرەوەو دوان یەك لە نـاو یەکدا لە خوارەوە ، ژووری پشتەوەیان تەویلەی ئەسـپە بۆرە بوو .

باجی حەلاوی مەزن بـەو مانگانەکە مەی مێردەکەیو بە (لفکە چنین) ئـەو خێزانـــە گەورەیەی بەرێوە نەبـرد . ئەمە لە کاتێکدا کە ماڵـــە ـ کەشیان وەك ئیستگە وا بوو، چونکە باجی حەلاو تا بڵـێی ژنێکی ژیرورو خۆش و رێزی خەڵکی لابوو ، ئیتر هەمیشە ماڵەکەی جممەی ئەهات ئـەم خزم ئەهاتو ئەو ناســـیاو ئەرویشت ، ئەهاتن پرسیان پێ ئەکردو ئیشیان بـــــە مناڵەکان ئەکرد ، هەمـووش چاپان ئەخواردەوەو ئەگـــەر کاتی نان خواردنیش بوایـــــە نانیان ئەخوارد ، بەڵام لـــە راستیشدا خەڵکەکـــەش دیاری و یارمەتی یان پێشکەش ئەکرد . من لەو ماڵـــــەدا چوار ساڵم بردە سەر تـــا گەیشتمە یەکی ناوەند .شەو کە خێزانەکە ئەنوست مـنو باجی حەلاو بە دیار چرایەکی (لە مپای ئاوبنەدار)ەوە کـــە لەسەر کورسیەکی بنۆڵـــــە دائەنرا دائەنیشتین ، مـــن دەرسەکانم ئەخوێنـــدەوەو ئەویش لفکەی ئەچنی ،شەو نە ئەنوست جاری وا هەبوو نویژەکەی بەیانی ئەکـــردو لفکەکەی تەواو ئەکرد ئنجـا ئەنوست . هەر کە لە دوای یەك دوو سەعات نوســـتنی هەڵئەستا ، گـورج لفکەکەی ئەنارد ئەیفروشت ، ئەوسـا پەنجا فلس و لە دوایـــــدا روپیەیەکی ئەکرد ، بـــــە پارەکەی نانو گوشتی ئـەو رۆژە ئەکرڕا ، هەندیك جار کفتەی لێ ئەناو ئەیـــووت ئەمڕۆ (کفتە لفکە)مان هەیە.

باجی حەلاو ئەیئارد خوری لـە لادێ ئەکریو پـــــاك ئەیشتەوە ئنجا بە خـــزی و کچەکەی و بوکەکەی و خزمان و دەرودراوسێ ئەیان رسـت ولفکەی پێ ئەچنی ، دەستی کورتو دارایان کەم بـوو ، بەڵام رۆژێك لە رۆژران ئاخو ئۆفێکی نەکرد ، سەریشـــی بچوایە نۆیژی نە ئەچوو ،جگە لەوەی مەلای تایبەتی خـۆی هەبوو ، حەفتەی جارێـــك مەلا عەلی ئەهاتە ماڵەوە بـــە دەنگی بەرز قورئانی ئەخوێند ؛باجی حەلاویش لەبـــــەر خۆیەوە لەگەڵیا ئەخوێنـــد چونکە هەر لە منالیەوە لـــە حوجرەدا زوربەی ئایەتەکانی لەبەر بوو .

باجی حەلاو لە کۆمـــەل دوا نەئەکەوت، ئەی ئەهێشت دەستکردنی پێوە دیـــاری بدات ، ژنیکی خـــــاوەن دەروونێکـــی بـــــــەرزو (شخصیەت)یکی بەهێـــزی هەبوو لە هەمان کاتیشدا بـە زەوقو حەزی لە گـــەرانو سەیران بوو بە هاران پایراخ و ماستو خورماورونێکـــی نیرگزی بۆ ئەکردینو لەگەڵ منالەکانی کورەکەیدا ئەیبردین بۆ سەیران (سەیرانی ئەوسا)

دەمەو بەهار دەوروپشتی سلێمانی ، بەتابەتی ئـــەو شوێنانەی ئاوی هەبوو تزیك بوون بە زۆری روژانی چوار شەممەوان ، پرر ئەبوون لـە سەیرانکەر بە جلـــــــی ئاڵووالاوە کە لەگەڵ بەهـارە رەنگی گیاو گوڵو گوڵاڵـــە تیکەڵاو ئەبوون ، پیاو هـەر حەزی ئەکرد سەیری ئـــەو دیمەنە جوانانە بکات . لـــە (پیرمیکائیل) کـــــــە لای پردەکەی ئەوسای (هومـــەرە کوبر)ەوە بوو نزیـــك دێی (قرگە) رۆژهەڵاتی سلێمانیو (کانیبا) دیسان هەر لـە رۆژ هەڵاتی سلێمانی و (کارێزی وەستاشە ریف)و (گـــردی مامەیارە) و (تووی مەلیـك) لـە زوور سلێمانیەوە کـــە ئیستا هەمووی خانوەو هەر بە گەرەکی تووی مەلیك بـە ناوبانگەو بە مولکایەتی هـــی شێخانی سلێمانی بوو ،ئنجا (قۆریە شکاو) و (مشـیراوا) و (چەمی قلیاسان)و ئەگـەر خـەلـك دوورنز بڕۆیشتنایە ئەچوون بـــۆ (سەرچنار) و (بەکرە جـۆ)و (چەق چەق) ئەمانە هەمـو لـــە رۆژاوای سلێمانی . لـــــە خواروی شاریشەوە (ولوبـە)و (داری شیخە باس)و بە ولاتـــرەوە (کانی ماسی)و بەولا تریشەوە گوێ (چەمی تانجـــــەرۆ) ، ئەمانە هەموو و گەلێـــــك شوینی تر سەیرانگا بوون ، خەڵك رووبان تێئەکـردن ، کورو کچ ، ژنو پیـــاو ، هەندی جار گۆرانی بێژو جار جاریش دەهۆڵو زورنا کـــە ئەوسا (عەبەی سـەی زادە)و (گەررگەرر)و (حـــەمـــە چاوەش)و زۆری تر شایان لە سەیرانگادا گەرم ئەکـــرد هەندی جار ژنو هەندی جار پیاو بە جیاو جار جاریشـــ تێکـــەڵاو (رەشـــبەڵەك) هەڵئەپەرینو دەستیان بـــەر ئەئەدا بۆ پشوو نانخواردنو چا خواردن نەبێت .

سەیرانی قوتابخانەکان جیا بوو ، ساڵی جارێك یان دوو جار رێگا ئەدرا بـــــــــە قوتابخانەکان کـە قوتابیەکـانیان بەرن بۆ سەیران ،ئەوسا هەر قوتابیەی لـــە ماڵـەوە شتیکی بۆ دروست ئەکرا لـە مەنجەڵێکی بچوك یاخـــــود (سەفەر تاسی)دا ئەیبرد لـە سەیرانەکە بە زۆری ئـــەم خواردنانە تیکەڵاو ئەکـــراو هەموو لەسەر (سفرە)یـــەك دائەنرا ، مامۆستاو قوتابـی هەمو پێکەوە لێیان ئەخوارد. دوای ئەوە هەڵپەرکێو یاری فولکلوری وەك (ئاگـــرە)و (ئاشە بە ئەنـورێ)و (دای ـ مامـۆن) پێش بڕوکێ لە زۆر شتا دەستی پێ ئەکرد ، خۆ ئەگەر شوینێکی ئاودارئـــــس بوایە وەك ئەوسای (سرچنار) و (چەق چەق) و (قلیاسان)و (چەمی تانجەرۆ)ئەوا مەلەشی تیا ئەبوو . خەڵکەکە هەمـو بەیانی بەیێ ئەرویشـــــــتن (ئۆتۆمۆبیل وەك ئیســتا زۆر نەبوو) دەمەو عەسریش هەر بە پێ ئەگەرانەوە بۆ نـــــاو شار بەڵام جاری وا هەبـوو قوتابخانـە سەیرانی دووـ تریشی ئەکرد بـۆ هەلەبجەو زەلم و قەلاچوالانو کۆتـــەڵو ریگای دوکان ئەوسا سەرـ چنارو دوکانو ئەزمـــــــرو دەربەندی خانو ریگـــــای قەرەداغ وەك ئیستا نەبـــو بوون بـە سەیرانگای تەواوو ریگای رێك و پێکیان نەبوو . ئەوسا سەرچنار تەنهـــــا خانوەکەی میرزا توفیقـــی قەزازی تێدا بوو ، دە ئیستا خوا رەوای ببینیو ئەوەندەی تر ئاوا بێ مەملەکەتێکە .

جا ئەوەندەی هەڵبەستێکی ئەوسام لە بیر مابێو نازانـم هی کام هۆنەرە لە بابـــەت بـەهـــاری سلێمانیەوە وەك شریتیکی سینەما بۆت روون ئەکاتەوە کە ئەڵێت :

چوارشەممەوان هەرایـەـ
روژی بەزمو ســـــــەفایەـ
حوررەیت ئاشکرایە ژیانـــی
ئەوروپایەـ کاشکی هـەر وا بوایە .
یارم هەمو بەـــهاران ـ
پیکەوە بچینـــە سەیرانـ
بەخۆشی خزمو یاران ـ هەر
ئاوا بێ وەتەنمان .

جـێ هەر قوربەشکاوە ـ
وینـەی خـــۆی نەبینراوەـ
بروانی لە هەر لاوەـ جیگای
کجانو لاوەـ وەك چنـــارو
لاولاوە . پیرمیکائیل ببینەـ
دلگیرو خۆشو شینەـ هـەر
وەك تاووس رەنگینەـ جـێی
نازو نازەنینەـ ســـــەیران
وپیکەنینە .

ئەم هەڵبەستە زۆرە مـن بەداخەوە هەر ئەوەندەیم لـە بیر ماوە ئیتر هەتا جاریکی تر بە بەك ئەگەینەوە بـە خوانان ئەسپیرم .

هەندێ تێبینی

دەربارەی مێژوونووسی و هۆزانڤانی نەمر

نووسینی ■ پەیمان ئەحمەد ■

بەشی دووەم

دێینەوە سەر خاڵێکی گرنگی تر کە ئەویش ئەو شیعرانەیە کە مایی بۆ نموونەی کلاسیو رۆمانتی لە ژمارە (١)ی رووناهیدا لەژێر نازناوی (ا)دا بڵاوی کردونەتەوەو (ناوی هۆزانڤانەکانی نەهێناوە)، ئەم شیعرانە لە شێوازی شـــیعری خۆی دەچێت لە رووی ناوەرۆکو داڕشتنەوە لەبەرئەوە (بەبڕوای من) ئەشێ ئەو شـــــیعرانە هی مایی خۆی بن ، شیعرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن : ـ

نموونە بۆ شیعری کلاسی(٩) :

ئـەی پـەرەکـا تو لـە کو مایە ورە
مە ژبونـا تـە ل دلـدا کەســـــەرە
دل بژوکی تەمە ئـەز هەر شەڤو روژ
چـە دبی کـو تـە ببینم ژ خـوەرە

یان وەك :

ئیـــرو ژنـو پـر ئاتەشـــــــم
دیســـــــا ژ رەمـزا دلبـەری
مەجروحی قەوســـی پروەشـــــم
تیـردانـــە نیقـــا جـەگـــەری

ئەمەش چەند نموونەیەکن لە شـــــــیعری (رۆمانتی) کە دیسان بەبڕوای من شیعری (مایی) خۆیەتی :

هـــای گـولی گـولی گـولی
ئەســـــــمەری نـازی گولی
مـە ســـالاڤە لئەردی تولی
ئەســـــــمەری نـازی گولی

* * *

هـەژدەمـان گـول چیبونـە
لیـژانـــوکـــا وەربـونـە
گـول زەریت مەخیف بونـە
ئەســـــــمەری نـازی گولی

* * *

یـان وەکو :

ئەزدی بەسەری سپیانی بیژم بەگـــــەروڤە نو بەمژە
لاوکی منـا چەند جارا من خوە هاڤیتی بەختی نەدا
تو بەس ڤی دیمی شیرین لمن بکە گژە
هەکە راستە تو لمن ئخەیدی بی
بـو من بیـژە : مـن چەکـرە
من چەگونـە ،
چەبی ریـزی ژمن چیبویە ، لاوا ، لاوا
پاشی قەیدی نینە ئەزا لپیش تە من بکوژە

* * *

● پاشـــکۆکان :

١ ـ (مایی) ناوی ئەنوەرە و کوڕی شـێخ محمد تایەری (مایی)یە لە بنەماڵەیەکی ناودار لە ساڵی ١٩١٣ هاتۆتە دنیاوەو لە بنچینەدا لە گوندی (ئەلکێ)ی نزیك چۆلەمێرگی پایتەختی ناوچـەی هەکاری بوون لە رۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیـــا ، لە پاش ئەوەی لە ئەلکێ هەڵکەندراون هاتونـەتـە گوندی (مایی) لـەنـاو بـەرواری بـاڵای ژوورو دا جێگیربوون . تەمەنێکی پڕ لە ناسۆری بەســـەر بردووە بەهـۆی مردنی باوکیو هـــەژاریو مردنی خێزانەکەیو ئاوارەیی و گرتنو دەست بە سەراگرتن، کە بوونەتە دروستکەری ئەو مرۆڤەو ئازارەکـانی کردووە بەهەوێنی بەرهەمەکانیو خزمەتی گەلەکەی خۆی پێ کردووە .

بروانە ل ٧

شتێك وەك گۆرانی

شیعر ■ عباس عبدالله یوسف ■

کەشتی دۆستی مانگە
بەسەر بەردا رەت دەبێ
درە شەپۆل نابشێوێنێ
کوڕێکی پارچە لە سترانێك دەڵێ :
چەند ساڵ بەهیوات بووم
ئاوێنەتم بۆ رادەگرت
چەن ساڵ شێتی تۆ بووم
بێ نانو ئاو کێوێکم بن کۆڵ کرد
خاك گۆی هەیە یا نـا ؟!
کاژمێر هەمیشە چرکە چرکێتی
لەسەر پێبلقەی قوڕ راوەستا بوو
پەرەسپیەکەی دەخوێند ؛ کە نامەی ئەو بوو
دەنگە دەنگێك هات . خۆی لە قالکی هبلکەیێك نا
ئای .. چەند دڵرەقی
دۆشاو مژەکەی هەڵمژت
لە بێدەنگی
پێپێکم داویمە سەر دیوار
پێیەکەی ترم لەسەر پەیژەکەوە
بەنجەرەت چراخانـە
مۆرە ، بۆرە . کەسـکە
ئەمن هاتمو یەکێکیانم شکاند
بە خەبەر نەهاتی
دەم بە ئاواز بووم بەڵام گۆرانیم نەووت
خونچەیێك پشکۆت
وازم نەهێنـا
مەرج بێ تا من مابم
شتێك ... وەك گۆرانیت بۆ بڵێم
بە هەردوو کونە لووتت بئاخنێو نەپژمی
بە ناو تۆپە قژی سەرکت
سەرت گلمتە زێرێکی درەوشاوەیە
لە پانایی جەستەیێكدا سپبەر دەدات
لە سێزدەمین شەودا
بیر لە یادی پروپووچ ناکەم
پەیتونێك رادەگرمو بە نیمچە ئاوازێك دەفیژێنم :
یەللا باژۆ ..
باژۆ ... باژۆ ..

* * *

● فەرهەنگۆك :

پارچەلە : هەراش ، مێرد منداڵ
ستران : گۆرانی
چەن : چەند
پێبلقە : پەیژە ، قالدرمە
قالك : قەپێلك ، قاوغ
پێچکە : تابـە
پەیتون : گالیسکەیێکە ، ئەسپ یا مایـن رایدەکێشێت .
دەرکە : دەرگـا
دوو دەری : دەرگای دوو قاپ
باژۆ : بهاژوەرە . بهاژۆ ، لێخورە .

شیرین ژیهاتنە

● خێفـــە ●

بنوشـە هەر بنوشـە
مەبـا ژینێ
ئەڤرو خوشە
هاتن ب لـەز
سوبە چونـە
تـە نەڤیبـا
لێ ... هەر هو نە
لـەوا د بێم
روژا نیڤـرو
نیڤـە شـەڤێ
بینێو ژینێ
وەکە تـە دڤێ
تـو ب دوشـە
تـو ب دوشـە
ژیـان دانـە
نەء ... خوەشە ستاندن
لێ دڤێتن راوەستاندن
دا تـو ببینی
پاشـا دارا
ئەڤێ ژینێ
راست بچینێ
داکو وەکە ڤێ ژیانی
تو بمینێ .
ژینا ئەڤرو هاتنو چونە
لڤلڤینـە
راوەســتانە
لێ قەت هو نـە
لـەوا د بێم
کا تو بنوشـە
چونکە ئـەڤـرو
کورتە گوتنە
نـە وەك سـوبە
بوشەو بوشە
گەلەك بوشە .
شیرین دوهی
دەما روژێ سەر هلاندی
ئەز بەزیمێ
من پسـیار کر
دلـۆ چما
روناهیا تە یا کێمە
سەر هەژاندو لمن زڤری .
گـوت :
قـەی نـزانی
شیرین ئەڤرو لمن غەیری
نەدا مە ئەو رونیا مە دڤێ
ب دل شکەسـتی
ئەز ڤەگـەریـام
کـەت رێکا مـن
هندەك گـەزو
من دەست هاڤێت
چەندەك ژێ بر
هاڤێت دەڤی
لێ نەی شیرین
من گوت گـەزو
کانێ شیرینیا بەرێ
گوت :
قـەی نـزانی
شیرین ئەوا هندەی شیرین
ب دل مایی .. بتەنگاڤی .. ئەز ڤەگەریام
من یا زانی روهنو شیرین
هەمی ژ شیرین
لێ ب رێڤـە .. لڤەگەریانێ
بیشەنگەك کەت درێکا من دە
تـاو چەق خویلن
ئەز راوەستیام دا پسیارکەم
بوچی ئەڤرو بیشەنگ خویلە
لێ هەر ئێك سەر بیشەنگێ گوت
دەما من دبت کەزیێن شیرین
نە بادانینە .. نە لێکدانینە
من ژی بەردان بسك و کەزی
چونکە ئەز ژی ژبەر شیرین
جوانو تویلم
گەر ئەو نەبت ئەز خو دیلم

●

Institut kurde de Paris

● فەرەیدون عەلی ئەمین ●

ئەم « شەقامی گۆران »ەی ئێستای شاری « سلێمانی » لە سەرەتایەوە کە لەبەر دەرگای سەراوە بەرەوژوور هەڵئەکشایت ، وەکو ئێستا نەبووە گەڕەکێکی خۆشبوو ، یەکێکیان خانووی مالی باپیرم‌بوو ، لە سەروترەوە مالی سۆفی سالح‌و قەفتان بوو ، بەرامبەر ئەوان کۆشکەکەی توفیق قەزاز بوو کە ئێستاش ماوە .

لەبەردەمی ماڵەکاندا دەشتێکی گەورە هەبوو پێیان دەوت « دەشتی گازێ » کە شوێنەواری حەمامی گازێ بوو . زەمان هاتوچوو دیسانەوە کرایەوە بەو « گەرماو »و ریزە دوکانانەی ئێستا هەن . بەوبەر « دەشتی گازێ » وە مالی میرزا فەتاحی میرزا شەریف(١)و مالی شێخ عارف‌و شێخ عەلی‌و شێخ رەشیدی کوڕانی شێخ ئەحمەدی بەرزنجی « ئەحمەد فائز »ی زاناو دانای بەناوبانگ بوون .

منداڵی گەڕەك ، ئێواران یان زووتر کۆدەبوونەوەو لەو دەشتەدا دەستیان‌ئەکرد بەیاری . (پیرە مێرد)ی نەمریش هەر رۆژە نارۆژێك یان بە چەند رۆژ جارێك لە قەلەندەرخانەکەی خۆیەوە کە شوێنی چاپخانەو رۆژنامەی (ژین)ی بوو ، بەپێ ئەکەوتە ڕێ ، تا ئەهاتە سەر شەقامی سابوونکەران ، بە هێواشی لە شەقامەکە ئەپەڕیەوەو بە تەنیشت دیواری مزگەوتی سەید حەسەندا(٢) ئەهات تا ئەگەیشتە کۆلانی یارە(٣) ، کە ئەو کۆلانەی ئەبڕی بەدەستە چەپدا لای ئەکردەوەو بە کۆلانەکەی پشتی مالی ئێمەدا دائەگەڕایە خوارەوە ، ئنجا بە دەستەراستدا ئەهات ، لەوێدا کولکە هەورازێك هەبوو ، ئەویشی ئەبڕیو لەبەردەمی دەشتەکەدا وێستێکی بۆ ئەکردو پشوویەکی ئەدا . خۆی ئەچوو بۆ دیوەخانی مالی میرزا فەتاح ، بەڵام تاوێك لای دەشتەکەی ئێمە باریمان لێدەکرد ، ئەوەستایە ، نەئەڕویشت .

نەختێك لێمان نزیك دەبوەوە ، چاوێکی بە هەموواندا ئەگێڕا ، « هەنیسکی حەسرەت بەربینی ئەگرت »و فرمێسك لە چاوەکانیدا ماوەیەك قەتیس‌ئەما ، ئنجا بەرەو ریشی ئەهاتە خوارەوەو بڵاو ئەبووەوە . هەر ئەوەندەی پێ نەئەچوو ، تیشکی زەردەخەنەیەکی پان‌وبەرین هەموو دەم‌وچاوی ئەگرتەوەو فرمێسکەکانیشی ئەبریقانەوە ، وەك ئەوانیشی هێنایێتە پێکەنین وابوو . دوای ئەوە ئارامی‌یەك بە دڵوگیانیدا دەگەڕاو بەدەم‌پێکەنینەوە ناومانی ئەپرسی ، زۆر دڵی بەوەخۆش‌بوو کە ئەیدی هەندێکمان ناوەکانمان کوردین .

لە ماڵی ئێمەدا ، لە دووەم نهومدا ، پەنجەرەیەکی بچووك هەبوو ، ئەڕوانی بەسەر دەشتەکەدا ، کە ئەگەڕامە ماڵەوە هەندێك جار « پیرە مێرد »م لەوێوە ئەدی ، لە دیوەخان لە یادی کۆچی دوایی « پیرە مێرد »ی نەمردا

فرمێسك و نەردەخەنەیەکی « پیرە مێرد »

ئەگەڕایەوە ، لە دایکم ئەپرسی : دایە ئەو پیاو کێیە وا هەموو جارێك ناومان ئەپرسێت‌و قسەی خۆشمان لەگەڵدا دەکات . ئەویش ئەبووت : « ئەوە حاجی توفیقە پێی‌ی ئەڵێن پیرە مێرد ، هەموو ساڵێك ئاگری نەورۆز ئەکاتەوە ، بە مەنجەڵی گەورە گەورە یاپراخ ئەکات‌و خەڵك دەچن بۆ کارێزی « وەستا شەریف » لای گردی یارە ، لەوێ ئاهەنگی نەورۆز ئەگێڕن » .

ئەم وەڵامە هیچی بۆ من روون نە دەکردەوە . من ئەمویست بزانم ئەو پیاوانەی دیکە بۆ یەکەم ملیان دەنا بۆ دیوەخانی مالی میرزا فەتاح‌و هیچ ئاوڕیکیان لە ئێمە نە ئەدایەوە ؟! بۆ ئەوان لە رویشتندا پارێزیان ئەکرد ، نەبادا تۆپێکیان بەر بکەویت کەچی ئەگەر تۆپەکە بەر (پیرە مێرد) بکەوتایە ، پێ‌ئەکەنی‌و گاڵوکەی بەرز ئەکردەوەو ئەیووت : « گۆڵ ... گۆڵ ... » . بۆ ئەم لە سەرەتاوە کە ئەمانبینی فرمێسك بەری چاوی ئەگرێت‌و دوای نەختێك هەموو رووی دەیتە زەردەخەنە ؟!! ئەم پرسیارە ماوەیەك بە بێ وەڵام مایەوە . تا خۆم لە ئەنجامدا وەڵامی خۆمم دایەوە ، ئێستا لە هەموو وەختێك باشترو روونتر تێ ئەگەم بۆ !!

رەنگە ئەم بیرەوەری منداڵی‌یە - بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم - یەکێك بووبێت لەو هۆیانەی کە پاڵی پێوە نابم نامیلکەیەك بە ناوی « چەند سەرنجێك لە پیرە مێردی شاعیر » ، لە ساڵی (١٩٧١)دا ، بنووسم .

● **پەراوێزەکان :**

١ - ئێستا ماڵی خوالێخۆش‌بوو ، توفیق ئەفەندی ئاغا فتح اللەیە .

٢ - ئێستا « کتێبخانەی ئەوقاف »ە .

٣ - ئەو کۆلانەیە کە ئێستا ئەگەر لە بەردەمی دەرگای سەراوە بێتیە سەر شەقامی گۆران‌و لای دەستەراست بگریت یەکەم کۆلانە کە لە دەستەراستدا دێتە ڕێت ، بۆیە پێی ئەڵێن کۆلانی یارە چونکە ماڵی « مامە یارە »ی بەناوبانگ کەوتبووە ئەو کۆلانەوە ، ڕێك بەرامبەری ماڵی « سەعید دزگوژ » دوای ئەوەی مامە یارە لە دوا شەڕی ئیمارەتی بابان‌و دەوڵەتی عوسمانیدا لە (کۆیە) دوا گوللەتوپی تەقاندو بەدیل‌گیرا ، هاتەوە سلێمانی‌و خانەنشین‌بوو ، لەو خانووەدا زۆرانخانەیەکی کردەوەو کوڕانی فێری پاڵەوان‌بازی ئەکرد . رۆژێك مامۆستا « جەمال بابان » لێی‌پرسیم : چیروکێکم بەدەستەوەیە نازانم ژیانی « مامەیارە » دوای شەڕەکەی « کۆیە » چۆن‌بووە تا لە چیرۆکەکەمدا بەوجۆرە دوایی پێ‌بهینم ، منیش ئەوەی کە بە کورتی لەسەرەوە نووسیومە پێم‌ووت ، کە چیرۆکەکەی چاپ‌کرد ئەوەی من پێم‌ووتبوو نووسی‌بووی ، بەڵام بەداخەوە ناوی نەبردبوو کە لە کێوە وەری‌گرتووە . بە هەموو حسابێك ئەبوایە بیوتایە !

باوەڕبکە جاف

● کیفی سلیم طاهر ●

لگەل تیشکا رۆژێ دەرکەفتی
لگەل کولیکا شنوی بشکەفتی
قەفتەکا نێرگزێت خۆشاف گرتی
لسەر پەرێ بلبلەکی هەڵگرتی

* * *

سلاف ژ دلێ منێ پڕ ئەفین
جانیا بوهارێ وگول‌و بەیبین
بو دلدارا من یا لێف شرین
خۆزی ل رۆژا پێگفە بژین

* * *

باور بکە جانێ توی ژینا من
هەر توی روناهیا چافێت من
ڤیانا تە بو خوینا لەشێ من
تە ئاگر بەردا دلێ من

* * *

تو چوی ئەز هێلام بوێ ژانێ
دلێ من تە لگەل خو بر هۆ جانێ
سوز بیت لسەر وێ ڤیانێ
لگەل تەبم هندی لجیهانێ

× × ×

شڤان

غازی ناگرەبی

ئەفیندارم
نێ شڤانم
هندی هەمە
بریندارم
رۆژ بۆ رۆژێ
تا گرانم
هەتا کەنگی
هەرێ ژارم
من ل‌بیرە
لێ نزانم
هەمی دەما
(زێرە قانم)
بێ بێ خەوژ
دل پڕ ژانم
ل دیوف ژینێ
وەك پەروانم
هەمی رۆژێ

ل ئێڤاری
پەزی تینم
دۆرێت گوندی
بەری بێتن
گەفرك تاری
گوندێ منێ
مەزن‌و چەندی
رۆژ ئافابو
تاری باری
پشتا من چەمیا ب ژاری
ب‌گوپال‌و دلێ بەندی
بێ ئافابی
نو بێ دەنگی
ئافا تەبە
رۆژا ژارا
نێ ڤەدمالم
خوها ژەنگی

دگەل پەزی
ژناف وارا
گورگ زۆرن
بێت ڤەپەنگی
بۆ خارنا
میهاو کارا
لەو پەز ناگریت
هەرچ ڕەنگی
ژبەر گورگ‌و
دزو هارا
هەی‌لێ رۆژێ
ئافا نەبی
دا گوندێ من
تاری نەبی
تاری نەبی
دلێ گورگا
بێ خۆشی نەبی
وا زك ژ گۆشتی تێر نەبی
دەف‌و لێڤێن
وا سۆر نەبی
ژوێ خوینا
بەرخا نەبی
دا پەزێ من
ئازا بی

دوو دڵێ وشەی لەڤ

زیاد نقیب برواری

بەکروك و ئەفیندار . . .
گەلۆ ...!
کێ بهیستە ..؟
جارەکێ لتەف هەف
بینە هوگر وهەڤال ...
زەری‌یەکا ...
بەژن شۆخ و..

شەنگ و شەپال
بێ هیڤی کەن
تژی دلێ وێ بێ زەلال ...
ئرل وکوفان کەن
رەفەند کەن ...
نە هێلن ب گەهیتە
باشە روژەکا ...

گەش و دەلال ...
هۆ براینۆ ...!
نێ بەکروکی
کارێ وی‌یە ...
خو دناڤبەرا
دو دلا دا...
بکەتە دڕی

ڕبیتە ستری ...
چافێن بەلەك
پر دکەتن ژ روندك وگری ..
ئەڤێ ژینا ..
رند وشرین
دگوهورێتن ...
ل تەف دلا

دبیتە شیئی ...
دبیتە زێمار
ڤێچا گەلۆ ...!
کێ بهیستە ...؟
جارەکێ بەکروك ودلدار
بینە هوگر ...
بینە هەڤال ...

هەندێ - پاشماوە

لە ساڵی ١٩٦٢ دا ئەستێرەکەی کشاو بۆ هەمیشە لە باوەشی ئارامی ویژدانا خەوی لێ‌کەوت .

٢ - وەکو گۆڤارەکانی دەرەوەی وولات (هەواری خەبات ، سەربەستی ، روناهی - لەشام)، هەروەها گۆڤارەکانی ناوخۆش وەك (صدی الروافد ، گەلاوێژ ، روناهی - لە عیراق) نووسینی بڵاو کردۆتەوە . بڕوانە (جریدة العراق ، العدد ٢٠١٦ فی ١٩٨٢/٩/١٨) .

٣ - د. کمال مەزهەر ئەحمەد - کورتە باسێکی زانستی مێژوو کورد - بەغدا ١٩٨٣ ، ل ١٧٩ .

٤ - (الاکراد فی بهدینان) - انور المائی - ١٩٦٠ ، مطبعة الحصان بالموصل .

٥ - ئەتوانم بڵێم ئەمەی دواییش هەر بەهەڵە هاتووە چونکە مێژووی (پ . ز) لە گەورەوە بۆ بچوك دێت بە پێچەوانەی دوای زایین .

٦ - بۆ خوێندنەوەی ئەم کۆپلە شیعرەو کۆپلەی دووەمیش لەیزی لاپەڕە ٢٠١ی [illegible] بەکە ئەوەر مایی (الاکراد فی بهدینان) بکە .

٧ - دبارە کتێبەکە لە پێشتردا بالاوکراوەتەوە هەرچەندە مێژووی هەردووکیان (واتە کتێبەکەو گۆڤاری رۆناهی‌ش) دەگەڕێنەوە بۆ هەمان ساڵ (١٩٦٠) هەروەك لە روناهی‌دا لە لاپەڕە (٢٢) دا دێری شەشەم دەڵێ : (سەیری کتێبەکەی من بکە ... تاد) .

٨ - ئەم باسە ئەنوەر مایی گرنگی پێداوەو وابزانم ئامادەشی کردبوو بۆچاپ ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەنجامی دیارنی‌یە ، هەروەك خۆی لە پاشکۆی کتێبەکەی دا تێبینی یەکی دەربارەی ئەوە روون کردۆتەوە .

٩ - بڕوانە گۆڤاری روناهی ژمارە (١) ساڵی یەکەم ١٩٦٠ لاپەڕە (٣٣) .

● **سەرچاوەکان :**

١ - هۆزانڤانێت کورد . دانان‌و توێژاندنا - صادق بهاء الدین ئامێدی - چاپا یەکێ ١٩٨٠ .

٢ - جریدة العراق العدد ٢٠١٦ فی ١٩٨٢/٩/١٨

٣ - کتاب (الاکراد فی بهدینان) باللغة العربیه - انور المائی - مطبعة الحصان ، الموصل ١٩٦٠

٤ - کتاب (محاضرة عن الاکراد فی الصین) باللغة العربیة - انور المائی - مطبعة النجاح - بغداد ١٩٥٩ .

٥ - گۆڤاری روناهی ژمارە (١) ساڵی یەکەم ١٩٦٠ بغداد .

٦ - گۆڤاری روناهی ژمارە (٢) ساڵی یەکەم ١٩٦٠ بغداد .

٧ - گۆڤاری روناهی ژمارە (٣) ساڵی یەکەم ١٩٦٠ بغداد .

٨ - گۆڤاری روناهی ژمارە (٤) ساڵی یەکەم ١٩٦١ بغداد .

٩ - گۆڤاری روناهی ژمارە (٥ ، ٦) ساڵی یەکەم ١٩٦١ بغداد .

١٠- بەشی رۆشنبیری کوردی رۆژنامەی عیراق ژمارە ٢٧١٩ لە ١٩٨٥/١/٩ .

ئەلەی عەشقێکی تر

شیعر ■ هێرش عبدالله ■

ئێوارەیەکی تەنیام
لەو دیوی پەنجەرەیەکی
غەریبی‌یەوە ...
چاوەڕوانی
لە بەردەم ئاوا بووندایە
لە دەرگای تەنهایم ئەدەیت ... !!
بە بەر چاوی خەمە سەرکەشەکانەوە
قۆبچەی سنگی ئەرخەوا نیم
دەکەیتەوە

* * *

کچێ نازێ !
لەسەنگەری دڵی منداتۆ هەیتو ،
کەسی تر
کە وون دەبی دەگەڕێم لێت
تەڵزمێکی عەشقی ڕێتە
بۆیە وەها .. !
لە ناو کۆشی بێداریدا ،
لەسەر تەلی کەمانی بێ دەنگی
لە دەروونی خۆمدا ئەدوێم
« ئەڵێم وەرە
بافێنکی هەناسەکەت
ڕووی بەفراوی ئەو چاوانەم
بشواتەوە
خۆ من تینوی بیابانی
سەفەرەکەی ئەو عەشقە دورەم »

* * *

تۆ توێژاڵی سروەی حەزێکی
لە گیانمدا
کاتێ دێیتو
لە هەناومدا بە هێمن
هەناسەکەت بە ڕووی ساردما ئەهێنی
ئارامیەك
لە ناخمدا دەهەژێنی ،
بزانە چۆن !؟
لە جێ ژووانێ
ژانێکی نوێ
لە سەرنجمدا جێ دێڵی
جێ
د
ێڵی .....

* * *

Institut Kurde de Paris

بەرزبونەوەی پالەپەستۆی خوێن

HYPERTENSION

وەرگێڕانی

● ئەرسەلان سلیمان رشید ●

بەرزبوونەوەی پالەپەستۆی خوێن یەکێکە لەو نەخۆشیە بلاوانەی کە بە ڕێژەی ٢٠٪ تووشی لاوانو بە ڕێژەی ٣٠٪ تووشی ئەوانەی تەمەنیان لە شەست (٦٠) ساڵ پترە دەبێت .

گرنگی ئەم نەخۆشیە لەوەدایە کە گیروگرفتێکی (Complication) زۆرو ترسناکی هەیە بۆ سەر کۆئەندامە جۆر بە جۆرەکانی لەش بۆیە پێویستە بە ووردی هۆیەکانو ڕێگاکانی چارەسەرکردنو چۆنیەتی کەم کردنەوەی مەترسیەکانی بزانرێت .

● **هۆیەکانی :**

سەرەڕای ئەو هەمو ولێکۆڵینەوەو هەوڵو تەقەللایانەی دراوە تاکو ئێستا نزیکەی (٨٠ - ٩٠٪)ی جۆرەکانی بەرزبوونەوەی پالەپەستۆی خوێن هۆیەکانی نەزانراوەو دەست نیشان نەکراوە ، تەنیا توانراوە نزیکەی (١٠ - ٢٠٪)ی هۆی نەخۆشیەکە بدۆزرێتەوە بەهۆی پشکنینی ووردی سەر جێگاو پشکنینە هەمە چەشنەکانی تاقیگە ، وە گرنگترین ئەو هۆیانەی کە زانراون ئەمانەن :-

١ - نەخۆشیەکانی گورچیلە وەك هەوکردنی گورچیلە (Nephritis) و شێواویەکانی گورچیلە - (Congenital deformities) وەك گورچیلەی فرەکیس (Polycystick Kidneys) و تەسکی خوێنبەری گورچیلە .

٢ - تەسکبوونەوەی شاخوێن بەری زکماکی لە ناوچەی سینگدا .

٣ - تێك چوونی دەردانی هۆرمۆنەکانی هەندێ لە کوێرە ڕژینەکان (Endocrine glands)

٤ - بەکار هێنانی هەندێ جۆری دەرمان بە تایبەتی حەبی دژی منداڵبوون (Contraception)

● **نیشانەکانی :**

مەترسی ئەم نەخۆشیە لەوەدایە کە تووشی ڕۆژ دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی دەربکەوێت تاکو دوای دەرکەوتنی چەند گیروگرفتێکی ترسناك بۆ سەر کۆئەندامەکانی لەش بۆیە دۆزینەوەی نەخۆشیەکە هەر لە سەرەتاوە زۆر پێویستو گرنگە ، وە لە زۆر جاردا بە ڕێکەوت دەدۆزرێتەوە لە کاتێکدا کە پزیشك بۆ پشکنینی نەخۆشیەکی تر پالەپەستۆی خوێنی نەخۆشەکە دەگرێن ، بەڵام سەرئێشەو هەستکردن بە ماندوێتیو بێ توانایی ئەمانە نیشانەی گشتین مەرج کە هۆی بەرزبوونەوەی پالەپەستۆی خوێن بن (لەوانەیە هۆی نەخۆشیەکی دی بن) .

وە گیروگرفتیەکانی ئەم نەخۆشیە ، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر دڵو کۆئەندامی سوڕانی خوێنو دەبێتە هۆی ڕەق بوونی خوێن بەرەکان (Athero Sclerosis) و سنگە کوژێو (Angina pectoris) و پەککەوتنی دڵ (Heart Failure) و دڵە وەستێ ، هەروەها کار دەکاتە سەر بۆڕیەکانی خوێن لە چاوداو لەوانەیە ببێتە هۆی خوێن بەربوونو کوێری ، وە لە زۆر کاتیشدا دەبێتە هۆی نا توانایی یا پەککەوتنی گورچیلەکان (Renal Failure)

● **چارەسەری ئەم نەخۆشیە :-**

لە کاتی دەستپێکردن بە چارەسەری نەخۆشیەکە پێویستە ڕێژەی شەکرو یۆریاو کۆلسترۆل لە خوێندا بزانرێت بە هۆی پشکنینی تاقیگەیی هەروەها وێنەی سنگی نەخۆشەکە بگیرێت بە هۆی تیشکی سینە (X-Ray) و نەخشەی دڵیشی (E. C. G) بکێشرێت چونکە ئەم پشکینانە زۆر گرنگن بۆ زانینی کارتێکردنی نەخۆشیەکە بۆ سەر دڵو سیەکان . پێش چوونە لای پزیشك پێویستە نەخۆشەکە هەندێ هەنگاو بنێت بۆ چارەسەرکردنی خۆی وەك کەم کردنەوەی قەڵەوی وارهێنان لە چگەرەکێشانو سوێری کەم خواردنو دووركەوتنەوە لە دەمارگیریو ئەو هۆیانەی کە کار دەکەنە سەر تێك چوونی باری دەروونی بە پێی توانا ، لە دوای ئەمانە ڕۆڵی پزیشك دێت بۆ چارەسەرکردنو چاودێری کردنی بە بەردەوامی. نەخۆشەکە پێویستی بە چارەسەرکردنی پزیشکی هەیە ئەگەر هاتوو پالەپەستۆی خوێنی ٩٠/١٤٠ ملم جیوە یا زیاتر بێت . ئەتوانرێت توندو تیژی نەخۆشیەکە دابەش بکرێت بە گوێرەی خوێندنەوەی پالەپەستۆی گرژبوون یا خاوبوونەوەی دڵ ، ئەگەر هاتوو پالەپەستۆی خاوبوونەوە (٩٠ - ١٠٤) ملم جیوە بێت ئەوا بەرزبوونەوەی پالەپەستۆیەکە بە جۆری ئاسان دادەنرێتو ئەگەر لە (١٠٥ - ١١٤) ملم جیوە بێت ئەوا بە جۆری توندو تیژو ترسناك دادەنرێت . بە گوێرەی بەهێزی نەخۆشیەکەو باوەڕی پزیشك لە دیاری کردنی چارەسەری گونجاو بۆ هەر نەخۆشێك ئەتوانرێت دەست بە سەر بەرزبوونەوەی پالەپەستۆی خوێندا بگیرێتو دوور بخرێتەوە لە تەنگو چەڵەمە ترسناکەکانی کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیانێکی خۆشترو تەمەنێکی درێژتر بۆ نەخۆشەکە .

● شێرزاد شێخانی ●

گومانمان لەوەدا نییە کە جەماوەری گەلی کوردمان ، پێویستیەکی هەرە زۆری بە بەرنامەکانی زانستی هەیە ، چونکە ماوەی چەند ساڵێکی دوورو درێژ بێ بەش بووە لەم جۆرە بەرنامەیە . تەلەفزیۆنیش دەورێکی باڵای هەیە لە خزمەتکردنی کۆمەڵ بە هۆی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو ڕۆشنبیری گشتی کە سوود بەخشە بە هاووڵاتیەوەو ڕۆشنبیری زانستیش یەکێکە لەم لایەنانە .

مایەی شانازی هەموو کوردێکی دڵسۆزە کە بەرنامەیەکی وەك « تەندروستیو ژیان » لە تەلەفزیۆن بۆ بینەری کورد پێشکەش بکرێو لە ڕۆشنبیری تەندروستی تێری بکات توانی بە ماوەیەکی کورت جێگای خۆی لە دڵی جەماوەردا بکاتەوەو ڕۆڵی خۆی بگێرێ لە ڕادە دانان بۆ ئەو ڕێگە زیان بەخشو چەوتانە کە کۆمەڵی کوردەواریمان بەکاریان دەهێنا بۆ چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی بەو داوو دەرمانە شارەوانیەکان . بەم جۆرە بە دەورە پیرۆزەکەی خۆی هەڵسا لە بڵاو کردنەوەی ئەم ڕۆشنبیریانەو بنیاتنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو . بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم بەرنامەیە لە بارودۆخێکی ژەك ئەمڕۆ زۆر پێویست بوو . لەبەر ئەوەی ئەم بەرنامەیەش هین ئێمەیەو هەمیشە بۆ ئێمەیە ، پێویستە بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین ئەم بەرنامەیە بپارێزین تا بتوانێ پەیامە پیرۆزەکەی بگەیێنێ . لێرەدا سەرنجی کاکی دوکتۆرمان ڕادەکێشین بۆ چەند تێبینیەك ، هیوادارین لێمان زوێر نەبێو مەبەستمان هەمیشە خزمەتکردنی ئەم بەرنامەیە :-

١ - لە ناوەڕۆکدا بەرنامەکە شێوەیەکی ئەکادیمی پێوە دیارە ، ئەم شێوەیەش ویرای نەگونجانی لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنو پلەی زانستی زۆربەی بینەران ، لە بەهای ئەم بەرنامەیە کەم دەکاتەوە ، چونکە پێویستە هەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکرێ ، زانیاریەکانی بە شێوەیەکی سادەو ساکار ئاراستەی بینەر بکرێو دیاردە زانستیەکان ئاسان بکاتەوە . وا بزانم دوکتۆری بەرێزمان لەمە بێ ئاگا نییە کە بەرنامەکە بۆ هاووڵاتی سادەیەو هیچ شێتێك لە مانای « ئەنتجین و اسکاریس » ناگا .

٢ - میوانەکانی بەرنامە لە چوارچێوەی دوکتۆرەکانی هەولێر دەرناچنو خۆیان چەسباندووە بەسەر هەموو ئەلقەکانی . ئەم بەرنامەیەش ئیمکانیاتێکی چاکی هەیەو دەتوانێ هەر جاری یەکێك لە دوکتۆرەکانی سلێمانی یاخود دهۆك بکاتە میوانی بەرنامەکەو مافی دانیشتوانو دوکتۆرانی ئەم دوو شارەش هەیە هاوکاری لەگەڵدا بکەن ..

٣ - گومان لەوەدا نییە کە گۆشەی نامەی بینەران لە هەموو بەرنامەیەکدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ لە پێشکەش کردنی ڕۆشنبیریەکی گشتیو ئاراستەکردنی چەند ئامۆژگاریەك بە بینەرانی تر بە تایبەت ئەگەر بەرنامەکە تەندروستی یان زانستی بوو . کەچی لەم بەرنامەیەدا دەبینین کە بەشێکی زۆری نامەکان وەڵام دانەوەیان وەك (بەڵێ) یا (نا کاکەوا نییە) هیچ سوودێك بەبینەر نابەخشن . خۆ ئەگەر ئەم وەڵامانەش هینی پرسیاری زۆر تایبەتی بوون دەتوانرێ جیا بکرێتەوە لە نامە گشتیەکان لە گۆشەیەکی تر وەك (گۆشەی نامە تایبەتیەکان) .

٤ - گەلێ جار وەڵام دانەوەی نامەی بینەران بە شێوەیەکی بازاڕی دەدرێتەوە . وەك ئەوەی یەکێك دەپرسێ (من برنج ئەخۆم ژانە سك دەگرم). وەڵامی ئەدرێتەوە « ساوار بخۆ » . ئەم وەڵامەش بە هیچ جۆرێك لەگەڵ پەیامی بەرنامەکە ناگونجێ کە بۆ ڕۆشنبیری تەندروستیو خزمەتکردنی کۆمەڵە ، وە دەبێ دوکتۆری بە ڕێزمان ئەوە لە یاد نەکات کە بینەر ئەم پرسیارە ئاراستە دەکات چونکە هەست بە نەخۆشی دەکات و بە ئومێدە وەڵامێکی زانستیانەی ڕاستو ڕەوانی بدرێتەوەو چارەروانی وەڵامێکە ئەم نیشانە نەخۆشیەی بۆ شی بکاتەوەو تێی بگەیێنێ ئایا نەخۆشەیانەء ، تا بە پێی وەڵامەکە سەر لە پزیشك بدات .

٥ - مەسەلەی چاودێری باری دەروونی نەخۆش یەکێکە لە ئەرکە هەرە مەزنەکەی بەسەر شانی پزیشکەوەیەو لە کۆلیژی پزیشکی ئەم مەسەلەیە زۆر بە گرنگی ڕەچاو دەکرێ . لەم بەرنامەیەدا ئەم مەسەلەیە پشت گوێ خراوەتەوەو زۆر جار باسی نەخۆشیە ترسناکەکان دەکات وەك (دڵو شێرپەنجە) بە شێوەیەکی ڕووتو نەبوونی چارەسەری ئەم جۆرە نەخۆشیانە ، لە کاتێکدا ئەمەیان پێچەوانەی کارە پزیشکیەکەیو پێویستە لەسەر ئەم بەرنامەیە هەمیشە تێبکۆشی بۆ هێمن کردنەوەی نەخۆشو ئومێدێکی وای بدات کە چارەسەر هەیە ، چونکە ئەمەیان ڕاستەقینەیەکی زانستیەو ڕۆژ نییە تازەترین چارەسەری بۆ ئەم نەخۆشیانە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە ئێمە نەگات .

٦ - نەبوونی وێنەو نەخشەی نیشاندەری ئەو باسانە کە دوکتۆرە میوانەکان دەیکەن وەك نەخۆشیەکانی چاوو پێست ، وە لێرەدا دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە بەرنامەکە تەلەفزیۆنیە نە وەك لە ئێسکەوە پێشکەش دەکرێ . بۆیە وێنەو نەخشەی باسەکان شتێکی گرنگە لە پێشخستنی بەرنامەکە . هیوادارین برای دوکتۆر بە دڵێکی فراوانەوە ئەم خاڵانە وەربگرێو مەبەستی هەردوو لامان خزمەتکردنی کۆمەڵی کوردەواریو هاووڵاتی خۆشەویستمانە .

تەندروستیو ژیانو

چەند تێبینیەك

مێکوتە

فاضل بابا محمد

مێکوتە بە هۆی ڤایرۆسی ڤاریسێلاوە تووشی منداڵان دەبێت لە تەمەنی «١-١٠» ساڵیدا کە لە کۆتایی وەرزی زستانو سەرەتای بەهاردا دەردەکەوێت ، لە ڕێگای هەناسەدانەوە دەگوازرێتەوە لەو کاتەی ڤایرۆسەکە دەچێتە لەشەوە تا دەرکەوتنی نیشانەکانی «١١-٢٠» ڕۆژە .

یەکەم نیشانەی بریتیە لە دەرکەوتنی پەلەی سوورو بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەش پەلەکانیش بۆ یەکەم جار بە شێوەی پننك دەردەکەون کە زۆر بە خێرایی دەگۆڕێن بۆ پەلەی چیکلدانۆچکەیی شێوە هێلکەیی دوور لە یەکتری کە بە بازنەیەکی سورباو دەورە دەدرێن . یەکەم جار لەسەر بەژن یان کەولی سەر دەردەکەون ئنجا دەمو چاوو دەستو قاچ دەگرنەوە ، تووش بوو هەست بە خورانێکی یەکجار زۆری پەلەکان دەکات .وە هەموو قۆناغی پەلە دەرکەوتنیش «٥» ڕۆژ دەخایەنێت مێکوتە بەوە جیا دەکرێتەوە کە لەوانەیە هەموو جۆری پەلەکان لە یەك کاتو لە یەك ناوچەدا دەربکەون چونکە بەردەوام لەسەر لەشی دەردەکەون . ئنجا دوای «٢-٣» ڕۆژ ووشك دەبنەوەو توێکلێك بە دەورەیان دروست دەبێو تا بەری دەدات و پەلەکانیش وورده وورده ڕەش دەبنەوە کە هیچ نیشانەیەك لەسەر پێست جێناهێڵن دوای چاك بوونەوەیان . وەگرنگترین ماکەکانی ئەم نەخۆشیەش بریتیە لە هەوکردنی سیو سوتانەوەی پەردەی دەماغ . ئەگەر ئافرەتی سك پڕ لە سێ مانگی یەکەمیدا تووشی مێکوتە ببێت ئەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی شێتوانە زگماکیەکان لە منداڵدا وەکو پووتبوونەوەی دەستو قاچ، سەری بچوك دەبێتەو چاوەکانیشی تێك دەچێت . وە ئەگەر ناتەواوی لە بەرگری سروشتی لەشیان هەبێت ئەوە نەخۆشیەکە توندتر دەبێتو پەلەکانو تایەکەی بۆ زیاتر لە ٢-٣ هەفتە بەردەوام دەبێو کار لە ئەندامەکانی تری لەشیش دەکاتو دەبێتە هۆی هەوکردنی جگەر سوتانەوەی سیو پەردەی دەماغ . ئەمەیش ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت مردن دوا ئەنجامی دەبێت .

* چارەسەرکردنی - ئەگەر نەخۆشیەکە ماکی پەیدا نەکردبێ ئەوە دەردەکەی سوکەو پێویست بە چارەسەری تایبەتی ناکات . بەڵام دەبێ هەموو ڕۆژێ لەشی بە ماددەی پاگژکەرەوە بشوردرێت تا وەکو هەوکردنی لاوەکی گەشە نەکات . بەڵام ئەگەر هەوکردن هەبوو دژەزیندەگی بە نەخۆش دەدرێت . وە ئەو منداڵانەی بەرگری سروشتی لەشیان ئاسایی نییە یان شێرپەنجەی خوێن یان هەیە یان دەرمانی کورتیکۆستیرۆیدو شێرپەنجە بەکار دێنن دەبێت دەرزی گاما گلۆبیولین دژ بە مێکوتەبان لێ بدرێت .

* **خۆپاراستن :**

١ - بە بردنەوەی نەخۆشەکە .

٢ - پاکردنەوەی کەڵو پەلە پیس بووەکانی تووش بووەکە .

٣ - دەرزی گاما گلۆبیولین بە ڕێگای ماسولکە لەو کەسانە بدرێت کە هەڵس و کەوت لەگەڵ نەخۆشدا دەکەن .

ئامادەکردنی : فاضل بابا محمد زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی پزیشکی پۆلی چوارەم هەولێر .

سەرچاوە :-

Medicine international
Journal viral and Fugal infection part 3 March 1984.
page 99, 100.
by Dr. Martin j wood M.R.C.P.

لە چێشتخانەوە ...

خوشکی ئازیز - لەم گۆشەیەوە بە گوێرەی توانا هەر جارەی شێوە خواردنو خواردە مەنیەکتان بۆ هەڵبژێرمو پێش کەشتانی ئەکەم .

« شۆربای سپیناخ »

پێویستیەکان : -

نیم کیلو سپیناخ ، نیم چەپك کەرەوز ، کەوچکێکی چێشت رون ، کەوچکیکی چێشت ئارد ، دوو کوپ شیر لەگەڵ خوێو بەهارات .

چۆنیتی دروستکردنی :-

١ - سپیناخەکە لە گژوگیا پاك ئەکرێت -چەند جارێك ئەشۆرێتەوە .

٢ - لەگەڵ تۆزێك ناو ئەکوڵێنرێت ، لە ناو ئاوەکەدا بە کەوچك ورد ئەکرێت .

٣ - ڕۆنەکە گەرم ئەکرێت ،پاشان ئاردەکەی تێکەڵ ئەکرێت ، بۆ ماوەی دوو خولەك تێك هەڵئەدرێت. پاشان لەسەر ئاگرەکە دانەگیرێت ، شیرەکەی تێکەڵ ئەکرێت لەسەرخۆ تێك ئەدرێت ، بۆ ئەوەی ئاردەکە گرۆ گرۆ نەبێت .. تا وەکو باش تێکەڵ ئەبێت .

٤ - ئەخرێتەوە سەر ئاگرەکەوە سپیناخەکەی تێ ئەکرێت تێك ئەدرێت .

٥ - ئەکوڵێنرێت تا وەکو خەست ئەبێتەوە بەو شێوەیەی کە خۆت ئەتەوێت . .

٦ - پێش ئەوەی کە پێش کەش بکرێت کەرەوزە جنراوەکەی تێ ئەکرێت .... ئەتوانیت ئاوی لیمۆی ترشی تێ بکەیت .

ئامادەکردنی

دایکی هاژە

گازی ئۆزۆن - 03 -

محمد عزیز سعید

گازی ئۆزۆن یەکێکە لە گازە سەرەکیەکانی چینەکانی سەرەوەی بەرگی هەوا . بەڕادەی ٥٥٥٥٪ قەبارەی بەرگی هەوایەو زۆربەی ئەم گازە دەکەوێتە چینی ستراتوسفیرەوە و هەموودەم لە هاوسەنگی دینامیکیو فۆتۆکیمیاوی دایە . واتا ژمارەی مۆلیکولە دروست بوەکان یەکسان دەبن بە ژمارەی لە ناو چوەکان .

ئەستوری چینی تۆزۆنۆسفیر نزیکەی ٥٠ کیلۆمەترە، لە بەرزی ١٠ کیلۆمەترەوە دەست پێ دەکا تا وەکو بەرزی نزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر .

بوونی ئۆزۆن پێویستیەکی گرنگە لە هەوادا وەکو قەڵغانێکی پۆلایی دەوری زەوی داوەو ژیانی مرۆڤو زیندەوەرو ڕووەکەکان دەپارێزێ لەمەترسی تیشکی سەرو وەنەوشەیی .

دروستبونو لە ناوچونی ئۆزۆن :-

زانا چاپمان یەکەم کەس بو لە ساڵی (١٩٣٠) بیری لە چۆنیەتی دروستبونو لە ناوچونی ئۆزۆن کردەوە . پاشان لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆی دەرکەوت کە ئۆزۆن بە هۆی چەند پرۆسێسێکی فۆتۆکیمیاویو فۆتۆئایونیەوە دروست دەبێو بەهۆی پرۆسێسی تبکەڵاوبوون بە ناو هەوادا بڵاو دەبێتەوەو بەرەو زەوی دێتە خوارێ . بەمەش بریکی زۆر لە تیشکی خۆر هەڵدەمژێو دەیداتەوە ناو هەوا .

کەڵكو زیانی ئۆزۆن :-

پێشکەوتنی پیشەسازیو تەکنۆلۆجیا کارێکی گەورەی کردۆتە سەر گازی ئۆزۆن . فرۆکە تیژڕەوەکان (کۆنکۆرد) ئامێریکی کاری گەرن بۆ لە ناوبردنی گازی ئۆزۆن . چونکە ئەم فرۆکانە بە زۆری لە چینی ستراتوسفیردا دەفڕنو ئۆکسیدەکانی نایتروجین و هەڵمی ئاو لە ئەگزۆزەکانیانەوە فڕێدەدەنو لەگەڵ ئۆزۆنداا یەیکدەگرنو لە ناوی دەبەن.

گازی ئۆزۆن بۆنی زۆر ناخۆشە ، لە شێوەی بەتاڵ بونی (سوتانی) کارەبایی (التفریغ الکهربائی)دایە وەکار دەکاتە سەر لینجە پەردەکانو (الاغشیه المخاطیه)و مرۆڤ توشی ژهراوی بوون (التسمم)و ماندویەتیو سەرهێشان دەکاو بەرگری توشبونی میکرۆبەکان کەم دەکاتەوە .

ئۆزۆن کار دەکاتە سەر ڕووەکەکانو نیشانەکانی بریتین لە گەورە نەبونیان بچوکی گەڵاکانیانو دەرکەوتنی پەلەی سورو سپیو زەرد لە سەرەوەی ڕووی گەڵاکان . هۆی دەرکەوتنی ئەم پەڵانەش ئەوەیە کە ڕووی سەرەوەی گەڵاکان جۆرە خانەیەکیان تێدایە بێیان دەگوترێ ، ئەم خانانەش زۆر هەستدارنو زوو تێك دەچنو لە ناو دەچن سنەوبەری سپی هەستیاری گەورەی هەیە بەرامبەر بە ئۆزۆنو . هەر لەبەر ئەوەیە کە سنەوبەر بەکار دەهێنن بۆ ناسینی ئۆزۆن .

لە تاقیکردنەوەیەکدا ، بۆ ماوەی ، هەتا ٨ سەعات گازی ئۆزۆنیان بەسەر دارێکی سنەوبەردا ڕشت ، پاش ماوەیەکی کەم کارەکەی لەسەر شێوەی پەلەی زەردو ئەرجوانی دەرکەوتو گەڵاکانی وێکهاتنەوەو مردن.

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

● نومێد ئاشنا ●

■ بەشی یەکەم ■

لاپەڕەیەکی شارراوە لە ژیانی «پیرەمێرد»ی نەمر

« لە یادی سی‌و پێنج ساڵەی کۆچی دوایی پیرەمێردا »



نامەیەکی بڵاو نەکراوە :

ئەم نامەیە تەمەنی چل‌و حەوت ساڵە ، لەبەر ئەوەی لەم ماوە دوورو درێژەی تەمەنیدا بەسەریەکدا نوشتاوەتەوەو لە خانەی بیرچونەوەدا دانراوە ، لە چوار بەش بەشێکی لێ بزر بوە هەرچی هەولمان‌دا بۆمان نەدۆزرایەوە ، بەڵام بەشەکانی تری کە دەستو قەڵەمو خەتە خۆشەکەی پیرەمێردی نەمرە لە مەبەستی نامەکەمان دەگەیەنێت .

ئەم نامەیە ساڵی (١٩٣٨) وەك لە خوارەوەی نووسراوە پیرەمێردی مەزن لە سلێمانیەوە ناردۆتی بۆ ـ هەڵەبجە ـ بۆ (عەلی باپیر ئاغا)ی شاعیر . لە دامێنی خوارەوەی نامەکەدا هەر بە خەتی عەلی کەمال باپیر ئاغا لە سەری نووسراوە « ئەمە نامەی پیرەمێرد ـ حاجی توفیق خاوەنی ـ ژین ـ ە لە ساڵی ١٩٣٨دا بۆ عەلی باپیر ئاغای نووسیوە کە ئەو ساڵە هەڵەبجە بووە » .

مەبەستی بنەڕەتی نامەکە گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوەیە سەبارەت بەوەی کە لە لایەن پیرەمێردو عەلی باپیر ئاغاوە هەوڵ بدرێت چەند کەسێك کۆ بکرێتەوەو بچن بۆ (سەرشاتە) کە گۆڕی مەولەوی لێیە هەتا گۆڕەکەی بۆ هەڵبەستن‌و لە لا یەکی کەشەوە بیکەنە موناسەبەیەکی ئەدەبی .

پیرەمێرد لە چەند نووسینێکی تریشدا لە ڕۆژنامەی خۆی‌و گۆڤاری ـ گەلاویژ ـ دا ئەم مەبەستەی باس کردوەو زۆری ئارەزوو لەوە بووە کە گۆڕی شاعیری بلیمەت مەولەوی هەڵبەسرێت‌و جێگاو شوێنی لەبەردەم بەسەرهاتی ڕۆژگاردا ون نەبێت‌و بمێنێتەوە . مەبەستی دوەم لە نامەکەی پیرەمێرد کە تیایدا نووسراوە گلەیی ـ پیرەمێرد ـ ە لە ـ حەسەن فەهمی بەگی جاف ـ ی نووسەرو ئەدیب کە جێگای ژیانی هەڵەبجە بوەو لە ڕوی گوزەرانیشەوە خاوەن سامان‌و دەوڵەمەند بووە . گلەیی ئەوە لە حەسەن بەگ دەکات کە بیریان چووە ئابونەی ڕۆژنامەی ـ ژین ـ بۆ پیرەمێرد بنێرن کە ئابونەکە پارەیەکی هێجگارکەم بووە . ئەم گلەییەی پیرەمێرد لە حەسەن بەگی جاف ئەوە ناگەیەنێت کە پیرەمێرد بیروڕاو خۆشەویستی بەرانبەر ئەوان گۆڕا بێت ، بەڵکە لە زۆر موناسەبەدا بە شیعرو بە نووسین ستایش‌و سوپاسی ئەوانی کردوە بۆ خزمەت‌کردنی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌ی کوردی بۆ نموونە لە چەند نووسیندا باسی کەشکۆڵەکانی ـ مەحمود پاشای جاف ـ ی کردوەو لە موناسەبەی لە دابك‌بون‌و کۆچ کردنیان‌دا شیعری نووسیوە ، ئەمە دوو پارچە شیعرەکە بۆ لە دابك‌بوون‌و کۆچ‌کردنی کوڕێکی حەسەن بەگ وتویەتی وەلە دیوانی ـ پیرەمێرد ـ دا ئەم دوو پارچەیە نەنووسراوە ..

« مژدەیەکی خۆش هات بە تەلگراف
کوڕی بوو بە دوو حەسەن فەهمی جاف

لە ناو جەژنانا جەژن بوو بە سێ
دیارە بوو بە دوو سێیەی لە دوو دێ
ئەمە تەئریخی ڕۆڵەی زەگی‌یە
(محمد سەروەر) گشت ئێل بەگی‌یە »

* * *

هەر ئەم ـ محمد سەروەر ـ ە پاش دوو ساڵ کۆچی دوایی دەکات‌و پیرەمێردیش ئەم شیعرە لە شیوەنیا دەنووسێ‌و دیسان ئەم شیعرەش لە دیوانی (پیرە مێردی نەمر) دا نی‌یە .

خودا ، داد ، لەدەست ئەم پیرە زاڵە
چەند بە سەر دڵی نازدارا زاڵە
حەسەن بەگ لە جێی دوو پاشا ماڵە
دوو چرای هەڵکرد لەو بنە ماڵە
بای مەرگ یەکێکی کوژاندۆتەوە
دڵی ئەو ئێلەی ڕەنجاندۆتەوە
« محمد سەروەر » کۆچی بەخێرە
کۆچی قوربانی قەزاوە گێرە
خوا ، ڕۆڵە مردن ، بە ئەجر ئەژمێرێ
یەك بەدە تۆڵەی بۆ ئەبژێرێ
تەئریخە بۆ ئەو وەلەو سروشتە
محمد سەروەر پەپولەی بەهەشتە

* * *

ئەگەر چی نامەکە پارچەیەکی بزر بوبو وەخەتەکەش لەگەڵ شێوەی نووسینی ئەمڕۆدا جیاوازە بەڵام هەر چۆن بوو توانیم بیخوێنمەوەو لە مەبەستی تەواوی بگەین ، ئەمەش دەقی نامەکەیە لەو جێگایەوەی کە نووسینی لەسەر بێت « تۆ ئەڵێی چی ؟! لە هەڵەبجەوە تا ـ سەرشاتە ـ چۆن بچین ؟! بۆ ئەمە جۆش‌و خرۆشێ پەیدا بووە ، زۆر لە دووریشەوە کوڕگەل دێن ، لەو لایشەوە لە حەسەن بەگ دڵگیرم ، تۆ بەو دەستە تەنگەوە ، بەو دڵە گەشاوەتەوە ، پارەت بۆ ـ ژین ـ ناردوە کە ئەبوایە ژین پارە بدا بە تۆ کە بی‌خوێنیتەوە . ئەوە بوو چوار ساڵ لەمەوبەر لە پاداشی ستایشی مەحمود پاشادا دوو دیناری ناردبوە دوایی وتی پارەی ئابونە نانێرین ، غەزەتەیشی بۆ ئەچێ ئەوەندەی هەبە ژین (جۆکەری) تیا نیە هەزار دیناری پێ بدۆڕێنێ ، لەگەڵ ئەوەیشدا چونك‌و ئەوەی محمود پاشایە لێی ئەبوورم ، تەنانەت بە فەخرەوە زنجیرەی باوك‌و باپیرانیشیم لە ژیندا نووسیوە . ئەگینە شەوێکی خۆش ئەبوو هەزار دینار بۆ قومار دوو دینار بەخشیش بگەڕێتەوە بۆ ئابونەی چوار ساڵ . ئیتر تۆ سەلامەت بی‌هەردوکمان پولەکی نین » لەم نامەیەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە پیرەمێرد چەندە ئارەزوو مەندو بە پەرۆش بوە بۆ هەڵبەستنی گۆڕی مەولەوی تا وەك جێگەکەی تەخت نەبێ‌و لە بیر نەچێتەوە ، ئەمەش دیارە کە هەر لە خۆوە نەبووەو ئەو کاری‌گەریە بەر فراوان‌و قوڵەی کە شیعری مەولەوی لە ناخ‌و هەست‌و دەروونی پیرەمێرددا دروستی کردوە تەنانەت هانی دا کە هەرچی شیعری مەولەوی هەیە لە شێوە زمانی ـ گۆران ـ وە بیگۆڕێتە سەر شێوە زمانی سلێمانی . هەروەها وەك بەڵگەیەکی ئەدەبی‌و مێژوویی دەبێت ئاگامان لەوە هەبێت کە ڕەنگدانەوەی وێنەو دەنگدانەوەی شیعری مەولەوی لە شیعرەکانی پیرەمێرددا بە ئاشکرا دیارەو دەستنیشان دەکرێت .

پیرەمێرد لە تەمەنی منداڵیدا مەولەوی بە چاوی خۆی بینیوە بەڵگەشمان بۆ ڕاستی ئەمە پیرەمێرد خۆیەتی کە دەنووسێت « منداڵ بووم ، لە بیرمە جارێ مەولەوی هاتە ماڵی ئێمە ، قاپوتێکی کورکی سەوزی لەبەر دابوو ، منیان خستە باوەشی‌و دەمی ماچ کردم . لە دەمی دەم ماچ کردندا چاوم بە چاوی کەوت بروسکەیەکی پڕ خەندەی لێ بەرز بوەوە . ئەو چاوانە کە لە دوایدا کوێر بوبو چەند جوان پڕ مەعناو جازبیەدار بوو »(١) .

جگە لەمەش لە دوای ئەو نامەیەی پیرەمێرد کە بۆ یەکەمجار بڵاومان کردەوە بە ماوەی (١٠) دە ساڵ دوای ئەوە واتە لە ساڵی ـ ١٩٤٨ ـ دا دیسان پیرەمێرد دەیەوێ ئەم ئارەزوە پیرۆزە بەجێ بگەیەنێ مەزاری مەولەوی هەڵبەستێت ؛ بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش بۆی نەچوە سەرو دڵشکاوو تا بە کام مایەوە ؛ لەو پارچە پەخشانە جوانەدا پیرەمێرد دوو کاری گرنگ ئەنجام دەدات یەکەمیان هەوڵدانە بۆ زیندووکردنەوەی شیعری مەولەوی‌و نزیك کردنەوەیەتی لە هەست‌و دڵی لاوە ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەو هەڵبەستنی مەزاری مەولەوی ، دوەمین مەبەستیش لەو پەخشانەدا کە ئەنجامی داوە ئەو نرخاندن‌و هەڵسەنگاندنە ئەدەبیە هونەر کارانەیە کە پیرەمێرد دەربارەی شیعری مەولەوی نووسیویەتی کە بەڕاستی لە توانای قەڵەمی ڕەخنە سازێکی کارامە کەمتر نیە . بۆ سەلماندنی ئەم بیرو ڕایانە با تەماشای پەخشانە ئەدەبیە ڕەنگینەکەی پیرەمێرد بکەین « ئێمە بیری تەرتیباتی زیارەتی ڕۆحی مەولەوی ـ مان کردەوە کە چەند ساڵێ لەمەو بەر بە جۆش‌و خرۆشێکەوە عالەمی کوردەواریمان هێنایە سەر ئەو هەوەسەو لە هەموو شوێنێکەوە ئارەزوو پەیدا بوو ، بەڵام ناهەمواری زەمان‌و کەشەکەشی دەوران بەرهەڵستی ئەو ئارەزوەی کردین . زاتەن ئەو زیارەتە چونك‌و قسانی مەولەوی لەو بەر ئاوی سیروانەوەیە هەموو مەوسمێك ناتوانین بیەڕینەوە . ئەشێ دەمە دەمی پایزبێ ، کە ئەوسایە سیروان بوار ئەدا ، سەیرکەن بە هۆی سیروان‌و پایزەوە دوو شیعری (مەولەوی)م کەوتەوە یاد ، کێ توانیویەتی ئەو سنعەتە لە شیعردا بکات ؟! بۆ سیروان وتویە ..

« پایز زەرد بەخەم ، جام ، چار شێوی تەم
دێرەن سوارکەن ، نەوعروسی خەم »

* * *

ئەم ئارەزوە ئەمەندە ساڵە لە دڵی پیرە مێرددا ماوەتەوە ڕەنگەبیشی بی‌باتە گلەوە ، خۆزگە دوای خۆیشم لە گردی یارەوە ئەم بینی کە دەستەی لاوان‌و هونەروەران‌و ئەدەب پەروەران کەوتونە ڕێ ئەچن بۆ ئەو تەوافە قەرزەی ئەو گیانە بەرزەو لە تەئریخی کوردەواریدا ئەنووسرا »(٢) .

● **تێبینی :**

برای هونەرمەند کاك ـ خالد ڕەسول ـ وێنەیەك لەو نامە بڵاونەکراوەیەی پیرەمێردی بۆ هانیم کە ئەویش کاتی خۆی لە ـ سید عبدالله ـ ی بەرگە دروی وەرگرتبوو .. سوپاسی ئەو دوو دلسۆزە دەکەم .

● **سەرچاوەکان :**

١ ـ پەخشانی مەولەوی ـ نووسینی پیرەمێرد ـ دەستنووس .

٢ ـ زیارەتی مەولەوی ـ پەخشانێکی پیرەمێردە .

چیروکەك ژ توری بەرگریا یوغسلافی

کوڕك

نقیسینا : ملادن اولجاکا

وەرگێرانا : وصفی حسن ردینی

ئینانە نك تابین .. ئینانە نك تابین ل ئیفارا روژەکا نەخوش ، دەھ بوون ئەویت بریارا گوللەبارانکرن دەرهەقا وان دەرکەفتی‌و هەمی پێکڤە بێت گریداینە ب زنجیرەکا ئاسنی‌و ژ ناڤ واندا زەلامەکی دەستێ وی بێ راستێ ب دەستێ کوڕێ وی بێ چەپی‌ڤە گرێدا بو ، د راوەستیاینە هەمی پێکڤە بێ دەنگ .. سەر چەمیایی .. نافچاڤ گرێ .. بێ هێزو شیان .

ئەفسەری گوتێ : ـ

ـــ ها تە چ گوت ؟ تە هزرا خو نە گوهری ؟

ـــ نەخێر !! کوڕکی ب توندیڤە گوتێ .

ئەفسەری بەرێ خو دایێ ب عاجزی‌ڤە .. کوڕکی ژڤیا بمینیتە لسەر ڕکا خوو نەئێتە خواری‌و سەرێ خو بلندکر .

ـــ ئەفسەری دەست ب دابەشکرنا سەربازا کرو هەمی ڕێزکرن لێزیکی بیست مێترا ژ تابیێ‌و گوتە وان تڤەنگێت خو داگرن .. بو تەقتەقا تڤەنگاو ساجۆراو ...

« کوڕکی بەرێخودانەك کرە خەندەکێ .. یا کویرەو یا ب هەڕی‌و تەقنە ، بێ گومان ئەم دێ لڤێرە هێنە ڤەشارتن .. کوڕك پیچەك ترسیاو بەرێ خو ژ تابیێ وەرگێرا .. بابێ کوڕکی لاوازو بێ‌هێز ببوو شوینەوارێت قوتانێ‌و عەزابێ لسەر لەشێ وی د خویا بوون ، سەرباز لنك تابیێ ڕێز ببوون‌و چەکێ وان یێ داگرتی بوو ژ فیشەکا .. بەس یێ لهیڤیا فەرمانا سەرەکێ خو .. هندەك ژ وان سەبر نەمابوو هندەك وەستابوون ژ چاڤەنێریا فەرمانێ .. هندەك ژوان دوو دل بوون‌و هندەکا ژی پیچەك بێ نەخوش بوو .. » .

ئەفسەری جارەکادی گوتە کوڕکی :ـ

ـــ ها .. تە هزرا خو نەگوهری ؟

ـــ نەخێر ..

ئەفسەر گرنژی‌و گوت :ـ

ـــ دێ باشە .. بەس دێ پەشیمان بی .

کوڕك د مینیت بەرێ خو ددەتە ئەفسەری ، بەرێخودانەکا بغەزەبڤە .. گرتیت دی هەمی دراوەستیاینە ئێك بملێ بێدی‌ڤە لسەر لێڤا تابیێ . جل‌و بەرگێ وان بێت دڕیایی بوون‌و گەلەك بێ سەرو بەر بوون .. هندەك دسەر ڕویتن‌و هندەکا سەرێ وان یێ گرێدایێ‌بە .. هەمی پێکڤە وەکی مالەکا نێزیکی هەرفتنێ دهێنە پێش چاڤ ..

بابێ سمبێلێت وی ڕەش‌دکرن‌و سەرێ خۆ بپاتەکێ ڕەش گرێدابو .. ئ‌ا کوڕی پاتەکەکێ بێخێر هاڤێتبو سەرێ خوو هبشتا بچویکە گویزان نەدایە ڕهێتخو یانکو هێشتا بەرێ کەپێ وی ڕەش نەبویە ..

دەنگێ ئەفسەری ل پشت دێزا سەربازا هات‌و گوت :ـ

ـــ ستێرکێ لێبکرن !!

ـــ هەر سێ سەرباز بۆ گرتیەکی ..

سەربازا هەمیا خو ئامادەکرو گوهێ وان ما لدەنگێ ئەفسەری :ـ

ـــ یەللا گوللەبارانکەن !!

گوڕی‌و گوللە ژ دەرێت تڤەنگا دەرکەفتن‌و وارا تەڕی دویکێل بۆ سێ ژوان گرتیا کەفتنە ئەردی‌و بدەنە ئاسمانی‌و راوەستن چاڤەرێ بن ..

دگەل کەفتنا وان ئێکی ساخلەم ژی دگەل خو ئێخست .. ئەوێ ساخلەم رابوڤە هەروەچکو پێ نەخوش بوی فیشەکا ئەو نەگرتی :ـ

ئەفسەری گوتێ ها تە چ گوت :ـ

ـــ نە خێر !! کوڕی گوت ..

ـــ داگرن تڤەنگێت خو ... پاشی گوت ستێرکێ بکرن ..

کوڕکی دیت بەرێ وان هەمی زڕە تڤەنگا یێ دایە گیانێ وی :ـ

ـــ کا راوەستن ..

ئەفسەری گوتە سەربازا بەرێ تڤەنگێت خو جارەکادی ئەفسەری قەسا خو دووبارەکر هەر وەچکی دڤێت کوڕك بمینیتە ساخ .. بهنا کوڕکی پیچەك هات ..

قاپیتەکێ کەسك لبەر بوو و گلاڤەك لسەری بوو ب قامەتێڤە ژی یێ زەعیفو درێژ بوو ..

گوتە سەربازا چەکێ خو راوەستینن ، پاش گوتێ بەرێ تڤەنگا بدەنە پێت وی ..

ـــ تە چ گوت ؟

ـــ ئەڤە دەھ ڕۆژە ئەفسەر وە دبێژیتە کوڕکی‌و هەمی جارا کوڕك دبێژتێ (نەء) .. لێ ڤێ چارێ گوتێ :

ـــ کا راوەستە .

ئەفسەری ژ کوڕکی خاست بابێ خو بکوژیت !! بەری هنگی ژی گۆتبۆ بابێ ژی کوڕی خۆ بکوژیت ، لێ بابێ تفکرێ‌و داپاش .. بەلێ ئەفسەر پاشڤە نەچوو کوڕی تو بو من ڤێ بکە دێ تە ژ مرنێ خلاس‌کەم‌و دێ جارەکا دی ژیبەڤە ..

ـــ تە چ گوت ؟

ـــ کوڕك ئالوز بوو .. ئەفسەری گوتێ مانێ تو دزانی من چێ دگەل تە گوتی ... بدەنگەکێ بلندڤە گوت دا گرتیت دی ژی گولێ ببیت .

ـــ ئەز نەشێم .. بەرێ خودا بابێ خو بەرێ خودانەکا دوودلی‌و پەشیمانیێ .. بابێ وی ژ پیاڤە یێ راوەستیای بوو ..

ئەفسەری فەرمان‌دا سەربازا بەرێ تڤەنگا بدەنە گرتیا ..

ـــ کا راوەستە .. کوڕکی گوت ..

ـــ بوچی راوەستم ؟

ـــ کا بێژەرێ بینە [بێژەر ب زمانی یوغسلافی بەعنی بڤرێ دووسەر] .

ئەفسەری فەرمان‌دا کو سەربازی ڤەکەن‌و بێژەرێ ئامادەکەن .. کوڕی هندەك بەرێخودانێت دلسوژانە کرنە بابێ خو .. بێ ئەو تێ بگەهیت کا بوچی دێ کوڕێ وی بڤی کاری رابیت ، ئانژی کا یێ پەشیمانە بان نەء ..

« کوڕکی بخو دگوت ئەویژی گەلەك دایکامن دقوتاو مەی ڤەدخار .. دێ خودێ ژی گوننەها من غەفرینیت .. ئەو بۆ ئەگەرا کەفتنا من لناڤ دەستێت‌فان‌دا » ..

بابێ پێرەمێرد بەرێ خو دایێ چ پشت‌و بەرەڤان نەمان ، روندك ژ چاڤی بارین .. ئەفسەر گرنژی‌و گوت :ـ

ـــ ها ئەڤە بێژەر .. ئەڤ چەندە خوشترین دیمەن بوو لنك ئەفسەری ..

کوڕکی بێژەر هەلگرت .. ئەفسەری گوتێ ب هەر دوو دەستا .

سەرباز هەمی گوهشین‌و مانە هەیبەت‌گرتی‌و ب عاجزی‌ڤە سەحدکرە ڤێ چەندێ .

ـــ ب هەردوو دەستا !! جارەکا دی ئەفسەری گوتێ ..

ـــ باشە .. کوڕکی گوت ..

دەستێت وی لەرزین .. گیانێ وی هژیا .. چاڤێ ئەفسەری بێل لڤینا بێژەرێ .. بێژەر بلندبوو چۆ هندافی سەرێ بابێ !! چاڤێ هەمیا یێ لێ .. باب گەلەك ترسیاو دلێ وی بخو سووت .. لێ ئەفسەر گەلەکێ ب کەیف بوو ..

ل وی دەمی دا کوڕکی مێرانیا خوو شورەشگیریا خو کرە ئێك‌و ئەو بێژەر ب هەر دوو دەستا دانا نیڤەکا سەرێ ئەفسەری‌و درێژکرە وێرێ .. کوڕکێ دوو بێژەرێت دی ژی لێدان‌و گوت :ـ

ـــ دێ‌ڤیچا من گوللەباران کەن ..

ـــ بابێ بو جارا دویماهیێ بەرێ خودا کوڕێ خو گرنژی .. !!

● **تێبینی ..**

١ ـ نڤیسەڤانێ ڤی چیروکێ ل ساڵا ١٩٢٦ ل یوغسلافیا هاتە دونیایێ‌و ژ بەرهەمێت وی [بڤریت رەش]و (دوعابو برایێت من) .

٢ ـ ئەڤ کورتە چیروکە من ژ روژنامە عیراقێ یا روژا ١٩٨٣/٩/٢٤ وەرگرت‌و کرە کوردی .

Institut kurde de Paris

دلاوەرفە رەداخی

شانۆنامەی «دیدەنی» لەنێوان نواندن و دەرهێناندا

بەپێویستم زانی چەند سەرنجێك بەرامبەر شانۆیی «دیدەنی» بخەمە ڕوو ، کە کۆمەڵێك قوتابی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لەبەغداوە لەدەرهێنانی کاك ئیبراهیم چێوار بۆ ماوەی چوار ڕۆژلەهۆلی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی پێشکەشیان کرد .

بەگرنگتریشم زانی ، سەرنجەکان تەنها لەسەداری دەرهێنان و نواندن دابن و لەفەلسەفەی شانۆنامەکە نادوێم .. ، چونکە ڕەنگ بێ لەبواری تەجریب و نوێ کردنەوەدا ، زیاتر بەرامبەر تەکنیك لێپرسراوبن و لە هەنگاوەکانماندا زۆر بابەت و ناوەڕۆکی جیاواز جیاواز تاقی بکەینەوە ..

● دەرهێنان

کردەی دەرهێنان ، لەگشت قوتابخانەو ڕێبازە شانۆیی-یەکاندا ، بەتایبەتیش لەشانۆی نوێدا ، پێش هەموو شتێك ، کردەی یەکانگیربوونی هەستیانەی دەرهێنەرە بەرامبەر بابەتە شانۆییەکە ، واتە هێندەی دەرهێنەر وەك خودێکی فرە لایەن و خاوەن هەست و قال-بوون و تیرۆانینێکی ئیستاتیکی ناباب ، کار لەدەقەکە ئەکاو بەو مامەلە هەستیە هەڵوێست دەنوێنێ هێندە قالب و کێشەی نووسراوو حازر بەدەست دەور نابێنێ ، واتە جەمسەری یەکەمی ئەو کردەیە ، جلەو گیرکردنی بابەتی یانەی خەون و ویژدانی دەرهێنەر خۆیەتی ، ئەنجا ئەگەر ئەو خەون و ویژدانە لەسەرچاوەی ڕوونی جیهانە بەپیتەکەی خۆیەوە هەڵقوڵابێ ، ئەوا یەکەمین هەنگاوی داهێنەرانە دەخوڵقێ و چێژە ئیستاتیکی-یەکەی هونەرمەندیش یەکانگیری ڕوانینەکانی دەوروبەری دەبێ .

یەکەم خاڵ کەلەدەرهێنانی «دیدەنی»دا ، بەدیار دەکەوێت ئەو خاڵەیە ، لەسەرەتای شانۆنامەکەدا ، کاك ئیبراهیم هەوڵی داوە بەرەو بەدیار-خستنی ئەو هەستە بچێ بەڵام هەر زوو کەوتۆتە نێو کۆمەڵێك کێشەو تەشکیلەی دەرهێنانی حازر بەدەستو بێ موبەریرەوە ، هێندەی کاك ئیبراهیم هەوڵی خوڵقانی هاوسەنگی و سێ گۆشەو بزووتنی ئەکتەر بەزوویی و پرکردنەوەی شوێنی ئەکتەرەکەی بەرامبەری داوە هێندەدەیتوانی بەڕۆشن کردنی هەستە شعوری و سۆزە شاعیری یەکەی خۆی ، ئەکتەر بەچاکترین شێوە تەشکیلەی جوانترو بزووتنی ڕاستگۆ-یانەتر بەدی بێنێ ، سەر ئەویتریانە .

هاوسەنگیش کردەیەکی تلقانی وایە ، کە لەگەڵ بەدیارکەوتنی ڕاستگۆیی ئەکتەرا دەخوڵقێ و گەرەکی بە بەزۆر ڕێك هێنان نییە .. ئەمە جگە لەوەی ئەو تیرۆانینە کێشی یە ، زیانێکی زێدە لەتوانای ئەکتەرو هەستە خوڵقێنەرەکەی ئەدا .

دوابەدوای ئەمە ، مەسەلەیەکی گرنگی تری هەلەی دەرهێنان لەشانۆ-نامەکەدا سەر دەردێنێ ، ئەویش مەسەلەی [ئینشطار] یان دابەش کردنی ئەکتەرێکە بۆ دوو ئەکتەر .، کەدەرهێنە ئەم کردەیە دەخوڵقێنێ پێویستەلەسەری ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکات .

١ - وەك هەڵوێست ئەو دوو ئەکتەرە ، تەمسیلی دوو هەڵوێستی دژ بەیەك دەکەن ، بۆیە (ووتەکانیان) لەمل ملانێو کێشمەکێشێکی بەردەوام دایە ، دوو حاڵەتی جوێ وەردگرن . دژی یەکدین و یەکتری ئەسرنەوە .

٢ - بزووتنی ئەو دوانە ، دیسانەوە ڕێچکەی جوێ بەیەکتری وەردەگرێ و هەر بەکەبان پێچەوانەی ئەویتریان ئەجووڵێن .. لەمەدا کەسێتی دوو لای پاڵەوانەکە بەدیار دەکەوێ و کردنی کارەکە ، لەنێوان ئەوی دوو ئارەزووەدا بێ جێبەجێبوون دەمێنێتەوە بێ ڕەچاوکردنی ئەو دوو خاڵە ، کاك ئیبراهیم ئەو کردەیەی لەشانۆنامەکەدا بەکارهێناوە ... جەوهەری حیوارەکانیان یەك جەوهەرن و بزووتنەوەکانیشیان لێك نێزیك بوونەوەو تەئکیدکردنە دەرهێنان ، ڕابمایە ،

● نواندن

ئەو ئەکتەرانەی لەو شانۆییەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە «شەماڵ عومەر» و «نیگارحەسیب» و «ڕزگار کەریم» و «میدیارەئوف» و «فرمێسك مصطفی» .. ، شەماڵ و ڕزگارو فرمێسك ، تاقی کردنەوەی تریان هەیەو تاڕادەیەك وەك ئەکتەرێکی سەرکەوتوو حسابیان بۆ کراوە دیارە گومانیش لەتوانای نیگارو میدیا ناکرێ و خاوەن جەستەو ئەدائێکی وان ، کەئەتوانرێ زیرەکانە بەکار بهێنرێ و ئینرافەیان بخرێتە سەر .. ، بەڵام لەم شانۆیی-یەدا ، کەمترئەوەیان بەدی هێنا کەلێیان چاوەڕوان دەکرا ، نەتوانرابوو ، ئینرافەیان بخرێتە سەرو وەك هۆکاری ناباب ناباب سوودیان لێوەر-بگیرێ ، دیارە هۆکەشی ، یان ئەوەتە ، سنووورداری ڕافەو تەفسیری دەرهێنەر بوون ، یان خۆیان نەیان توانیبوو تەکنیکی ئەکتەری داهێنەر بەکاربهێنن و ئەوی دەرهێنەر یش گەرەکی بووە ئەیان توانیبوو بەجێی بهێنن . هەروەك لەوەو پێش ووتمان مەسەکە نسبییە .. بۆیە لەمەودوا هەوڵ ئەدەین ، ڕۆشنایی بخەینە سەر نواندنەکەیان و تاڕادەیەك بیان خەینە کێشی هەڵ-سەنگاندنەوە .

هونەرمەند (رمضان حسین صالح) ساڵا ١٩٦٤ یێ هاتیە دنیایێ و خاندنگەهە سەرەتایی و نافنجی یا لدهوکێ خواندی و ژ بچویکاتی دلێ وی لسەر هونەری بو و بێخەمەتیا بالفەدانا وی ژلایێ برایێ وی ئە مامۆستا (رشید حسین) پتر دلێ وی کەتە سەر هونەری و بەری پشکداریێ لگەل چ لایەکی بکەت چەند ئالەت لنك وی تیبێ ببون وەکی گیتارا هەوانی و ئامێرێ ماندولین و بیانو د لساڵا ١٩٧٩ بدورستاهی دەست ئەدان لگەل ئالەتێت موسیقێ کر وبێقە جو و لساڵا ١٩٨٠ پشك داری لگەل تیپا کورال لدهوکی کر لگەل هونەر مەندێ بناف و دەنك دلشاد محمد سعید و دەمێ پشك داری کری لگەل تیپا کورال لێدەرنی ئالەتێ جەصێ بو و لساڵا ١٩٨٣ بشتی دەرجوی ژ خاندنگەها نافنجی چۆ ئاموژگا هونەرێت جوان ل موسلێ و تایبێ موسیقێ و بخو بژارت ئالەتێ (فلوتێ) و نهو یی لپۆلا سیێ و ئنیەتێت وی یێت پاشە ڕوژێ ئەون کو ببیتە موسیقاژەنەکێ بناف و دەنگ و خزمەتا هونەرێ کوردی بکەت .

جسیم ابراهیم دوسکی
لەقێ دهوکێ

ڤێ لهونەرمەندێ گەنج بناسن

چالاکی شانۆیی لە چوارقورپنە

سەرکەوت ئامادەی کردووە

١ - دوای کلاوی بابردوو مەکەون .

کۆمەڵێك لاوی بەتواناو دلسۆزی هۆنەری شانۆ ، لەشارۆچکەی چوارقورپنە بەمەبەستی خزمەت کردنو وشیارکردنەوەی جەماوەری شارەکە ماوەیەکە لەکۆشش بەردەوامدان .

بۆ یەکەمجار ئەم کۆمەڵە هۆنەرمەندەی تیپی نواندنی چوارقورپنە توانیان بەشانۆنا-مەی (دوای کلاوی بابردوو مەکەون) لەنوسینی مامۆستا عبداللە میدیا ، ڕووبەڕووی جەماوەری هۆنەردۆست ببنەوە لەسەرشانۆی مەلبەندی لاوانی چوارقورپنە ، لە ٦و٨-١-١٩٨٥ ، وە لە ٩-١-١٩٨٥ لەسەرشانۆی مەلبەندی لاوانی ڕانیە .

ئەکتەرە ناسراوەکانی ئەم شانۆنامە ئەمانەبوون : محمد حاجی قادر ، عبدالرحمن بنی ، ناهیدە ابراهیم ، شیرین بێکەس ، خدر بلباس ، خیراللە رسول زەوقە ، جلال عبداللە تەنکە ، عبداللە مصطفی ، جبار میرزا ڕۆستەمی ، عثمان عزیز .

شانۆنامەکە لەدەرهێنانی هۆنەرمەندی لاو کاك محمدی ملا اسعد بوو .

لە چاوپێکەوتنێکدا برای دەرهێنەر بێی ووتین :

بەدرێژای تەمەن پێویستمان بەهۆنەرە ، کەواتە دەبێ زێدەتر ئامادەیی کارکردن بین لەبواری هۆنەرو دراماداو ئاشنایەتی زیاتر پەیوەست بکەین لەگەڵ جەماوەی شانۆ لەشارەکەماندا .

ئێمەش هیوای سەرکەوتنی زیاتربان بۆدەخوازین .

٢ - ئەشکەنجەو ژیندان

دووەم بەرهەمی تیپی نواندنی چوارقورنە ، شانۆنامەی (ئەشکەنجەو زیندان)بوو ، لەنوسینو دەرهێنانی هۆنەرمەندی لاو کاك محمدی ملا اسعد ، بۆماوەی سێ ڕۆژ پێش کەش-کرا لەسەر شانۆی مەلبەندی لاوانی چوارقورپنە .

لەگەڵ ئەوەی کەئەکتەرەکان

بروانە ل ١٠

بارێزلك بەهەرەی جگەر گۆشەکانمان بگرین

ئەوەی ڕوونە لەبواری پەروەردەکردندا ، بەتایبەتی لە گۆشەی قوتابخانەکانو پۆلەکانی خوێندندا .. لەبال خوێندنو ئامادەکردنی وانەکانی قوتابخانەو لێپرسینەوەی مامۆستا لە قوتابیانو بەسەرکردنەوەیان، لە بواری قوتابخانە .

چەند لایەنێکی دیار لە بەروەردەکردنو دەرخستنی کەسێتی قوتابیەکانو شێوازێکی گشتی بۆ هەڵبژاردنی قوتابی زیرەکو کردنەوەی خانەی بیرو هۆشی قوتابیان بەتایبەتی لە وێنەکێشاندا ، کە لە زوربەی زۆری قوتابخانە سەرەتاییەکانی وڵاتدا بەبیرەو کراوە .. ئەم بوارەش زەمینەیەکی باش بوە بۆ دەست نیشان کردنی قوتابی بەتواناو ، هەروەها ناسینەوەی کەسێتی قوتابی لە نێوان دەستو بەکارهێنانی فلچەی بۆیە کردنو ڕەنگ تێکەڵ کردنو وێنە کێشان ، ئەوەشی زیاتر پاڵی پێوەنام بۆ ئەم نوسینە ، ئەو بڵاوکراوەیەبوو کە لەسەر دیواری یەکی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری قەڵادزی بینیم ، گومانی تیدانیە کە منداڵ زۆر حەزئەکا ، ئارەزوی هەرە بەرزی لەوەدایە کە بتوانێ بەسەربەستی لە خواستی خۆی بدوێ ، بە تایبەتی کاتێ ئەم ئاواتە شیرینەی قوتابی دێتەدێ زیاتر بەپەرۆشی ئەکا بۆ ئەوەی لەوکارەی کە پێی سپێردراوە کارامەترو بەتواناتربێت ، کاتێ بە کۆمەڵ لەگەڵ چەند قوتابیەکی هاوڕێدا ، کارێك بە ئەنجام ئەگەیەنن ، ئەگەر هاتوو کارەکەش بوە جێگای سەرنجو ڕێزلێنانو بابەخ پێدان .. ئەوا خولیای کارکردنی سەربەستی ئەم منداڵانە زۆرترو بەپرۆشتر ئەخولقی ، لێرەدا ئەلێم بەداخەوە کە تەنها ڕێگا لای ئێمە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانمان بە گشتی بەستومانەتەوە بە قوتابخانەوە ، زوربەی دایکانو باوکان ، بەوە قەناعەت بەخۆیان ئەکەن ، کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەیە ، ئیتر ئەبێ قوتابخانە هەموو شتێکیان فێرکات !! کە وابزانم ئەم رایە زۆر هەڵەیە دوریشە لە ڕاستی ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار منداڵەکانمان ، کە ئەیانەوێت خۆیان ماندوو بکەن بەشتێکەوە ، خێرا پیان ئەڵێین بۆ ناچی سەعی بکەی ! ئەمە سەعیەکەتە ؟ یان پیاهەڵشاخان بە منداڵو ڕێگانەدانیان بۆ ئەوەی یاری بکەن لەگەڵ هاوڕێ کانیان ، یان پێکەوە چەند منداڵێك بتوانن شتێ دروستبکەن ، خویان خەریك کەن ، کە ئەرکی دایکو باوکیش لێرەدا ئەبێتە لایەنێکی لابەلایی بۆ کارتێکردنو هاندانی منداڵەکانیانو ، بە پێی توانا دەستپێشخەری و ئامادە کردنی پێویستیەکانی ئەو شتانەی کە ئەو یاریە ، یان ئەو کارە ئەیەوێت بە تایبەت ئەگەر هەستکرا بەوەی کە تۆزێك بەلای داهێنانداا ئەچن ، هەرچەندە هەستیش بەوە بکرێت کە داهێنانەکە کتومت لە بەهرەی خۆیان نیە یاخود پێشتر داهێنراوە ئەمان ئەیانەوێت ، شێوە کاری و جوانتری بەسەردا بهێنن ، بێ گومان لێرەدا ئەو کەلینە دەرئەکەوێت کە لە خۆو ڕۆشنبیرکردنی منداڵە - کانماندا هەیەو پێویستی بەچی یە ؟ کەچی بەداخەوە ئەلێم کە ئەمە وەك ڕێگایەك تەنها لە قوتابخانەکاندا پەیرەو ئەکرێت ، ئەویش هەندێ جار لە دلسۆزی ئەو مامۆستاو ڕابەرانەیە ، کە ئەیانەوەی ئەرکە بەروەردەیەیو کار گیرایەتیەکەیان - لە ئاستی تەنها خوێندنو فێرکردندا نەبێت هەموو بەبوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە .. تەنها وەك خوێندن لە قوتابخانەدا تەماشای قوتابی ئەکەن .

لەبەر ئەوە پێویستە لە ماڵو قوتابخانە ئاگاداری گەشەکردنی ئاستی هۆنەرەیو ئەدەبی منداڵەکانمان بین ، بزانین تامو چێژی چی وەرئەگرن لەو ڕادەی خوێندنو بەسەر کردنەوەی لە قوتابخانە وەری ئەگرن .

من بەرای خۆم لەو بروایەدام کەم باوك یسان دایك هەیە رادەی تێ گەیشتنی منداڵەکەی خۆی بزانێ ، یان بەتەواوی لە ئارەزووی منداڵەکەی بگات ..

لە کاتێکا ڕێز لەبەهرەی بەرزی قوتابیانی پۆلی دووەمی سەرەتایی ، قوتابخانەی قەندیل لە قەڵادزێ ئەگرین ، سوپاسی پرشکۆمان بۆ مامۆستایانی دلسۆز کە ئەیانەوێ شێوەکاری بە کۆمەڵ فێری قوتابیان بکەن .. بەتایبەتی توسین وێنەو گەلەکاری کە ئەو قوتابیانە لەو بەهرە بچکۆلەیەی هەیانە ، دروێنەی چ بەهرەیەکی گەورە ئەکەن ..

- نازاد -

پیشانگای گشتی‌ی هونەرمەندە کوردەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

ئەمینداریتی گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ، بەشانازی‌یەوە بانگی هەموو خوشك‌و برایانی هونەرمەند دەکات ، بۆ بەشداربوون لە پیشانگای گشتی هونەرمەندانی کورد ، بەو ئاواتەی کە پیشانگای ناوبراو لووتکەیەکی بەرزی جوولانەوەی هونەری شێوەکار ، بەرجەستە بکات‌و لە هەمان کاتدا ببێتە بەردی بناغەی دامەزراندنی موزەخانەی هونەرمەندانی کورد ... ئەم موزەخانەیەی کە ئەمانەتی گشتی ، بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کوردی دێرینماندا بۆیاری دروست‌کردنی داوە ... ئومێدەوارین کە هەموو خوشك‌و برا هونەرمەندەکان باشترین بەرهەمی هونەریان ، چ نیگار بێ یان پەیکەر ، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە ئامادە بکەن .

مەرجەکانی بەشدار بوون :

١ - هەر هونەرمەندێك (٣) نیگار ، یاخود (٣) پەیکەر پێش‌کەش دەکات . (باشترە نیگارەکان چوارچێوەی ڕێك‌وپێکیان هەبێ‌و لەگەڵ سیستیمی ڕەنگەکان گونجاوبن) .

٢ - لێژنەیەکی تایبەتی سەر بە ئەمانەتی گشتی ، بەرامبەر بە پسوولەیەك کە مەرجی گەڕانەوەو پارێزگاری بەرهەمەکەی تێدایە ، لە ڕۆژی (١٩٨٥/٩/١)ەوە ، دەست بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکان دەکات‌و پاش تەواوبوونی پیشانگا بەرهەمەکان بۆ خاوەنەکانیان دەگەڕێنێتەوە ، (تەنیا ئەوانە نەبێ کە بۆ موزەخانەی هونەرمەندانی کورد هەڵدەبژێردرێن ... ئەم هەڵبژاردنەش لە لایەن لێژنەیەکی بالای هونەری‌یەوە دەبێ کە لە بەغداوە ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە بانگ دەکرێن) .

٣ - هەر هونەرمەندێك لە بەشداربوونی پیشانگا لیستەی تایبەتی پڕ دەکاتەوەو وێنەیەکی فۆتۆگرافیش لەگەڵدا پێش‌کەش دەکات ، بۆ کەتەلۆگی پیشانگا .

٤ - هونەرمەندان ، کەرەستەکانیان ئەمانەبێ : (ڕۆنی - ئاوی - ڕەنگی پۆستەر - تێمپەرا) . بۆ نەخشەکاری : (خامە - ڕەژوو - مەرەکەبی چینی - سەنگینا) . بۆ پەیکەر : بەرد - مەرمەر - دار - برۆنز - یان هەر کەرستەیەکی بەرگر) .

٥ - پێویستە بەرهەمەکان لە داهێنانی هونەرمەند بن‌و دوور بن لە کۆپی‌و چاولێکەری ، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە ، هونەرمەند دەتوانێ هەرشتێکی : (مێژوویی ، دیمەنی سرووشتی ، سرووشتی هێمن ، پۆرترێت ، ژیانی ڕۆژانەو بوونی دەوروبەرو فۆلکلۆریی‌و پاڵەوانیەتی سوپا و گەلی عیراقی نەبەز پیشان بدات) .

٦ - هونەرمەند مافی ئەوەی هەیە بەرهەمی کۆن یان تازە ، بەو شێوازەو ڕێبازە هونەریی‌یەی کە باوەڕی پێی هەیە ، پێش‌کەش بکات .

لەگەڵ ڕێزمان

محمد امین محمد ئەحمەد

ئەمینداری گشتی‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان

Institut Kurde de Paris

مامۆستا قادر

تەمەنێك لە یاریگادا

کە وەرزش نامەی ئاشتی‌و برایەتی بێت .. دەبێ تاکو چ رادەیەك نرخ بەو کەسانە بدرێ کە پەیامی ئەم ئاشتی و برایەتی‌یە هەڵدەگرن و ئەم درووشمە پیرۆزە وەك‌و خۆراك لەگەڵ ژیانیاندا ئاوێتە دەبێ ؟!

مامۆستا قادر ، کە بە (قالە رەش) ناسراوە ،یەکێکە لەو کەسانە .. هەوڵی بێ‌ووچان و تەقەللای بەرفراوانی لە خزمەت کردن بە لاوانی ناوچەی سلێمانی لە بواری وەرزش دا وەك مانگی چوارده دیارە و هەرگیز ئەو تێکۆشان بێ وێنەیەی لە یاد ناکرێ کە لەپێناوی گیانی پیرۆزی وەرزش دا کردوویەتی .

مامۆستا قادر ۳۰ ساڵی تەمەنی لە ناو یاریگاکاندا بە سەر بردووە.. ئەوە لەدوای ئەوە لە رۆڵەی شارەکانی (سلێمانی و رانیەو هەڵەبجە .. هتد) بەپێ کردووە ، دەتوانم بڵێم بەکەمین کەس بوو کە لە رانیە لە سەرەتای ساڵانی ۱۹٦۰ بە شێوەیەکی نوێ‌و پێش‌کەوتووانە تۆوی وەرزشی چاند !! هەروەك خۆی دەڵێ: (یەکەمجار کە هاتم بۆ رانیە بە قوتابیەکانم ئەووت شۆرت لەبێ کەن ، بە شەرمەوە ئەیانووت :مامۆستا دەبێ قوڵە عەیبە !!) ..

بەڵێ .. لەو سەردەمە دا ئەم مامۆستایە هاتە رانیە و کۆڵی نەدا هەتا توانی لێهاتووترین کۆمەڵە لاوی پاڵەوانانی تۆپ بەرهەم بهێنێ کە ئێستا دەبینین هەڵبژاردەی رانیە لە چوار پاڵەوانێتی پارێزگای سلێمانی دا سێ جار یەکەم بووە و بە ئەوپەڕی توانا شانازیەوە بەرەنگاری بەهێزترین تیمی ناوچەکە دەبێتەوە !

هەر بەمەبەستی نلسینی ئەم مرۆڤە خۆشەویستە و ئاشنا بوونی لەلایەن خوێنەرانی کوردەوە بە چاکمان زانی ئەم چاوپێکەوتنە کورتەی لەگەڵدا بکەین ،

کە لە وەڵامی یەکەم پرسیار دا گوتی :

● لە ساڵی ۱۹٦٤ لە گەڕەکی مەلکەندی شاری سلێمانی لەدایك بووم ، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیم هەرلەوێ تەواو کرد ، لە ساڵی ۱۹٦۲ کە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەرچووم . خێزانەکەمان بەگشتی حەزیان لە وەرزش بووە . من لە تەمەنی پێنج ساڵانەوە حولیای وەرزش کەوتە سەرم .

لە یۆلی یەکەمی ناوەندی بووم کە لە تیمی پەروەردە (منتخب تربیە) کە ئەوسا پێزیان ئەووت (معلوف) وەرگیرام ، سائیکیش دوای ئەوە لە هەڵبژاردەی سلێمانی بە گۆڵچی وەرگیرام کە هەتاکو ساڵی ۱۹٦۳ یاریم کرد تیایا ..

– یاریزانەکانی ئەوکاتە کێ‌بوون ؟

● ئەوانەی لە بیرم مابێ (طالب علی ، هنودا ، کمال سلیم علی معصوم ، فایەق طاهر معتصم فتحی ، علی اسماعیل ، عمر عزیز ، عوسیل ، محمد فتاح صلاح کریم) کە هەندێکیان ئەماون (یادیان بەخێر) !

– مامۆستا گەورەترین یاری‌تان کامە بوو ؟

● یاری‌مان کرد لەگەڵ (جەزائیر و شرطەی بەغداد و یانەی فەیلی‌و کۆمپانیای ئەوتی کەرکوك و بەسرا و شارەکانی تریش .. سە هەموویاندا ڕەماوەد ئەمە لەگەڵ جەزائیر دۆڕایین (یەك گۆل بە پێنج) .

– چاکترین ڕێگا بۆ گەشەپێدانی وەرزش چی‌یە ؟

● بۆ ئەوەی چالاکیە وەرزشی‌یەکان گەشە بکەن و بەرە بە بڵاوبوونەوەی بدرێ پێویستە گیروگرفتەکانی ڕێگای نەهێڵرێ وەکو کردنەوەی بلۆکا و یانەی وەرزشی لە کشت قەزا و ناحیەکان .. تەرخان کردنی ڕاهێنەر (مدرب)و کادری وەرزشی بە توانا بۆ مەشق پێ‌کردنی تازەپێگەیشتوان .. هاندان و پشتگیری کردنی پاڵەوانانی وەرزش .. دابین کردنی ژیان و پێویستی وەرزشی وەك جل‌وبەرگ ، پارە ، کردنەوەی خول و تەرخان کردنی پاداشت و بێك هێنانی گەشت (سفرات)ی وەرزشی .. ئەمە چکە لەوەی کە لایەنی ڕاگەیاندن (اعلام) وەك تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤاری وەرزشی زۆر گرنگە و دەبێتە هۆی گەشە کردنی وەرزش .

– مامۆستا نیازتان هەیە واز لە وەرزش بهێنن ؟

● من ئێستا مامۆستای وانەی وەرزشم لە قوتابخانەی ئاکۆ لە رانیە و لەو مەودایە دا خزمەت بە ساوایانی ئەم شارە دەکەینم کە ئەمەش لەگەڵ هەموو تەمەنم دا ئەریەو هەتا لە ژیاندابم خۆشەویستی (تۆپ) هەر دەمێنێ و ئەو گیانە پیرۆزە لە خۆیتم دا ئاوەتەوە .

– دوا ووتەی بەریزتان چیە ؟؟

● سوپاس و ڕێزمان بۆ بەڕێوەبەر و نووسەرانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کە هەستی ئاسکی لاوانی کوردیان فەرامۆش نەکرد و بەشێکیان لە ڕۆژنامە تاقانەکەی هاوکاری تەرخان کرد بۆ وەرزش و لاوان ، کە هیواخوازین فراوانتری بکەن لە ئایندە دا . .

– سوپاس بۆ تۆ مامۆستا !

● سوپاس ، بۆ تۆمش . .

● **نیازی حمە عزیز** ●
– رانیە –

تۆپی دەست

● لە ساڵی ۱۹۳٦ دا یەکەم پاڵەوانێتی بۆ یاری تۆپی دەست سازدرا ، تیایدا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بوویەوە و بوو بەیەکەم پاڵەوانی ئەم یاریە ، ئەو کاتەش هەر تیپێك لە ۱۱ یانزە یاری زان بێك هاتبوو .

● لە ساڵی ۱۹۷۲ دا بۆیەکەمجار یاری تۆپی دەست چووە نێو یاریی‌یە ئۆلۆمپیەکان‌لە خولی میونخ ، یاری زانەکانیش کەم کرانەوە بوون‌بەحەوت یاری‌زان .

● لە ساڵی ۱۹۷٦ دابۆیەکەم جار تیپی ئافرەتان بۆ تۆپی دەست بەشدار بوون لەیاری‌یەکانی ئۆلەمپی لە خوولی مونتریال .

● لە ساڵی ۱۹۸۰ دا لەخوولی ئۆلەمپی لە مۆسکۆ دوا یاری تۆپی دەست ڕووی دالە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای دیمکراتی ، ئەم‌یاری‌یە لە کاتی دیاری کراوی خۆی تەواو بوو بە بەرامبەربەڵام دوای ئەوەی ماوەکەی زیاد کرا لە لایەن ناوبژیوان ،ئەڵمانیا بردیەوە بە (۲۳)گۆل بەرامبەر (۲۲) گۆل ئەوەی‌شایەنی باس بێت یاری تۆپی دەست سەرەڕای خوشەویستیەکی گەورەی هەیە لە لای جەماوەر لە ئەوروپادا ،هێشتا لە زۆر لە وڵاتانی جیهان ئەناسراوە ، بەڵام‌وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەلات بەتەواوی دەستیان گرتووەبەسەر ئەم یاری‌یەو ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەم‌مەیدانەدا .

حاتم سمین عزیز
دووز – گەرەکی کۆماری

تیپی وەرزشی شادان

تیپی وەرزشی شادان بەکیکە لەو تیپە وەرزشی‌یانەی تا وەکو ئێستا شان بە شانی تیپە وەرزشی‌یەکانی تری قەڵادزێ هەنگاوی ناوە لە بواری گەشەکردن‌و مەشق‌کردندا چەندە هایاری زانی بە توانای لێ دەستنیشان دەکرێ .

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە چاومان بە برای وەرزشەوان (جبار عمر کەریم) کەوت وتی :

تیپی وەرزشی شادان لە ساڵی ۱۹۷۸ دامەزراوە چەندەها پێش بڕکێی لە یاری‌یە دەوری‌یەکان کردوە پلەی (۳) هەمی بە دەست هێناوە لەگەڵ زوربەی تیپە وەرزشی‌یەکانی شارەکانی تردا ئەنجامی باشی لێ چاوەڕوان کرا . لەوانەش سەرکەوتنمان بەسەر .

تیپی وەرزشی (سەیوان لە لەڕانیە) چوارقورنەو هەڵبژاردەی کۆیەووە دوا جار سەرکەوتنمان بە سەرتیپی ناشتی لە سلێمانی .

زوربەی یاری چریەکانی پێش‌کەش بە تیپی هەڵبژار دەکردوە لەوانە (کاك مصطفی احمد پیروت) (هوشیار جمال غریب)

جالە کۆتایی‌دا زۆر سوپاسی کاك فرهاد محمود رشیدو فریدون محمودیان کرد بۆ یارمەتی دانیان .

ئامادە کردنی
ڕیبوار محمد یوسف

وێنە بە بادەو

● بەیروت : دوو وێنەباری نوردوگاکانی صبراو شاتیلاو برج البراجنە پیشا دەدات لە ئەنجامی گەمارودانیان لەلایەن چەتەکانی ئەملەوە .

● نیودەلهی : وێنەی‌هەندێ لە خێزانەکانی ئەوانەی لە کارەساتی کەوتنی فرۆکە هیندستانیەکەدا لەناوچوون .

Institut kurde de Paris

لە بەر – پاشماوە

عەرەبیدا . پەرەپێدانی نەتەوەی عەرەبی تووڕە لە ژیانی پاشکەوتن‌و دەست بەسەراگرتن چونکە بیروباوەڕی بەعس لەکاتی خەباتی نەتەوە کە دووچاری پاشکەوتن‌و دەست بەسەراگرتن‌و لێك جیا بونەوە ببوو سەری هەڵدایەوە بۆیە خەباتو تێکۆشانی لە پێناو گۆڕینی واقعی عەرەبی بوو لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی نەتەوایەتی سۆشیالیستی . لە دایك‌بوونی بەعسیش لە ئەنجامی پێداویستی مێژوویی بوو چونکە بەعس نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی پێك بەستەوە هەڤال میشیل عفلق دووپاتی ئەکاتەوە کە « حزب زۆر بە بیروباوەڕێکی قوڵ‌و زینووو نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی پێك بەستەوەو ڕێگای بران‌و ماوەشی لە نێوانیاندا نەدا چونکە قەت نەتەوایەتی ناگاتە مرۆڤایەتی ئەگەر لەسەرەتادا بە لێك جیایی لە ئەڵەم بدرێت یا خود بکرێت بە قۆناغێك ، مرۆڤایەتی لە نەتەوایەتی‌یە نە لەبەریەتی نە لە دواوەیەتی ، نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی نیە بەڵکو نەتەوایەتی مرۆڤایەتی » هەروەها هەڤال میشیل عفلق ئەڵێت :

« هەرچەندە لە خۆمان نزیك بینەوە لە مرۆڤایەتی نزیك ئەبینەوە هەرچەندە لە خۆمان دڵنیابین زیاتر لە خەڵکی کە نزیك ئەبینەوە » .

ئەمەیە بیروباوەڕی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەروەك هەڤال میشیل عفلق پەنجەی بۆ درێژ کردووە کە دژوار نیە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەك کە لە نیشتمانی عەرەبیدا ئەژیت .. ئەمەش لە بیروباوەڕو واقعیەتی حزب هەڵقولاوە کە هەموو هەڵوێستو بیروباوەڕو ئەدەبیاتی لە کۆنگرەی دامەزراندنەوە دووپاتی ئەم ڕاستیە ئەکاتەوە .. پەیوەندی ڕاستو دروستی نێوان حزبی بەعس‌و نەتەوەو کەمە نەتەوایەتی‌یەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا .. وە پەیوەندی بەعس لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندیەکی تەکتیکی یا کاتی نیە بەڵکو لە بیروباوەڕە هەڵقولاوە لەسەر بنچینەیەکی پتەو هەروەك ڕابەری لێهاتوو صدام حسین ئەڵێت :

« کورد گەلی ئێمەیە ئێمە بەتەنگەوەین لەسەر دووارۆژی » وە « بەعس حزبی گشت عیراقیەکانە لە هەرچی نەتەوەو ئایینێك بن » هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایی حزبیش دووپاتی ئەم ڕاستیەی کردەوە ، حزب دووپاتی کردەوە ، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە عیراقدا سەرەڕای هەندێ خاڵ‌و لایەنی کۆنەپەرست کەسەر بەدام‌و دەزگاکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستن لە ناوەڕۆك‌و بنچینەوە بزووتنەوەیەکی نەتەوایی‌یە لە سنووری داواکردنی مافی ڕەوای نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عیراق لەسەروبانەوە ئۆتۆنۆمی ، کەلەم چوارچێوەیەدا بەشێکە لە بزووتنەوەی نیشتمانی لە هەرێمی عیراقدا » حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست حزبێکی نەتەوایەتی مرۆڤایەتی‌و سۆشیالیستی‌و دیموکراتیە بۆیە ئاسایی‌یە کە باوەڕی بە مافی ڕەوای گەلی کورد هەبێتو لە پێناو زامن کردن‌و دابین‌کردنی خەبات بکات .. چونکە حزبی بەعس حزبێکی نەتەوایەتی‌و باوەڕی بە مافی نەتەوەکانی‌تر هەیە بۆیە هەوڵی گەشەسەندن‌و پەرەپێدانی مافی ڕەوای نەتەوایەتی کردو کوردەکانی لە ڕێبازی بەرێوەبەرێتی دەسەڵاتدا بەشدار کرد ئەنجامەکەش بۆ حزب زۆر ئیجابی بوو لە ئاسۆی پتەوکردنی پایەو دەوری لە کۆمەڵدا ، هەروەها داڵانی چوارچێوەی گشتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی .

— **مامەتی** —

لە یادی – پاشماوە

نەفامی داگیرکەراندا ئەوەیە ئەمەیان لەکاتێکدا کرد کە دیلی بەریتانیایی هەمەن لای شۆڕشگێڕەکان‌و ئەمان بەرامبەر خرابەی داگیرکەرانیان چاکەو بەزەیی زیاتریان نەکرد لەگەڵ دیلەکانا .

★ بەیاننامە شۆڕشگێڕانەکان

سەرکردایەتی‌ی شۆڕش هەندێ لیژنەی لە هەندێ لەو شوێنانەدا دامەزراندبوو کە لە شۆڕشدا بوون بۆ ئەوەی بەهۆیانەوەو بەهۆی خەڵکی ترەوە دەنگوباسی چالاکی‌یە سوپایی‌یەکان کۆبکەنەوەو بەرری‌کەنەوە بۆ سەرکردایەتی‌ی گشتی لە نەجەف‌و لەوێ لیژنەی پروپاگاندە ئەم دەنگوباس‌و ڕووداوانەی چاپ دەکردو بڵاوی دەکردنەوە لە بەیاننامەی نووسراودا . زیارەتکەرەکانی نەجەفیش دەورێکی گەورەیان هەبوو لە دابەشکردنی ئەم بەیاننامانەدا لە شارو دێهاتەکانی‌تری وڵاتداو ئەم بەیاننامەو ڕاگەیاندنانە هەر تەنها دەنگوباس‌و ڕووداوی شۆڕش نەبوون بەڵکو زۆر شتی‌تری وایشیان تیابوو کە دەماری شۆڕشگێڕانەی جەماوەریان گەرم دەکردو پاڵیان بە خەڵکەوە دەنا بۆ وەستان بەڕووی سوپای داگیرکەرداو لە هەمان کاتدا ئەو شێوانەی دەردەخست کە داگیرکەران بەکاریان ئەهێنا بۆ لەناوبردنی دانیشتوانی لە هەموو لایەکی وڵاتداو توانیمان ۱۳ لەم بەیاننامەو ڕاگەیاندنە شۆڕشگێڕانەمان دەستکەوێ شی‌کردنەوەو لێکۆڵینەوەیان بە تیرو تەسەلی کاتێکی‌تری دەوێ .

★ یادگارە خۆشەویستەکە

وا بەبۆنەی ٦۵ یادگاری شۆڕشی نەمری بیستەوە ڕۆژنامەکانی شتێکی پرشنگدار دەبن لە مێژووی عیراقداو جێی شانازی دەبن لە ناوچاوانی گەلی عیراقدا .

سڵاو بۆ یادی شۆڕشی ئازادیخوازانەی بیست کە گومانی تیا نیە یەکەم شەوق‌و یەکەم پزیسکەو یەکەم شۆڕشی باوباپیرانەو یەکەم هەنگاوە بە ڕێگای عیراقی تازەی ڕاپەڕیودا کە لە ڕۆژەکانیا دەژین لە سێبەری شۆڕشی ۱۷–۳۰ی تەمووزی مەزنداو بە سەرکردایەتی‌ی سەرەکی فەرمانده صدام حسین .

هەر جارەی نوسینێك

شۆڕشی بیستی نەمر

سەربەست شارباژێری

لە دوای سێ ڕۆژی تـرگەلی عیراقی مـەزن بەبۆنەی بیرەوەری ٦٥ ســـالەی‌شۆڕشی بیستی نەمـرەوە ئاهەنگ دەگێڕێ ، یادی ئەوشۆڕشە زیندوە دەکاتەوە ،کە رووناك ترین نیشانەیە لـەمێژووی هاوچەرخی گـەلی عیراقی مەرددا ، یادی ئـەوشۆڕشەی کە هەر لەگـەل ئاگری لەخوارووی عیـراق‌هەڵگیرسا ، لە کوردستانیش کڵپەی کردو بەربوە گیانـی‌ئینگلیزە داگیرکەرەکان .

شۆڕشی بیستی پیـرۆزمانایەکی گەلی بەبەهای هەیە لەژیانی گەلی عیراقـــداولەردوتی یەکیتی نیشـتمانی پتەویدا کە هەر لەو ڕۆژەوەوبە هەڵگیرساندنی ئاگری ئەو شۆڕشە ئەم گەلە مەزنە بـۆهەموو دنیای سەلماند کـەلی عیراق گەلێکە مل کەچی هیچ‌جـۆرە داگیرکەرو زۆرداری نابێ ، ئەوساو لـــــەوسەردەمەدا کە گەلێکی ڕووت و هەژارو بێچـەك بـوو ،مەردانە ڕابەری بـەرووی بەهێزترین دەســتەلاتی‌داگیرکەری جیهانـــدا لەوسەردەمەدا .

ئەمڕۆ کە یادی ٦٥ ساڵەی‌ئەو شۆڕشە مەزنە دەکەینەوە ،ئەو گیانی ئازایەتی‌و بـاوەربەخۆبوونەی ئەم گەلـــە سەرفرازە زیاتر خـــۆی‌دەنوێنێ .

ئەوانەی ناحەز بەعیراق‌وگەلی عیراقن خەیاڵیان خـاوە ئەگەر وا بیر بکەنەوە گوایـەلەرێگای ئەو شەڕەوە بەهوی خومەینی جادووگـــەرەوەبەسەریانا سەپاندوە دەتوانن مل بە گەلی عیراق کەچ بکەن،عیراقی ئەمڕۆ کە لە لوتکەی سەربەرزی‌و سەرکەوتندایە ،چۆن لە بەرەبەیانی میژووەوە توانیویەتی دوژمنەکانی‌بکا بـەپەندی زەمانە ، هەرنەوەکانی ئەوانەن ئەمە پینج ســـاڵەبەرووی درندە ترین گەردەلولدا وەستاون‌و وەك شورای‌بوڵاین بەرگری لەمێژوو بوون و سەرکەوتنەکانیان دەکەن .

یادی شۆڕشی بیستی ئەمرگیانی ئازایەتی‌و مەردایەتی گەلی عیراق پتەوتر دەکـاوبەکیتی نیشتمانی کـوردو عەرەب زیاتر دەچەسپێنێ‌وبەو پتەوی‌و بەویەکیتی‌یـە گومڕاکانی ئێران دەکەن بـەپەندو لوتیان لە زەلکـاوی شکاندنی هەتا هەتایـــی‌وەردەدەن .

عیراقی مەزن ، عیراقـی‌ڕۆڵەی هەڵکەوت‌و صـــدام حسین لەبادی ٦٥ ســاڵەی‌ئەم شۆڕشەدا دەزانێ چـۆن بەرگری لە میژووی پـــڕلەشانازی خۆی دەکـــات‌و زیاترو بـەرەو لوتکـــەی‌سەربەرزی زیاتر هەڵدەکشێ‌و بەتوانای لەبن نەهاتـــووی‌ناحەزەکانی بەناخی شکاندن‌و سەر بێ شوڕکردندا دەباتـەخوارەوە .

بۆیەکەمین جار لە عیراقدا

هەفتەی لاوان

نووسینگەی کاروباری لاوان لەیەکیتی نیشـتمانی لاوان‌و قوتابیانی عیـــراق بڕیاری‌داوە هـەفتـەی لاوان ساز بکات‌و ئەم کارەشـــ لەتەمـووزی ئەمســـاڵەوە دەبێت بە تەقلیدێکی ساڵانەو هەموو ساڵ دەکرێ .

لە نووسینگەی لاوانـــەوە ڕاگەیەنرا کە لەو هەفتەیەدا لاوانی عیراق لە هەمـــوو پارێزگاکانەوە لەبەغداد یەك دەگرن‌و چالاکی هەمەچەشنە سازدەکەن .

هەروەها ڕاگەیەنرا بەپێی باوەڕبوون بـەدەوری لاوان‌و ئەو ئەرکەی لەسەر شانیانە لـــە بیناکـاری نیشـتمان‌و بەرگری لێ‌کردنی ، یەکیتـی بڕیاری داوە هەموو ساڵی لە ١٥ی تەموزەوە بۆ بیســتی هەمان مانگ ئەم بۆنەبـــە دەگیرێ .

بۆ ئەم مەبەسـتە بەرنامەی فراوان دادەنرێ‌و لـــەو چالاکیانەی میهرەجانی یەکەمی شانۆی لاوان ســاز دەکرێ‌و زوربەی پارێزگاکانـی وڵات بەشداری تیا دەکەن هەروەها میهرەجانی گۆرانی سیاسی‌و لـەم ماوەیـەوە بـەهـرەی لاوە کانمـان پـێ دەگـاو بەجەماوەر دەگەیەنرێ‌و لـەم میهرەجانەشدا دیـان هەموو پارێزگاکانی وڵات بەشـداری دەکەن دیسان نوردوگایەك بۆ پەیکەرتاشە لاوەکان دەکرێتە ســوە کە لـە ١٧ی تەموزەوە دەرگای دەکرێتەوە .

بەهۆی ڕۆشنبیری لـــە یەکیتی گۆری ڕۆشـــنبیری ساز دەکا کە تیایاندا وتـارو چیـــرۆك‌و شـــیعری لاوان پێشکەش دەکرێ .

لەلایەکی ترەوە بایەخ بـــە بەهرەی ئازانستی لاوان دەدرێ سەرهەڵای چالاکی وەرزشی‌و چلیوەرێ دەکرێ هەفتـــەی لاوان گەورەترین نومایش بۆ خۆشەویستی نیشتمان‌و گەل و سەرکردەی ســـەرکەوتن صدام حسین زیاتر دووپات بکاتەوە .

کۆچی دوایی

هونەرمەند حقی شبلی

هەفتەی ڕابـــوردو هونەرمەندی گەورەو دامەزرێنەری شانۆی‌عیـــراق‌و نەقیبی هونەرمەندان حقـی شبلی گیانی پاکی بە یەزدان سپارد .

ئەم هونەرمەندە نەمـــرە تەمەنی خۆی لەپێنـــاوی شانۆیی عیراقدا بەخشـــی‌و بەردەوام لە بەخشـدا بـوو کە تەقەللای هونەرمەندانەی شانۆیی عیراقی بەرز کردەوەو کۆچی دوایی جێگای دڵتەنگی هەمووان‌و هونەرمەندانـــی شانۆیی عیراق بوو بە تایبەتی.

جیهانی سینەما

● باوکی دووەم

«باوکی دووەم» ناونیشانی ئەو زنجیرە تەلەفزیونیەیە کە لەمیسر تۆمار دەکرێ‌و باس لـــە باوکایەتی‌و پەروەردەی منـــدال دەکـــات‌و دەوری سەرەکی دراوە بە ئەکتـەرە سینەماییە ناسراوەکانـــی میسر وەك مێرفیت امیـن‌و صفیە العمری‌و کرم مطاوع .

● پاشە ڕۆژی ئافرەت .

ئەکتەری ناسراوی ئیتالیا ئۆرنیلا مۆتی دەوری بانەوانی لە فلمێکی نوێدا دەبینی کـە ناونیشانی «پاشـــە ڕۆژی ئافرەت»ە ئەم فلیمە چاودێری دەکرێ لەماوەی مانگـــی داهاتوودا تەواوبێ .

هاوکاری

دەزگای
ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی
کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

جیهانی منداڵان

باوکی‌کارزان
نامادەی کردووە

چیرۆکی یەکەم : قافلە جنۆکە

سەردەمێك فیل پاشـــای گیان‌لەبەرەکان بـــــوو . ڕۆژێك هەموو گیان‌لەبەرەکان کۆنەکاتەوە بەلام قافلـــــە جنۆکە درەنگ ئەگاتەجێ .

پاشا تووڕە ئەبێت : ـ

ـ بۆچی دوواکەوتی ؟ لـە کوێ بووی ؟؟

قافلە جنۆکە وتی :ـ

ـ گەورەم لە بەیانیەوە لـە ماڵ دەرچووم هەتـــا زوو بکەمە لات بەلام ڕێگاکە زۆر دووربوو منیش تەنیا لە سەر یەك قاچ ئەڕۆم بۆیە دووا کەـ وتم. هەروەها لە بـــاران‌و سەرماش ترسام ، گەڕامەوە بۆ ماڵ شتێك لەبەرکەم لەشم داپۆشێت کەچی خۆلـــی گوێسە بانەکە چووە نـــاو چاومەوەو ئیتر زۆر بـــەـ زەحمەت ڕێگەم ئەکرد .

کاتێ فیل گوێی لـــە بەسەرهاتی قافلە جنۆکە بوو پێکەنی‌و وتی :ـ

ـ کەواتە لە ئێستا بـــەـ دوواوە بێویستە چاوەکانت بچنە قەد شاخە کەڕۆکەکانی تەوقی سەرت بۆ ئەوەی چیتر خۆل نەچێتە ناویانـــەوە ، سزای دوواکەوتنە کەشـت ئەوەیە لەئێستا بـــەدوواوە ئەبێ ماڵەکەت بە کـــۆڵ هەڵگری .

لەو ڕۆژەوە قافلە جنۆکەی بەسزمان چاوی چۆتە قـەد شاخەکانی‌و بـۆ هەرلایەکیش بچێت ماڵەکەی بـــــە کۆڵیەوەیە .

چیرۆکی دووەم : نادەمزادو سەگ

ڕۆژێك لـە ڕۆژان سەگ بـڕیـار ئـەدات بـــە دوای هاوڕێیەکی بەهێزو ئـــازادا بگەڕێ ، کاتێ دەچێتـــــە سەردانی هەندێ لەگیـــان لەبەرەکان هەموو ڕادەکـــەن چونکە لە وەڕە وەڕەکـــەی دەترسێن .

سەگ بڕیار ئەدات مانگا بکاتە هاوڕێ بەلام کە ئێوارە هات سەگەکە بەربـــووە وەڕین‌و مانگاش وتی :ـ

ـ ئەگەر لەسەر ئـــەم وەڕینە بەردەوام بیت گورگ پێمان ئەزانـــێ‌و هەردووکمان ئەخوات .

سەگ تێگەیشت کـــە گورگ لە مانگا بەهێزترە بۆیە جێی ئەهێڵێ‌و ئەچێتـــە لای گورگ ، بەلام ڕۆژێك ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کـە گورگیش لەشێر ئەترسێ بۆیە ئەمیش بەجێ ئەهێڵێ‌و ئەچێتـــە لای شێرهەتا بیکاتە هـــاوڕێی خۆی .

کـە ئێوارە داهات سەگ لەسەر پیشەی خۆی بەربووە وەڕین‌و شێر پێی وت :ـ

ـ هاوڕێ .. بەسیەتی ، ئەگەر ئادەمزاد گوێی لـــە وەڕینەکەت بێت دێـــــت‌و هەردووکمان ئەکوژێت ..

لەمەدا بۆی دەرکەوت کـە ئادەمزاد لە شێر بەهێزتـــرە بۆیە شێر بەجێ‌ئەهێڵـــێ‌و ئەمجارە ئادەمزاد ئەکاتـــــە هاوڕێ .

کە ئێوارە داهات دیسانەوە سەگ بەربووە شـــــین‌و شەپۆڕو وەڕە وەڕ ، کاتـــێ ئادەمزاد گوێی لێبوو لـــە ماڵەکەتە دەرەوەو وتی :ـ

ـ ئەی سەگەکە ..وادیارە برسیتە ...وەرە ئـــــەم باشماوانە بخۆ . لێـــرەدا سەگ بۆی دەرکەوت کـــە ئادەمزاد زۆر بەهێزە بۆیـــە هەر لەو ڕۆژەوە بوونەتە دوو هاوڕێی دڵسۆز .

کورتە چیرۆك بۆ .. منداڵان ..

لەملاو لەولا

ڕووبەکی جوانتر

زانستی گۆرینـــی ڕووی ئادەمیزاد بەعملیاتی پزیشکی بایەختیکـی زۆری پێدەدرێ‌و کاریکی ڕوو لە سەرکەوتنـــە لەم دوایەدا ئافرەتی لـــــە ئەمەریکا ناوی (میلفن زفن)ە هەر لە منداڵیەوە تووشـــی چەندان گرێی نەفـی بـوو بەهوی دەرپەرینی دانەکانیەوە خوارو خێچی جەناگـەی .. بەلام بەهوی ئەم داهاتـــــە نوێیەوە توانـی ڕووی وەك ئافرەتێکی ئاسایی لێبکرێ‌وەك لەوێنەکانی سەرەوەدا دیارە .

● **تۆتۆمۆبیلی سێ تایە :** تەنیا بەمنداڵی پاسکیلی سێ پێچکەو تۆتۆمۆبیلـــی وادروست دەکرا ، بـــەلام ئێستا تۆتۆمۆبیلی ئاسایی‌و بۆ گەورە بەسێ تایە داهاتووە ئەمە داهاتێکی نوێیە لـــــە جیهانی پێشـــــەسازی تۆتۆمۆبیلدا کە جێگا کـــەم دەگرێ‌و کەم مەســـــرەفەو بەوزەی کارەباش کار دەکات‌و خێرایی ئاسایی ١٥ میلە لـە سەعاتێکداو بۆ ڕێگای کورت لە جیاتی پاسکیل بەکاردێ .

لە ئینگلیزیەوە بەتایبەت بۆ «هاوکاری» وەرگیراوە

ئەم هونەرمەندە ژیکەلەیە

لەشاری هەولێری دێرین‌و لەگەرەکی شۆرش ، ئـــەم بەهرەمەندە ژیکەلەیـــە زۆر بەتاسەوە خەریکی پێکەیاندنی بەهرەکەیەتی‌و خاوەنـــی دەنگێکی خۆش‌و زوڵاڵە .

ناوت چییە ؟

(بلند عبدالله امین صالح)

ـ تەمەنت چەندە ؟

تەمەنم شەش ساڵەو لەـ بۆلی یەکەمی سەرەتایی ئەم ساڵ بەیەکەم دەرچووم .

ـ چالاکی هۆنەریت هەیە ؟

بەلی لە ٢٦ـ٣ـ١٩٨٥ لـە هۆلی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر بەشداری ئاهەنگم کرد بەسێ گۆرانی (سەیـــدم . ڕەیحانێ ، خانمێ)

لە ٧ـ٤ـ١٩٨٥ لەهەمان شوێن جارێکی تریش ڕووبەـ ڕووی جەماوەری شـــارە خۆشەویستەکەم بوومەوە .

ـ جگـە لەگۆرانی حەزت لەهیچی‌تر هەیە ؟

بەلێ زۆر حەزیشم لـــە ڕەسم‌کردن‌و خۆش نوسـی‌و خوێندنەوی بەرهەمی منداڵانە

ـ حەز دەکەی لەداڕۆژدا ببی بەچی ؟

ئەگەر لەکارەکەمـــــدا بارمەتی بدرێـم ، هیوادارم ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان تەواو بکەم ، تامنیش بتوانم خزمەتی گـەل‌و نیشتمانەکەم بکەم .

عمر محمد امین

● شیعر بۆ منداڵان

خوێندن‌و کار

● دایکی سۆلاف ●

قـوتـابخـانـە داخـــرا
پشـــوی هـلوین نـاونـرا
من قـوتـابی بـەتـوانـام
لـە گـەورەیما زانـــام
کـارو خـوێنـدن‌و هـونـەر
بـەرو بوومیـان دێتـە بـەر
تـا بتـوانـم هـەوڵ ئـەدەم
کـاتـم بـەفـیـڕۆ نـادەم
بـە شـەوان ئەخوێنمەوە
مێشـکم ئـەیوژێنمەوە
ڕۆژیش بـەکـارو هـونـەر
ژیـانـم ئـەبـەمـە سـەر
پشـوی هلوین کەلکی زۆر
وەر ئەگـرم هی جۆر بـە جۆر

هاوڕێیانی نوێ

احمدو حسین

هێرش طارق

نور الدین

رەنجبەر بلال

کۆسار حمە سعید

عبدالقادر صلاح

Institut Kurde de Paris